خالید ئێرتوغروڵ

دوزجیەی محمّدی

چاپی دوانزەیەم

دوزجیی
محمد

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی ڕۆمان: محەمەدی دوزجەیی

نووسەر : خالید ئێرتوغروڵ

وەرگێڕ : گۆنا غەریب

داڕشتنەوەی و پێداچوونەوەی: أحمد طاهر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە (٧١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ی پێ دراوە

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

بنکەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا – سلێمانی / شەقامی پیرەمێرد

0770 358 7100 - 0750 106 9589 - 0748 013 4669 ara.m@hotmail.com

©سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

ی ڕێکەوتنی فەرمی نێوان ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا و دەزگای بەرهەمهێن و نووسەوە، ناوەندەکە ڕێ

ات بە لەچاپدانەوە و کۆپی کردن یاخود دابەزاندنی لە سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، یاخود خست

سەرشێوازی دەنگ بۆ میدیاکان بەهەر شێوازێك بێت. سەرپێچیکاریش تووشی سزای یاسایی دەبێت.

پێشەکی

لەم سەردەمەماندا، یەکێك لە گرنگترین کێشە و پرسەکانی کۆمەڵگاو خێزانەکان: (کێشەکانی گەنجێتییە). هەموو خێزانێك کەم یان زۆر ئەم کێشەیەیان هەیە. ئەو کەسانەی کە چاوەڕوانییەك، سوودێك یان ئامانجێکیان لە کۆمەڵگا هەیە، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەیان بەزۆری گەنجەکان بەکاردەهێنن.

هەر لەبەرئەمەشە کە گەنجان بەرەو جۆرەها زیان و خراپەکاری کەمەندکێش دەکرێن و تێوە دەگلێنرێن..

لە خواردنەوەوە بگرە تا بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان، لە نکوڵیکردن لە بەدیهێنەرەوە تا ئایدیا نەزۆکەکان، لەدونیای تاریکەوە تا ڕابواردنی ئاشکرا، هەریەك لەمانە جۆرە چالاکییەکی زیانبەخشن کە بەدەستی گەنجەکان بەڕێوەدەبرێن، بە کورتی کۆمەڵگا و خێزانەکان تا ئەوپەڕی سنوور گیرۆدەی گرفت و کێشەی گەنجانیانن و لە ئاستیاندا شپرزەن.

لەم ڕۆژگارەماندا، دوو مەترسی ئاشکرا چاوەڕێی گەنجانن:

یەکێکیان: تەوژمی ئینکاریکردن و بێ باوەڕی.

دووەمیشیان: بۆ ئامانج بوون یان بێباکی و بێ یاسایی و بیرۆکەی (بەمن چی)یە یە. هەردووکیشیان دوو پێشهاتی ئەوتۆن کە کرۆکی کۆمەڵگا و ئاسایشی وڵات سەرەو ژوور دەکەن. لەبەرئەمە یەکێك لەگرنگترین کێشەکانی ئەمڕۆمان ئەوەیە گەنجێك کە ئیمانی لەدەستداوە و لە ژیان تۆراوە و لە کۆمەڵگا یاخی بووە، ئەمە چۆن بگەڕێندرێتەوە ئامێزی کۆمەڵگا و چاکسازی لەتەکدا بکرێت؟! وا ئەم کتێبەی بەردەستتان، (محەمەد دوزجەیی) چارەسەرەکانی ئەم کێشەیە و ڕێگەکانی ڕزگاربوون لێی نیشان دەدات. محەمەدی دوزجەیی بەسەرهاتی گەنجێکی نێو گێژاوی بێباوەڕی و بەرەڵایی دەگێڕێتەوە، کە تا ئاستی زیان گەیاندن بەکۆمەڵگا سەری دەکێشا، دواتریش چۆنیەتی ڕزگاربوونی باس دەکات و، چەندەها ڕووداوی بێدارکەرەوەی پڕ لەپەندمان پێشکەش دەکات. لەساتەوەختەکانی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا کە سەرانسەر ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەگرێتەخۆ، هەم چارەسەری کێشەکانی گەنجان دەدۆزیتەوەو هەم لە تاسەو جۆش و خرۆشی ڕووداوەکانیدا ئەسرینەکانت پێ ڕاناگیرێن، لەڕێگەی ڕووداوەکانی زانکۆو لەڕێگەی بومەلەرزەکەی دوزجەوە، محەمەد دوزجەیی چەندەها ڕووداوی لەیادنەچووتان پێدەبەخشێت، بە هیوای سوود پێگەیاندنتان..

نووسەر

٢٠٠٠/٥/١٥

ساڵی نوێی خوێندن دەستی پێکردەوە

مامۆستابووم ...

تازە قوتابخانە و زانکۆکان کرابوونەوە ...

لە بیستەمین ساڵی ژیانی پیشەییمدا بووم، لەگەڵ هەرجارێکی کردنەوەی قوتابخانەدا، سەرلەنوێ لەنێو ئەو خۆشی و کەیفە بێ ئەندازەیەدا دەژیام، بەتامەزرۆیی دووبارە لەهەرێمەکەمدا دەژیام. ئەمە جۆرە چێژو خۆشییەکە باسکردنی بۆکەسێك کە مامۆستایەتی نەکردبێت کارێکی ئەستەمە. بێجگە لە مامۆستا هەرگیز هیچ کەسی دی لەمانای حەسرەت و یادکردنی خوێندنگا و، هاوپیشەکان و قوتابییان تێناگات. قوتابخانەو مامۆستا و قوتابی، هەرگیز لەیەکتری دانابڕێن و جیانابنەوە. ناتوانرێت بەشێوەیەکی جیا بیریان لێبکرێتەوە، هەموویان تەواوکەری یەکترن و دابڕینی یەکێکیان لەوی تریان کارێکی مەحاڵە ئەمەش لێکدانەوەیەکی ماددی نییە، ئەمە مامەڵەیەکە، ئەویندارییەکە، حەسرەتێکە، دڵێکە، ئیکسیرێکی شادی بەخشە. جا ئەبێت قوتابی بۆ مامۆستا چی نەبێت؟!! قوتابی بۆ مامۆستاکەی خۆشی ژیانی و خۆڕاگریی ژینە، کە وەك پارچەیەکە و هەرگیز لێی جیانابێتەوە. جا کاتێك مامۆستایەك لەم کەشە دادەبڕێت، ئەوا دونیاکەی ڕووخێنراوە.

مامۆستای شاعیر مەگەر لەخۆڕا گڕی گرتووە؟! کە دەڵێت:

ئـــــــەوان هـــــــەموو شـــــتێکی مـــــــنن
ئـــــــــاوی ژیـــــــــانم، نـــــــــانم
لەگوڵـــــــــــدانی دڵمـــــــــدا کـــــــــراوەن
ڕەنـــــگ، ڕەنـــــگ، نەخشـــــە، نەخشـــــە
گوڵـــــــــە بـــــــــۆن میســـــــــکەکانم...
ئـــــــەوان هـــــــەموو شـــــتێکی مـــــــنن
دوعاکـــــــــــــــانم، ئاواتـــــــــــــــەکانم
ئـــــــەی خودایـــــــە جیـــــام مەکـــــــەرەوە
ئەوانـــــــــە فریشـــــــــــتەی مـــــــــنن

لەژیانی مامۆستاییمدا بۆ بیستەمین جار بەهەمان پەرۆشی و هەمان هەستەوە بەکۆلێژ و قوتابییەکانم شادبوومەوە. ئەو خۆشییەی کە باس کردنی مەحاڵە کاریگەریی ئەوەندە مابووەوە، بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێت هەروەك ئەوەی کە بمەوێت هەموو قوتابییەکان بەجارێك لەباوەش بگرم، کە چوومە کۆلێژ هەستم بەکردنەوەی ئامێزم کرد، هەروەك بڵێی لەو کاتەدا هەموو ئازار و ناڕەحەتی و خەمەکانم کۆتایيان هاتووە، کەسێك کە لەو کەش و هەوا ئەفسوناوییەی ئەو کۆلێژەدا ژیابێت، ئایا دەتوانێت لە جێگەیەکی تردا بۆ نان و ئاو و هەوا و خۆشی بگەڕێت؟؟

دووباره هەروەك مامۆستای شاعیر دەڵێت:

مـــــن لــــــە قوتابخانـــــەدا لـــــەدایكبووم
لەگـــەڵ گـــوڵ و گوڵەباخەكانـــدا گـــەورە بـــووم
لەگـــەڵ ئەوانـــدا گریـــام، لەگەڵیانـــدا پێكـــەنیم
ئـــەو دەســـتانەی كـــە بـــۆ خـــوا بـــەرز دەكرێنـــەوە
هەســـــــتە پاكـــــەكانی نـــــاو دەروونیـــــان
ئـــا ئـــــەوەتا، ســــــەرمایەی مـــــن، خـــــەڵاتم
ئـــەی ئـــەو منداڵانـــەی كـــە فێـــرم كـــردوون
لەســـەر كێلـــی گۆڕەكانـــدا بنوســـن (مامۆســـتا)،
بـــــــەڵكو بـــــــێن و دوعـــــــا بكـــــــەن...

هەر لە یەكەم وانەدا، ڕووداوێكی سەیر

بە سەرلەنوێ ژیانەوەی ئەم هەست و نەست و سۆزانەوە، خۆمم لەیەكەم وانەمدا بینییەوە. گەنجە خوێن گەرمەكان كە تازە لە زانكۆ وەرگیرابوون، لەچاویاندا بریسكەیەكی شـەرمنی و بێ ئارامییـەكی شیرین و، خرۆشی بوونە خوێندكاری زانكۆ دەخوێنرایەوە، ئەم پۆلەی كە لەپەنجا قوتابی پێكهاتبوو زیاتر لـە نیوەیان كـوڕ بـوون و ئـەوانی تـریش كـچ. سـەرەتا خـۆمم پـێ ناسـاندن، بـۆ ڕەواندنـەوەی نـامۆیی خوێندكارەكان دەستپێكێكم پێشكەش كرد، بەباسكردنی قوتابخانە و

خوێندن و گرنگیی بەدەستهێنانی زانکۆ لەم سەردەمەدا. هەوڵمدا ڕێزێك بەقوتابییەکان ببەخشم، بەتایبەتی باسی ئەوەم بۆکردن کە پێویستە نە لە وانە و نە لە تاقیکردنەوەکان نەترسن، ئەگەر بە ڕێکوپێکی و بە بەردەوامی هەوڵبدەن سەرکەوتنێك بەدەست دەهێنن لەسەروو ئەوەی کە خۆیان چاوەڕێی دەکەن. بەهۆی ئەم گفتوگۆیەوە بینیم کە قوتابییەکان، ئەگەر بەشێکیشیان بێت، لەم ئەندێشەو سەغڵەتییە ڕزگاریان بوو. پاشان قوتابییەکان یەکەیەکە خۆیان ناساند، هەرقوتابییەك ناو، نازناوی خۆی وت و وتیشی کە خەڵکی چ شارو ناوچەیەکە، هەروەها باسی ئەوەی کرد کە بۆچی (مامۆستایەتی) هەڵبژاردووە.

لەکاتی خۆناساندنەکەدا، قوتابییەك کە ناوی خۆی وت، ناوی محەمەدی دوزجەیی بوو، باڵابەرزو کەمێك پێستی ئەسمەر، قژی لەدواوە بەستبوو، گوارە لەگوێ، لەمل و قۆڵیدا خشڵی زنجیر هەبوو، سەرنجی ڕاکێشام. جل و بەرگەکەیشی ڕەنگی زۆر نامۆبوو، دیاربوو کە بەتەرزێکی نامۆ دوورابوو. لە دەم و چاویدا، لە ئاوازی قسەکردنەکەیدا هەستت بە سەرکەشیو زبرییەکی ئاشکرا دەکرد، کە ئەمە سەرنجی هەموو پۆلەکەی ڕاکێشابوو. دوای خۆناساندن، هەروەك لەسەرەتای هەموو ساڵێکدا ئەنجامم دەدا بۆ باسکردنی ئەوەی کەچیم لەخوێندکاران دەوێت و چاوەڕێی چییان لێدەکەم، دووبارە چوومەوە لای مێزەکەم و دەستم بەقسە کردو وتم:

"هاوڕێیان... دەمەوێت زۆر بە وردی گوێم لێڕابگرن، بەدرێژایی ئەم وەرزەی خوێندن و دەربارەی سیستەم و پابەندی پۆل هەندێك یاسا دائەنێین، ئەو بنەمایانەش کە پێکەوە دایاندەڕێژین دەیخەینە سەرشێوەی نووسراوێك و هەموو قوتابییەك واژووی خۆی لەخوارەوە دەکات. هەموو پێکەوە بەبێ دەستبەرداربوون لەم بنەمایانە پەیڕەویان دەکەین. بنەماکانیش ئەمانەن: ئەو کەسەی پێنج خولەك لەوانە دوابکەوێت ناکرێتە ژوورەوە، پاش بەکاربردنی مافی دەوام نەکردنی مۆڵەت دراو، تەنها بۆ یەك جار مۆڵەتێکی زیادەی دەدرێتێ، پێکەوە وانە ئامادە دەکەین، پێکەوە شی دەکەینەوە و تاوتوێی دەکەین. تاکو مۆڵەت وەرنەگیرێت نابێت قسە بکرێت. کاتێك یەکێك لەپۆلدا قسە دەکات، هیچ کام لە قسە پێبڕین، خۆتێهەڵقورتاندن و، کاردانەوەی ڕەق یاخود بوونە بەربەست لەبەردەم گوێ نەگرتنی کەسانی دیدا ڕوونادات. بۆ هەر بیروبۆچوونێك و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنێك ڕێز دادەنرێت. دەرگای ڕەخنەگرتن بۆ هەموو کەسێك کراوەدەبێت. بەهۆی ڕەخنەگرتنەوە قسەی ڕەق ناکرێت و هەرکەسێك ناڕەحەتییەك یان کێشەیەکی هەبێت، لە بابەتێکی ماددی یاخود مەعنەوی دەبێت بە مەبەستی یارمەتی، هاوڕێکانی یاخود مامۆستاکەی ئاگادار بکاتەوەو دەستەی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنرێت.

کتێب خوێندنەوەو ڕافەکردن و شیکارکردن ئەنجام دەدرێن. ئەوکەسانەی کە بڕیارەکان پیادە ناکەن بە کۆی دەنگی پۆل سزا

دەدرێن. هەروەها ئەو قوتابییانەی کە سەرکەوتوو دەبن بە کۆی دەنگ خەڵات دەکرێن و بڕیارەکانیش بە ڕای زۆرینە دەدرێت. دەمەوێت بەباشی ئەم بڕیارانە هەڵسەنگێنین و بڕگە بەبڕگە تاوتوێی هەرهەموویان بکەین، ئەوانەیان کە بەگونجاویان نازانن، ئەگەر پێویست بێت، دەتوانین لایان بەرین یاخود بڕگەی تریان بۆ زیاد بکەین، ئەو ماددانەی کە هەموو پێکەوە هاودەنگین لەسەریان بەشێوەی نوسراو دەیاننووسین و ئیمزای هەمووتان وەردەگرم، دەڵێن چی؟

هەندێك لە قوتابییەکان، لەوانەیە ئەمە یەکەم جاریان بووبێت کە ڕووبەڕووی حاڵەتێکی وا بووبنەوە، بێدەنگییەکی دیاریان پێوە دیاربوو، بەبێ ئەوەی دیار بێت کە چ جۆرە کاردانەوەیەك لە مێشکیاندا دروست بووە. محەمەد دوزجەیی کە لە ڕیزی ناوەڕاستدا دانیشت بوو، قژێکی درێژو دیمەنێکی زبری هەبوو، بێ مۆڵەت وەرگرتن هەستایە سەرپێ و وتی: (هەموو ئەمانە شتانێکی بێکەڵکن، ئەمە قوتابخانەی ناوەندی نییە، ئەمە زانکۆیە. مەگەر لێرەش لەسەر ئەم سیستەمە بێ کەڵکانەی ڕێکوپێکی یاساو بنەماو ڕێسا بەردەوام دەبین؟ ئێمە هاتووین بۆ ئێرە کە بەسەربەستی بخوێنین و بژین، ئەو شتەی کە زۆر ڕقم لێی دەبێتەوە و لێی بێزارم، ژیانە بەیاساو قەدەغە کراوەکانیەوە). دەنگی زیاتر بەرزکردەوە و وتی: (من هەرگیز ئەمانە قبوڵ ناکەم، یاساکان من دەگوشن و ئاسوودەییم لەناو دەبەن. ئەگەر

من سەغڵەت بکەن و نوقمی ناو یاساکانم بکەن ئەوا تەنانەت بۆ یەك ڕۆژیش لێرە نامێنمەوە) .

وای دەزانی بەمە کاری کردووەتە سەر دەوروبەرەکەی، بەهیوای هاوکاری کردنی چاوێکی بەدەوروبەریدا گێڕاو درێژەی بەقسەکانیدا: "وابزانم کە هاوڕێیانیش هەمان بۆچوونیان هەیە"، محەمەد هێشتا بەرپەرچدانەوەو پەڵپە ڕیزکردووەکانی تەواو نەکردبوو؛ قوتابییەکی تریش کە لەدوای دواوە دانیشتبوو بەهەمان شێوە بەڕەقییەوە وتی:

"هاوڕێ، ئێمەش مەکە بەئامرازی بۆچوونە ناچزەکانی خۆت. لەهەر شوێنێك کە مرۆڤی تێدا بژی بنەما و ڕێساش هەیە. ئێرە شاخ و کێو نییە. ئەگەر ڕێسا و بنەما و یاسا نەبێت چۆن ڕێکی و پابەندی خوێندن پێك دێت؟"

قوتابییەکی تریش هەڵیدایە و وتی:

" لە وڵاتدا دیموکراتی هەیە و بڕیارەکان بەهاوبەشی دەدرێن، لەڕاستیدا پێشنیاری مامۆستاکەشمان هەروابوو، هیچ کەس بەپێی کەیف و ئارەزووی خۆی حوکمی دەوروبەری ناکات و بڕیار نادات".

قوتابییەکی کچیش ڕەخنەی گرت و بەمەش بۆچوونێکی تری پێکهێنا: " تۆ مافی هیچ ڕەخنەیەکت نییە، سەیرێکی خۆت بکە، بەپێی ویستی خۆت لەبەردەکەیت و قسە دەکەیت. ئەی ئێمە کە ناچار دەکرێین سەرمان ڕووت بکەین؟ لەم بابەتەدا ئەوەی کە پێویستە قسەبکات ئێمەین نەك ئێوە".

محەمـــەد دوزجـــەیی ئـــەو خوێنـــدکارە ڕیزپـــەڕە، بەرامبـــەر ئەوکاردانەوەیەی کە چاوەڕێی نەدەکرد سەرسام مابوو. لەکاتێکدا کـە چاوەڕێی پاڵپشتی و هاوکاریی دەکرد لە قوتابییـەکان، کەچـی یەکـەم کاردانەوەی لەوانەوە بینی. لەو بەرپەرچدانەوە سەخت و زۆرانەی کـە لەڕاست و چەپیەوە بەرامبەری دەکران من فریای ئەو کەوتم.

هاوارم کرد و وتم: "هاوڕێیان، لەپێشدا هەمووکەسێك لەجێی خۆیدا دابنیشـێت و گـوێ لـەمن بگرێـت". بەمـەش شـپرزەیی پۆلەکـە وەستایەوە، منـیش دەسـتمکرد بەقسـەکردن: "ئێسـتا لـەوە دەچـێت بەباشـی تێگەیشـتبن کـە بۆچـی دەمویسـت هەنـدێك یاسـا لەپۆلـدا پێکبهێنم. چونکە ژیانی بێ یاسا پشێوی و پاشاگەردانی و بێزاربوونی تێدایە. ئەگەر یاساکان لەشوێنی خۆیانـدا پیـادە بکـرێن هـیچ کەسـێك ڕێگـە لـەژیانی کەسـێکی تـر ناگرێـت و دەسـت بەسـەر ژیـانی کەسـدا ناگرێت، بەپێچەوانەوە، ئەگەر یاسـاکان بـەجوانی پیـادە بکـرێن ئـەوا شێوە ژیانێکی ئاسوودە و بـەختیارو ڕێکوپێـك و پـڕ یاسـا دەسـتەبەر دەبێت".

بە گۆڕینی بابەتەکە بەردەوام بووم لەسەر قسەکردن:

"دەبینم کە لەئاست قسـە کـەمێك ڕەقـەکانی محەمـەد دوزجـەیی و دەربڕینـە ڕاشـکاوەکەیدا ناڕەحـەت بـوون و ڕانـەهاتوون، ئێـوە ئـەو هاوڕێ بەڕێزانەن کە هاتوون بۆ زانکۆ و چاوەڕێی ئەوەم لێدەکردن کە لەم بابەتەدا زیاتر تێگەیشتووبن".

یەکێك لەقوتابییەکان هەڵیدایە و وتی: "مامۆستا، یانی ئێوە ئەم هەڵسوکەوتەی محەمەدتان پێ درووستە؟"

ئەو لایەنەی کە من دەمەوێت ئێستا بیگەیەنم و پێم خۆش بووە، هەڵسوکەوتەکەی محەمەد نییە، ئەوەی کە دەمەوێت باسی بکەم ئەمەیە: کە لەپۆلدا هەموو قوتابییەك پێویستە زۆر بەئاسایی باسی خۆی بکات و بیروڕاکانی خۆی دەرببڕێت، پێویستە بتوانێت ئەو لایەنانەی کە بڕوای وایە سوودیان هەیە شییان بکاتەوە. تەنها بەم شێوەیە دەتوانرێت خاڵە جێناکۆکەکان ڕوون بکەینەوە، بەم جۆرە کەسەکان چاکتر دەناسرێن و بەگفتوگۆکردن کێشەکان ئاسانتر چارەسەر دەکرێن و دەگەنە ئەنجام.

پێویستە لەمەودوا زیاتر ڕابێین لەگەڵ ئەوەدا کە ڕاڤەکردنی جیاواز و نرخاندنێکی جیاواز و تێڕوانینی هەمەجۆر لە مەڕ ڕووداوەکان زۆر ئاسایی و سرووشتییە.

تێڕوانینی جیاواز، جیاواز بوون و بیرکردنەوەی جیاواز دەبێتە هۆی هێنانەدی زیندوویێتی و جووڵە و تازەگەرێتی و زیاتر لە ڕێگەچارەیەك دێتە ئاراوە، زانکۆکانمان کە هێلانەی زانستن زۆر پێویستیان بەمە هەیە، ئەگەر هەزار کەس وەك یەك بیربکەنەوە وەك یەك کەس وان، لەبەرئەوە پێویستە لەم پۆلەدا هەموو کەس زۆر بەئاسوودەیی قسەبکات. پێویستە فێربێت کە لەبەرامبەر ئەوەی کە قسە دەکات بەئارام بێت و ڕێزی لێبگرێت.

ڕاستەوخۆ سەیری ڕیزی ناوەڕاستم کرد، محەمەد دوزجەیی لەحاڵەتێکدا بوو کە سەری داخستبوو و دانیشتبوو لەناکاو سەیری چاوی یەکترمان کرد و نیگاکانمان تێك ئاڵان، لەدەموچاویدا دیاربوو کەزۆر دڵی خۆشە بەم قسانەم، لەکاتێکدا کە چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە بەشێوەیەکی زۆر ڕەق بەرامبەر بەڕەخنەکانی بوەستمەوە، بەلام کە پشتگیرم کرد دڵی زۆر ئاسوودە بوو، بۆئەوەی ڕێزێکی زیاتری پێ ببەخشم بەردەوام بووم:

"هاوڕێیان لەڕاستیدا ئێوە بەهەڵە لە محەمەد تێگەیشتن، محەمەدیش لە پەرۆشیدا خۆی خستە هەڵەوە، ئەگەر مۆڵەتتان پێ بدایە قسەی بکردایە، بڕوام وایە کە شتی جوانتری دەوت. لەناکاو کەش و هەوا ناخۆش بوو، ئەویش بێ ئەوەی بیربکاتەوە کەوتە ناو ئەو کەش و هەوا ناخۆشەوە و بەبێ ویستی خۆی هەندێك شتی وت".

لەڕاستیشدا ئەو هاوڕێیانەی کە ڕووبەڕووی بوونەوە لەسەر حەق بوون ئەوانیش ئاماژەیان بۆ هەندێك ڕاستی کرد.

"بڕوام وایە ئەو هەڵەیەی کە لەم نێوەندەدا هەیە شێوازی مشتومڕ و نزیکبوونەوەمانە لە یەکتری، بەلام بڕوام وایە کە لەم پۆلەدا قسە و گفتوگۆی درووست دەکرێت و ئەنجامی باشی لێدەبێتەوە. فشاری پۆلەکە یەکسەر هاتە خوارەوە، چ محەمەد و چ ئەو قوتابییانەی کە ڕووبەڕووی بووبوونەوە دڵخۆش بوون، هەمووکەس ئەو پەیامەی کە پێویستە وەری بگرێت، وەریگرت.

ئەم وانەی یەکەمە کە بەتوندی دەستی پێکرد و بە خۆشیی کۆتایی پێهات، هەواڵدەرێکی گرنگی گەشەسەندن لەکاکڵەیدا بوو.

دوابەدوای دەمەقاڵێی وانەی یەکەم دەستم کرد بە بیرکردنەوە، ئەگەر لە محەمەددا بەها مرۆییەکان، وەکو هەستی وەفاداری و ڕێزی ڕادەربڕین هەبێت بەدڵنیاییەوە دێتە لام یان بەلایەنی کەمەوە زیاتر حەزدەکات کە لەنزیکەوە یەکتر بناسین و یاخود سوپاسێك یان ستایشێك دەکات. بەڵام وەك چۆن کە یاساکان بەبێ مانا لەقەڵەم دەدات، ئەگەر ڕێزی مرۆڤایەتیش ئاوەها بەبێ مانا بزانێت، بەدڵنیاییەوە چاوەڕێی شتی وەهای لێ ناکرێت. بۆناسینی بونیادی دەروونی و جەستەیی محەمەد دوزجەیی ئەم بابەتەم لەمێشکدا وەك پێوەرێك زیندوو کردبووەوە.

بۆچی منت پاراست؟!

لەکاتی پشوودا چوومە ژوورەکەمەوە، یەکسەر بەدوامدا محەمەدیش هات، سەرەڕای ئەوەی نەمدەزانی بە چ نیازێك هاتووە، بەم هەڵسوکەوتەیدا لە محەمەد تێگەیشتم کە بەپێچەوانەی ڕووخسارییەوە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی گرنگە. ئەم حاڵەتە لەناخمدا سۆزێکی وەهای بەرامبەر بەمحەمەد دروست کرد کە خۆشم تێنەدەگەیشتم. تۆزێك بەشەرم و کەمێك شەرمەزارییەوە وتی:

"مامۆستا ئەگەر دەگونجێت، دەتوانین کەمێك قسەبکەین؟"

هەستامەوە دەستیم گوشی‌و بەدەم پیشاندانی شوێنی دانیشتنییەوە:

– بێگومان قسە دەکەین، فەرموو یەکسەر دوای ئەوە داوای چایم کردو ویستم کەشێکی گەرم و گوڕ دروست بکەم، بەهەستانەوەو پێشوازی لێکردنی و بانگکردنی چا، لەلایەکەوە محەمەدی زۆر شەرمەزار کرد و لەلایەکی تریشەوە زۆر دڵخۆشی کرد.

"مامۆستا داوای لێبوردن دەکەم لەو هەڵسوکەوتە ناشیرینانەی کە لەپۆلدا نواندم". بەوتنی ئەمە دەستی بەقسە کرد: "بەڵام وانەیەکی هێندە ناسکتان وتەوە کە بەڕاستی منی زۆر شەرمەزار کرد"

لەوەڵامدا وتم: "نەخێر محەمەد دڵگران مەبە" ئەوسا چوومە ناو باسەکەوەو وتم:

"ئێمە بەمانە ڕاهاتووین ، ئەوەش بزانە کە هەرگیز لەتۆ زویر نەبووم".

محەمەد هاتە سەر باس کردنی بابەتە سەرەکییەکەی ناو ناخی:

ـ "مامۆستا بۆچی هەستت بەپێویستی پارێزگاری کردن لە من کرد؟ بۆ ئەوەبوو کە من شەرمەزار بکەیت و جارێکی تر قسە نەکەم؟ یاخود ویستت من ڕابکێشیت بۆ لای خۆت و باسی هەندێك ڕاستیت بۆ بکەم؟"

لاوێکی زۆر وریا و زیرەك بوو، خۆی لەخۆیدا بوێری درکاندنی ڕاکانی بەو شێوازە سەیرە ئەمەی دەسەلماند، سەرەڕای ئەوەی کە دیاریکردنی بابەتەکە نیشاندەری ئەوە بوو.

منیش بەپێکەنینەوە وەڵامم دایەوە: "نیازی سەرەکی من بێجگە لە پاراستنی تۆ و شەرمەزارکردن و ڕاکێشانی تۆ بۆلای خۆم، جێبەجێ کردنی هەندێك یاساش بوو لەپۆلدا. لەو جۆرە حاڵەتانەدا لەگەڵ هەرکامێك لە قوتابییانم هەمان ڕەفتارم نواندووە". سەری نەوی کرد و بەهێواشی لەقاندییەوە، منیش بەردەوام بووم لەسەر قسەکانم:

"ئەوەی کە من زۆر گرنگی پێ دەدەم و گرنگترین یاسایە لەلام، ئەوەیە: هەموو کەسێك بتوانێت بەئاسوودەیی قسە بکات و بەرامبەر قسەکەریش ڕێز پیشان بدرێت. بەدەنگێکی پەرتەوازەوە وتی:

" مامۆستا بۆچی ئەوەندە دیموکراتیت ؟ من ئەم هەڵسوکەوتەم نە لە مامۆستایەکی ئایینی و نە لە مامۆستایەکی نوێخواز نەدیوە. ئایا ئەمە هۆیەکی تایبەتی هەیە؟ محەمەد دوزجەییش دەیویست بەشان و باڵمدا هەڵبدات، لەم دوواندنەیەوە ئەوە دەردەکەوت. وتم:

– نەخێر، پێم وایە کە ژمارەیەکی زۆری مامۆستایان بە هەمان شێوە بیر دەکەنەوە و هەمان شت دەکەن، فەلسەفەی بنەڕەتیی من لەم بابەتەدا ئەوەیە کە هەرچۆنێك بێت دەبێت بۆچوونە جیاوازەکان گوێیان لێبگیرێت گەرچی زۆرجیاوازیش بن، بێدەنگکردن ڕێگەچارە نییە. کەسی قسەکەر کاتێك تێدەگات بیرو بۆچوونەکانی هەڵەن ئیتر

بێدەنگ دەبێت. خۆ ئەگەر بەزۆر بێدەنگ بکرێت ئەوا بەنایاسایی دەست دەکات بە قسەکردن و لەزۆر ڕووەوە کێشە بەرپا دەبێت.

"زیان لە کەسی قسەکەرەوە نایەت، زیانی سەرەکی لەو کەسانەوە پەیدا دەبێت کە قسەیان پێ ناکرێت. بواری دەربڕینی ڕاوبۆچوونی جیاواز جوانییە، نوێگەرێتییە، تەبایی نێوان کەسەکان لەئەنجامی گفتوگۆوە دێتە مەیدان، ئەگەر بەناوی گونجاندن و پێکهاتنەوە مرۆڤەکان بێدەنگ بکرێن، ئەوا دەبێتە هۆی دروست بوونی بەرەنگارییەکی نهێنی و سەخت، ئەمەش زیان بەئاسودەیی کۆمەڵگا دەگەیەنێت. لەبەرئەمە دەست خۆشیت لێدەکەم بۆ ئەو گوزارشتە ڕاشکاو و لە ناخەوە ڕێچکە بەستووەی کە لەپۆلدا نیشانتدا. ئەو بارەی کە من پێی ئاشنا نەبووبووم شێوازتان بوو، بەردەوامبە لەسەر دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانت و تێگەیشتن لە بەرامبەرەکانت. دڵنیاشبە کە کۆمەك و پشتیوانیی تەواوت لە منەوە پێدەگات. محەمەد دوزجەیی زۆر بەئاسودەییەوە وتی: " مامۆستا بە بیستنی ئەمانە زۆر دڵخۆش بووم، ڕەنگە بڕواش نەکەیت بەڵام ئەمە یەکەمجارمە مامۆستایەك بناسم ئەوەندە لێم نزیك بێتەوە و لەئاست بیرو بۆچوون و هەڵسوکەوتەکانمدا مامەڵەیەکی دروست و تێگەیشتنێکی تەندروستی هەبێت، چی بکەم ناتوانم قسەکانم بشارمەوە بەم جۆرە قبووڵم بکەن، لە هەموو جێگەیەکدا دەیڵێم ناتوانم خۆم بگرم، قسەم لەڕووە لەدەربڕینی ئەو ڕاستیانەی کە باوەڕم پێیانە ناتوانم دان بەخۆمدا

بگرم، یەکبینە باسکردنی هەمووشتێك بووەتە ماڵ بەسەرمەوە، ڕاشکاویم خۆنواندنمە، بەلاّم گوێیان پێنادەم، من ئەگەر ئەو ڕاستییانەی کە دەیانزانم، نەیاندرکێنم یان لەگەڵیاندا نەژیم، ناتوانم دڵخۆش ببم. ئەم وتانە، نیەتێکی پێشین، بۆنی نیازی هەڵبژاردنی بەئەنقەستی ژیانێکی زیانبەخشیان لێ نایەت، یان واتای سووربوون لەسەر بۆچوونێکی هەڵە ناگەیەنن. بەڵکو ئامارەی بەردەوامبوون و پێداگریی لەسەر ڕێگایەك لێدەخوێنرایەوە کە خۆی بەڕاستی دەزانی و دەیویست بەڕاشکاوی و مەردانە پیایدا گوزەر بکات.

فەلسەفەی بێ یاسایی گەنجێتی

بۆ زیاتر نیگەران نەکردنی محەمەد بابەتەکەم گۆڕی، دەمویست ئەم گەنجە زرنگ وقسە لەڕوو و نەترسە، کەمێك زیاتر لەنزیکەوە بناسم.

"کەمێك باسی خۆی و خێزانەکەی کرد، برایەك و خوشکێکی هەیە، وتی: کە ئاستی بژێویی ماڵیان باشە... بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە وتم:

محەمەد، وا دەردەکەوێت کە کێشەی خێزانی و مادیتان نییە. ئەی ئەم فەلسەفەی بێیاساییە لەکوێوە پەیدا بووە؟ وەك ئەوەی بچێتە ناو بابەتێکی گرنگ و بەماناوە، خۆی کۆکردەوەو وتی:

"مامۆستا کتێبی زۆر دەخوێنمەوە، زۆر دەگەڕێم و زۆرحەزم ل ەدروستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ خەڵکیدا بەتایبەتیش ئەوشتانەی

کە جیاوازو نامۆن سەرنجم زۆر ڕادەکێشن. ژیانێکی نەخشە بۆ داڕێژراو بەیاسا و جێگیر و یەك شێوازیی خواستی من نییە، پێویستە خۆم یاسای ژیانی خۆم دابڕێژم.

هەر یاسایەکیش ببێتە ڕێگرم لای دەبەم. هەرشتێك ببێتە بەربەست لەبەردەم زەوق و خولیا و بۆچوونەکانمدا بەلای منەوە شتێکی خراپە. دەمەوێت بەئارەزووی خۆم بگەڕێم و بەئارەزووی خۆم جل و بەرگ لەبەربکەم و بەپێی ویستی خۆم بژیم".

دەمویست پرسیاری بابەتێکی لێبکەم بەڵام بۆ ئەوەی دڵی نەشکێنم لێم نەپرسی، وەك بڵێیت ناخی خوێندبمەوە خۆی بابەتەکەی کردەوە.

"مامۆستا، دوای ئەم شتانەی کە باسمکردن پێدەچێت بەمێشکتاندا هاتبێت و حەزتان کردبێت ئیمان و باوەڕ و ڕوانینی من بۆ ڕەهەندەکان بزانن."

بەپێکەنینەوە وتم:

– "بەڵێ"

وتی:

– "ئێستا دەمەوێت بەشێوەیەکی زۆر ڕوون بۆتانی باس بکەم: لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیدا، بەرامبەر بە دین و ئەوشتانەی کە لەو بازنەیەدان پەیوەندییەکی باشم هەبوو، بەڵام دوای خوێندنەوەی

ئەوکتێبانەی کە ماموستاکانم یان هاورێکانم بۆیـان پەسـەند دەکـردم، سەرنجەکانم بەرەو دونیایەکی تر چوون".

پرسیارم لێکرد: "وەکو چی؟"

وتی: "پەیوەندییـەکی پتـەوم پەیـداکرد لەگـەڵ هـەردوو بیرۆکـەی ماددەگەری و داروینیزم، لەم بوارەدا هەوڵی زۆرمدا".

وتم: "باشە، ئەی ئەو خاڵەی کە پێیگەیشتیت کوێ بوو؟"

بەهەڵسـوکەوتێکی لارو وێـری کەساسـەوە وتـی: "وای دەبیـنم کـە زانیاری و بۆچوونەکان دەربارەی دین و خواوەنـد زۆر لـە پاشـەوەن و بـەم سـەردەمە نـاخۆن. چـەند گاڵتـەئامێزە لـەم چـاخی چـوونە نێـو بۆشاییەکانی گەردوون و لەم سەردەمی پێشـکەوتنەدا، مـرۆڤ بـاوەڕی بەبیرۆکەگەلێك یان شێوە ژیانێك هەبێت کە چەندەها سەدە لەمەوبـەر هاتوونەتـە کایـەوە. مـرۆڤ دەتوانێـت بـڕوای بەهەرشـتێك هـەبێت کەدەیـەوێت، بەڕاسـتی ڕێزێکـی گـەورەم هەیـە بەرامبـەر بـەوان، لەبەرئەوەی دایکم و باوکیشم نوێژ دەکەن. بەڵام من بڕوام بەشتانێکی وەها نییە. تاکە ڕێگەیەك کە بەمن بخوات شـێوە ژیـانێکی بـێ یاسـاو کراوە و بێ ڕێگرە، بەپێی ویستی خۆم و بەئازادی، ئەگەر پێویستیش بکات خۆم یاساکان دروست دەکەم...

پرسیارم کرد و وتم:

"ئەی باشە ئەمـە گونجـاوە؟" وتـی" گونجـاویش نـەبێت بەلایـەنی کەمەوە حەزم لێیە کە وابێت."

پێم وت: "ئایا دوورەپەرێزیت لە دین و لە خوا، ئەوەیە کە هەندێك ڕێساو پرەنسیپی تیادایە کە دەبنە ڕێگری ژیانت؟"

وتی: "بەڵێ، لەبەرئەوەی دینەکان بەتەواوی دەبنە کۆسپ لەبەردەم بەدەستهێنانی ئارەزوو و خواستی مرۆڤەکان. بۆئەوەی مرۆڤ جۆرە ژیانێك کەخۆی ویستی لێیەتی و ئارەزوو و کەیفی تەواوی پێدەبەخشێت بژی، پێویستە لە دین و کۆتەکانی دین ڕزگاری ببێت. تەنانەت پێویستە هیچ بیر لەم بابەتە نەکەیتەوە"، بۆئەوەی زیاترکەش و هەوای گفتوگۆ گەرم بکەم، پێشوازی گەرمم لێکرد و داوای چاییم کرد بۆ هەردووکمان و پێم وت: یانی بیرکردنەوەش لەم بابەتانە نارەحەتت دەکات؟

وتی: زۆریش.

وتم: باشە پێت وایە چۆن ڕزگارت دەبێت لەو بیرۆکانەی کە ئاسودەییتیان زڕاندووە؟

– بەبیرنەکردنەوە لەم بابەتە، لەبەرئەوەی لەو ژیانەی کە تێیدا دەژیم، تاکە یاسایەك هەبێت ئاسوودەییم لەناودەبات دەبێتە بەربەستی خۆشگوزەرانییم.

– یانی دەتەوێت ئاوەزت بێدەنگ بکەیت، وایە؟

– بەڵێ

– بەوتنی بێدەنگبە، عەقڵت بێدەنگ دەبێت؟ بۆئەوەی وەڵامم نەداتەوە، ویستی بابەتەکە بگۆڕێت بەڵام من خستمەوە سەر بابەتەکە و پرسیارەکانم درێژە پێدا:

"باشە، مادەم وەها بیردەکەیتەوە بۆچی ناوەندێکی وەك زانکۆت هەڵبژارد کە کار بەیاسا دەکات و، پێویستی بە بەرپرسیارێتی زیادە و بەهەوڵدانی هەمیشەییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆری لە خۆی کرد و وتی:

– لەبەرئەوەی باوکم پێی وتم، بەهەرجۆرێك بێت ئەگەر لە زانکۆیەك نەخوێنم ئەوا حاشای ئەوەم لێدەکات کە کوڕیبم، خەرجیشم لێدەبڕێت، بۆیە منیش ناچاربووم.

به پێکەنینەوە وتم:

– یانی، بەدەر لەخوێندن نیازت پارە کێشانەوەیە لە باوکت، وایە؟

ئەویش بەپێکەنینەوە:

– دەکرێت ئاوهاش بێت، ڕەنگە لەبەر بێزاربوون لە پرسیارەکان یاخود بەهۆی باسکردنی ئەو بابەتانەی کە وەڵامدانەوەیان سەخت و دژوار بوو، لەناکاو هەستایە سەرپێ و وتی:

"مامۆستا من دەبێت بچمە دەرەوە" دەستی درێژ کردو وتی:

"زۆر پێخۆشحاڵ بووم زوو زوو سەردانی ئێوە دەکەم. بوونی ئێوە لەم شوێنە بێزارکەرەدا بۆ من ڕووناکییەکی ئومێد بەخشە" چووە دەرەوە.

لەقسەکانیدا دووڕوویی بەدی نەدەکرا چی لەناخیدا هەبوو دەیگوت، لەبەرئەوە گەنجێکی باوەڕ پێکراوی دڵسۆز بوو.

ئەم گەنجە هەڵشەو زیرەك و لێهاتووە مەردو جەربەزەیە، لەچنگی ژیانێکی بێسەروبەر و بێبڕواییدایە، بێبەزەیی و بەبێ ئەوەی هەست بەوەبکات بەرەو کوێ دەڕوات و بەسووربوون و بەردەوام بوونی لەسەر ئەو ڕێگەیە منی زۆر ئازاردا. منداڵێکی دوور لە باوەڕ لەخێزانێکی دینداردا، لە سیستەمێکی بەدخوو و ناڕێك و تاریکدا چاوەڕێی چ جۆرێکی تری لێدەکرێت؟

بەڕاستی زۆر نیگەران بووم، دەبوایە محەمەد دوزجەیی و چەندەها گەنجی تری وەکو ئەوم ڕزگار بکردایە. ئەو کەسانەی کە لەناو ژیانێکی ئاوەها بێماناو بێ بەرپرسیارێتیدا گەورەبوون، دەبنە بەلا بەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگا و هەم خێزانەکانیشیانەوە، لەبەرئەمە دەبوایە پەندی زۆر وەربگیرایە لەتەقەی تفەنگەکان و لە سووتانی نیشتمانەکان و گریانی دایکەکان. وەك پەیوەندییەك بەبابەتەکەوە لە بەرهەمێکی بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی کە بەناوی دادگاییەکانەوەیە(المحاکمات) ئەم پەیڤانەم بیرکەوتەوە:

(هەموو مرۆڤێك لەسەر سروشتی پاك لەدایك دەبێت. کاتێك کە بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێت هەندێکجار ڕێی لەهەڵە دەکەوێت، وا گومان دەبات کە ڕاستییەو حەقی دیتووەتەوە بۆیە لەئامێزیدا دەیپارێزێت. لەبەرئەوە بەئاگاهێنانەوەی ئەو کەسانەی کە خۆیان فەلسەفەی ژیانی

خۆیـان لەسـەر بنەمایـەکی چـەوتی بەڕاسـت زانـراو دادەڕێـژن و، هاوکـاریی کردنـی بەئاگاهێنـەرەوەکان ئـەرکێکی زۆر گرنگـە بـۆ ئاسوودەیی کۆمەڵگا).

منـیش بـۆ بەشـداریکردن لەبـەجێهێنانی ئـەم ئەرکـە گرنگـەدا بـە نزاکردنەوە لەژوورەکەم هاتمە دەرەوە.

وانەی دووەم

هەفتـەی دووەمـە، کـە چـوومە هـەمان پۆلـەوە چـاوەکانم یەکبینـە لـەدوای محەمـەددا دەگـەڕان، داخـۆ یەکـەم بەیەکگەیشـتنمان، کاریگەرییەکی باشی لەسەری دروسـتکردووە یـان خـراپ؟ زۆر مـەراقم بوو. دووبارە لە ڕیزی ناوەڕاسـتدا بەقـژە درێژەکەیـەوە و بـە مـۆدێلی جل و بەرگە سەیر و دیارەکانییەوە خۆی دەنواند.

نزیکبوونەوەو تێکەڵبوونی خێرای لەگەڵ هاوڕێیانی لە دەووروپشتیدا ئاشـکرابوو، سـەرگەرمی گفتوگۆیـەکی گـرنگ و گـەرم بـوو. گرنگـی پێدەدان، قسەی دەکرد و گوێی بـۆ ڕادەگـرتن. بەهـەرحاڵ گـەنجێکی چالاك و خـوێن گـەرم بـوو، وادەردەکـەوت کـە هەنـدێك لـەو لاڕێیـی و ڕەقییەی کە لەهەڵسوکەوتەکانیدا هەیبوو لەوانەی یەکەمدا، نەیمابێت. لـەو ئامـاژانـەی کــە لەهەڵســوکەوتەکانیدا دەردەکــەوتن بەدیــدو بۆچـوونەکانی خـۆی، دروسـتکردنی بنکـە و دۆزینـەوەی هاوسـۆزو کەسـانی نزیـك بـوو لـە خـۆی، یـان بـەدەربڕینێکی تـر لـە تەقـەلای

فراوانکردنـی دەورووبـەری خـۆی و دروسـتکردنی گروپێکـی دەدا کـە ئەمەش بەئاشکرا دیاربوو.

بابەتی وانەکە مرۆڤ بوو، باسی بچووکترین تـاکی کۆمەڵگـەم دەکـرد کـە مرۆڤـە. لـەکاتی باسـکردنی مرۆڤـدا بیروبۆچـوونی قوتابیەکانیشـم وەردەگـرم، بـەم شـێوەیەش بۆچـوونی گشـتیی پۆلەکەشـم چـنگ دەکەوت. سڵاوم لـە قوتابییـەکان کـرد، حـاڵ و هـەواڵیانم پرسـی، بـۆ ئامادەکردنی پۆل بۆ وانەکە لیستی ئامادەبوونم هێنا، سـەبارەت بـەم بابەتە هەندێك وتووێژی کورت ئەنجامدرا.

بەپرسیارێك دەربارەی گرنگی بابەتەکە (مرۆڤ چییە؟)، دەسـتمکرد بەوانەکـەم. مەبەسـتم لێـرەدا لەلایەکـەوە بـۆ سـەرنج ڕاکێشـانی خوێنـدکاران بـەلای وانەکـەداو، لەلایـەکی تـرەوە دەرخسـتنی بیروبۆچوونی قوتابییەکان سەبارەت بەبابەتەکە بوو.

قوتابییەکان یەکەمجار بەرامبـەر ئـەم پرسـە بێدەنگ بـوون دواتـر دەستیانکرد بەدەربڕینی بیروبۆچوونەکانیان.

وتەی زۆرینەی قوتابییەکان دەربارەی پێویستی بوونی پەیوەنـدی لـەنێوان مـرۆڤ و خـواو ڕێکخـەری ئـەو پەیوەندییـەش کـە (ئایینـە) و مەبەستداریی لە هێنانە دونیای مـرۆڤیش (کـە کـامڵترین بـەدیهێنراوە) بێگومانی لە زیندوو کردنەوەی پاش مردن و لێپرسینەوە و پاداشت، وتەو دیدی زۆینەی خوێندکاران بوو.

لەم بوارەدا بەشێکی زۆری قوتابیانی پۆلەکە، لەو گەنجانەبوون کە بیروبۆچوونی دین و زانستیان پەسەند دەکردو باوەڕیان هەبوو. هەروەك ئەوەی چاوەڕێم دەکرد محەمەد دوزجەییش قسەی کرد. بەشێوازە تایبەتەکەی خۆی بەپەرۆشیەو بەئاشکرایی و ئاوازێکی گڕەوە: (من لەم بابەتەدا جیاواز لە هاوڕێکانم بیردەکەمەوە)، بەم وتەیە دەستیپێکرد دووبارە لەشێوازیدا بەجۆرێکی هەستپێکراو زبری و لوت بەرزیی تێدا بەدیدەکرا.

وتی: با پێشەکی ئەوە ڕابگەیەنم کە من باوەڕم بە پاداشت و لێپرسینەوە نییە، مرۆڤ زیندەوەرێکە کە لەئەنجامی گەشەسەندنێکی قۆناغ بەندییەوە گەیشتووەتە ئەم دۆخەی ئێستای، بۆ هاتنە ئەم بارەشی پێویستی بەهیچ جۆرە ڕێپیشاندەرێك نییە، میکانیزمی خود نوێکارییە. مرۆڤ بۆئەوەی بتوانێت بەپێوە ڕابوەستێت و بتوانێت خۆی بپارێزێت هەندێك یاسای ڕێکخستووە، بەپێکهاتنی بەها هاوبەشەکان لەژیانی کۆمەڵگادا ئەم بارەی ئەمڕۆی هێناوەتە بوون.

مرۆڤ لەبەرامبەر هاتنەبوونی و بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانیدا، قەرزاری هیچ کەسێك نییە، لەباشترین تەرزی ژیان دەژی و دەڕوات، بۆ ئەو مرۆڤەش لەوێدا هەموو شتێك کۆتایی دێت، مرۆڤ بۆئەوەی ئاسوودەبێت، پێویستە تەنها بیر لەژیانی خۆی بکاتەوە، نەبێتە دیلی هیچ یاسا و ڕێسایەك، محەمەد بە بەرەڤانیکردن لە بۆچوونەکانی دەیویست ئەوە بخاتەڕوو کە بەدیهێنانی مرۆڤ پێویستی

بەبەدیهێنەرێك نییە و، منەتباری هیچ زاتێکیش نییە، بەم جۆرە دەیویست خۆی لەئەرك و بەرپرسیارێتی و بەندایەتی بدزێتەوەو هەڵبێت... لەبنەڕەتدا، ئەو ڕێبازە فکرییانەی کە هزری محەمەدیان جەنجاڵ کردبوو، بیرۆکەکانی ماددەگەری و مارکسیزم و داروینیزم و ڕوانینە بێباوەڕییەکان بوون. کاریگەریی محەمەد بەو ڕێبازانە و موتاڵاکردنی پەڕاوەکانیشیان بەڕوونی دیاربوو.

ئەو بیرو بۆچوونانەی کە محەمەد خستنیەڕوو، سەرەڕای ئەوەی کە کاردانەوەی توندو تیژی قوتابییانی پۆلەکەی وروژاند، بەڵام یەکسەر چوومە ناو باسەکەوەو وتم: ئەگەر هەرکەسێك بیرو بۆچوونێکی دروستی هەیە با قسە بکات، لەدەرەوەی ئەمەش ڕێگای تر تاقی مەکەنەوە. ئەنجا لەپاش تاوتوێکردنی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی پەیوەندیدار بەمرۆڤەوە، گەڕامەوە بۆ سەر وانەکەم.

مرۆڤ چییه؟

قسەکانم، بەچەند وتەیەکی (ئەلیکسیس کارڵ) دەربارەی مرۆڤ دەستپێکرد کە دەڵێت:

(مرۆڤ پێویستە لەسەرەتادا خۆی بناسێت و خۆی وەکو هاووێنەی پەراوێك بخوێنێتەوە، ئەو کەسەی خۆی نەخوێنێتەوە ئەگەرچی بچوکترین نهێنی گەردوونیش بزانێت هەر بەنەزان دەمێنێتەوە)

لەوساتەدا قوتابییەکم بەشداری کرد و وتی:

" مامۆستا، بۆ دۆزینەوەی پەیڤی جوان دەربارەی مرۆڤ، چوون بۆ رۆژئاوا پێویست ناکات، ئەو زانا بەرێزو کەسایەتییە زانستییە مەزنانەی کە لەنێو خۆماندا لەدایك بوون و پێگەیشتوون زۆر لەم وتانە نایابترو سەنگینتریان وتووە.

ئەوەتا بۆ نموونە؛ بەدیعوززەمان (سەعیدی نورسی) وتەیەکی زۆر جوانی هەیە کە بەم شێوەیە دەست پێدەکات و دەڵێت: (ئەی ئەو مرۆڤەی کە خۆت بەمرۆڤ دەزانیت خۆت بخوێنەرەوە....)" زۆر لەمە زیاتریش گونجاوە کە بخرێتە سەری، وتەکانیم پەسەند کردوو، بەردەوام بووم لەسەر قسەکردن و وتم: "هاورێیان، هیچ کات پرسیارتان لەخۆتان کردووە بڵێن: من کێم؟ چیم؟ لە کوێوە هاتووم؟ بۆچی هاتووم؟ ئامانجم چییە و بۆ کوێ دەڕۆم؟ قەرزاری کێم؟ وەکو چی و چۆن لێپرسینەوەم لێدەکرێت؟"

ئەگەر ئەمانەو هاوشێوەی ئەم پرسیارانە بپرسن، بەدڵنیاییەوە تامەزرۆی وەلامەکانیشی دەبن؟ ئەگەر کەسێکیش خولیای وەلامەکەی بووە، ئایا هیچ بەدوادا گەڕانێکی بۆکردووە؟ بێدەنگییەکی قووڵ باڵی بەسەر پۆلەکەدا کێشابوو، هەموو سەرنجیان دەدا، منیش ئەم بارودۆخەم بەهەلزانی و قسەکانم درێژەپێداو پرسیارەکەمم کەمێك گشتگیرتر کرد تاکو لەسەر بناغەیەکی زانستیی درێژەی پێبدەین. ئەو کەسەی کە بۆسەرکەوتن دەکەوێتەڕێ و دەیەوێت ژیانی لێوان لێو بکات لە سەرکەوتن، ئایا لە مەسەلەی خودناسییدا چەندە سەرکەوتووبووە؟

ئەو کەسەی کە گرنگی بەبچوکترین وردەکارییەکانی گەردوون و دەورووبەری دەدات، ئایا چەندە گرنگی بەنهێنی و وردەکارییەکانی خۆی دەدات؟ ئادەمیزاد تەمەنێك لە کەشفکردنی ئاسمانەکان و چوونە نێو قوولایی دەریاکان سەرف دەکات، ئەی ئەبێت چەندە لەپێناو خود شوناسی و دۆزینەوەی گەنجینە پەنهانەکانی نێو جیهانە پەنامەکییەکانی دەروونیدا و، دابەزینە نێو قووڵاییە بێبنەکانی خۆیەوە خەرج بکات. بەدەربڕینێکی تر (ئەی ئەوکەسەی کە هەڵپە دەکەیت بۆ بەدەستهێنانی کاری گرنگ و، ڕادەکەیت بەدوای ئامانجی گەورەداو، عەودالی دۆزینەوەی زۆرێك لەنهێنییەکانیت، ئایا خۆت چەندە دەناسیت و، چەندە پەی دەبەیت بەهەلگرتنی بەها و ڕاسپاردە نهێنییەکان؟ لەوانەیە لەڕۆژێکدا بەدەیان جار پرسیارت

کردبێت و مەراقت کردبێت سەبارەت بەنهێنییەکانی بوونەوەر و دونیا، ئەمانە چین؟ چۆن دروستبوون؟ سوودیان چیە؟ دروستکەریان کێیە؟ ئەی ئایا چەند ئاڕاستەیانت کردووەتە خۆت و لە خۆتت پرسیوە، من کێم؟ لە کوێوە هاتووم؟ بۆکوێ دەچم؟ ئامانجم چییە؟ کێ منی ناردووە؟... محەمەد پاش مۆڵەت وەرگرتن بەشداری لەقسەکاندا کردو وتی:"مامۆستا، تا ئەم ئەندازەیەش وردبوونەوەو تاڵکردنی ژیان چ مانایەکی هەیە؟"

بەزەردەخەنەیەکەوە بەردەوام بووم:

ئایا شتێکی لەوە سروشتیی تر هەیە کە مرۆڤ لەسەرەتاوە خۆی بناسێت و خۆی بە بەرپرسیار دابنێت و بەدوای ئەو شتە نەزانراوانەوە بێت کە پەیوەندییان بەخۆیەوە هەیە؟ ئەمە سەرەتاییترین مەرجی مرۆڤ بوونە. بەگەڕانەوە بۆ سەر بابەتەکە قسەکانم درێژەپێدا:

ماهییەتی مرۆڤ و نهێنی ئەرکەکانی، هەمیشەو بەبەردەوامی ئەو مێشکانەی سەرقاڵکردووە کە بیردەکەنەوە لەو جۆرە پرسیارانەی کە زۆرێك لەو کەسانەی کە ویستویانە تەنها بەپێوانەی ئاوەزی خۆیان ئەم نهێنی و نەزانراوانە شیبکەنەوە لەسەلماندنێکی هەڵەو بێجێدا خۆیان دۆزیوەتەوە. هەندێك لەمانە وایان داناوە کە مرۆڤ بریتییە لە (بوونەوەرێکی ئابووری و بارستەیەکی ماددی). هەندێکی تریشیان وتویانە مرۆڤ ئاژەڵێکی ئاوەزدارە. لەکاتێکدا هەندێك لە زانایان مرۆڤ بە بوونەوەرێك لە سەروو بەدیهێنراوان پەسەند دەکەن کە شایستەی

پەرستن و بەندەگی بۆکردنە، هەندێکی تریان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مرۆڤ (شتێکی هیچ)ە، لە نێوان ئەمانەشدا هەندێك هەن کە جێگەی خۆیانیان کردووەتەوەو بڕیاریان داوە کە مرۆڤ (بوونەوەرێکی نەناسراوە) .

ئایا مرۆڤ دەتوانێت بەعەقڵی ڕاستیی بدۆزێتەوە؟

محەمەد دەمێك بوو لەهەلێکی وەها دەگەڕا، لەپڕ هەستایە سەرپێ و بەشێوەیەکی توندڕەوانە پرسیاری کرد: "مامۆستا مرۆڤ بەپێوەرە عەقڵییەکانی ڕاستییەکان دەدۆزێتەوە، جا کەواتە چ پێویست بەفەرمان وەرگرتن دەکات لەهێزێکی ترەوە بۆ ئاڕاستەکردنی و هەنگاونانی ! ".

وتم: سوپاست دەکەم. پێویست بوو ئەم پرسیارەت بکردایە. پرسیارکردنەکەشی زۆر باش بوو، چونکە بیروبۆچوون و فەلسەفەی لەم جۆرە هەیە، بەم هۆیەوە بابەتەکەش فراوانتر دەکەین.

هەروەك دەزانن کە مرۆڤ هەمیشە عەودالی ڕاستیی و جوانیی و حەقیقەتە، بەدوی زانینی گەردوون، مانای مرۆڤ بوون و ئەرکەکانی مرۆڤدایە.

مرۆڤ بەهۆی عەقڵیەوە هەوڵی ڕووناك کردنەوەی دونیاو گەردوون دەدات. ئەگەر مرۆڤ پاڵپشتی عەقڵ و هزر بە باوەڕی پتەو و سیستەمە ڕەوشتییەکان نەکات ئەوا لەبانگەشەکەیدا (بەدوای ڕاستیدا

دەگـەڕێم) دەکەوێتــە هەڵـەو نـەپێکانی زێـدەترەوە. ئەمـە لـەدونیای فەلسەفەدا زۆر نموونەی ڕووبەڕووی هەیە، هەنـدێك لەمانـە یـان بـوون بەبێباوەڕێك کـە نکـوڵی لەهـەموو شـتێك دەکـەن یـان بـوون بـەماددە پەرست (ماتریالیستێك) کە لەماددەدا بۆ هەموو شتێك دەگەڕێن.

مـرۆڤ دروسـتکراوێکی کۆمەڵایەتییـەو پێویسـتی بەپێکـەوە ژیـان و هاوبەشـیکردن و یارمەتیـدان و پاڵپشـتیکردنی یـەکتری هەیـە، ئـەم هەسـتانەی نـاو مـرۆڤ پێویسـتیان بـە بـەهێزکردن هەیـە، چـونکە کۆمەڵگای ئاسوودە لە کەسانێك پێکهاتووە کە باش پەروەردەکرابن و پەیڕەوی یاساکانی کۆمەڵگابن.

مـــرۆڤ چـــەندە بەرامبـــەر کۆمەڵگاکـــەی، لـــەبیروڕا و، بنـــەماکانی خووڕەوشت و، شێوازی ژیانیدا تەباو بەسوودبێت، ئەوەندە هەم خۆی و هەم کۆمەڵگاکەشی دڵخۆش دەکات. بێگومان هەموو ئەمانەش بەوە دەبێت کە مرۆڤ خۆی بناسێت و بزانێت کە پاداشت و لێپرسـینەوەیەك هەیە لەو شوێنەی کە لێیەوە هاتووەو ئەوەی کە بۆی دەچێت.

مرۆڤ لەکاتی لەدایك بوونەوە تا ساتەوەختەکانی مردنی، لە گەشـەو هەڵکشانێکی جەستەیی، هزری و کۆمەڵایەتیدایە. مـرۆڤ زیندەوەرێکـە کە بارودۆخ و هەڵسوکەوتی جیاواز پیشـان دەدات و ژیـانی مـاددیی و مەعنـــەویی و هەســـت و نەســـتی هەیـــە. مـــرۆڤ ئـــازارو ئـــارەزوو و داواکارییەکانی بەجۆرێك فراوانن کە لەدونیادا جێیان نابێتەوە. چونکە مرۆڤ ناتوانێت لەکاتێکی تاك ڕەهەنددا بژی، لەژیانێکی ڕابردوو بـەرەو

داهـاتوودا دەژی. وابەسـتەگییەکی نەپسـاوی لەگـەڵ ڕابردوویـەکی لەدەستچـوو و داهاتوویـەکی نادیـاردا هەیـە. لەبـەر ئەمـە هەڵسوکەوتەکانی ئادەمیزاد ڕەنگدەرەوەی ڕابردووی و باری ئێستای ڕوانین و نەخشەکانی بۆ داهاتوو و ئاواتەکانیەتی. مـرۆڤ دەیـەوێت لـە بینراوەوە بۆ نەبینراو، لە وردەوە بۆ درشـت هـەموو شـتێك ببینێـت و بزانێت و بژیێت. ئەم مانایە زۆرکـات دونیـا بـۆ ئـەم بوونـەوەرە جگـە لەتەنگەبەرەیەك چی دی نییە، هەربۆیە مرۆڤ وەك گەردوونێکی بچووك و گەردوونیش وەك مرۆڤێکی گـەورە بینـراوە. ئەگـەر مـرۆڤ لـەدونیادا دەروونی پاك بکات و تواناو لێوەشاوەییەکانی بەوجۆرە بخاتەڕوو کـە مانای ژیان دەربخەن، ئەوا دەبێتە نموونەیەك کە سەرجەم مرۆڤـەکان بە سەرسامییەوە تەماشـای بکـەن. خـۆ ئەگـەر بێـت و بـەرەو خراپـە ئاڕاستە بکرێت ئەوا دادەبەزێتە دۆخێکـی وەهـا بـەدەوە کـە تەنانـەت دڕنـدەکانیش لەخراپـەی بترسـن. لەبەرئەمـە مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی ببێتـە «مـرۆڤ» پێویسـتە هـەوڵی ئاڕاسـتەکردنی و چاکسـازیکردنی بـدرێت. ئەمەش تەنها بـەوە دەبێـت کـە مـرۆڤ لەگـەڵ بەرنامـەی دروسـتکەردا بەتەنها بەجێبهێڵدرێت.

ئـەو لێکۆڵینـەوەو بیروبۆچـوونە زانسـتیی و کۆمەڵایەتییانـەی کـە پەیوەنـدییان بـەخودی مرۆڤـەوە هەیـەو، بـاس لەکەسـێتی و دروسـتبوونی مـرۆڤ دەکـەن، ئـەوە پیشـان دەدەن کـە لـەناو هـەموو بوونەوەراندا بەرزترین پلەی هەیەو ژیرترین و کامڵترینیانە.

ئــەم مرۆڤــەی کــە لەوپـــەڕی سەرســـوڕهێنەری و ڕێکوپێکیــــدا دروستکراوە، پێویستە خۆی بناسێت. چونکە بوونـەوەرێکی بچـووکی وەك مرۆڤ بەقەبارەی گەردوون پڕە لەنهێنی، مرۆڤ لەهـەوڵی ئەوەدایـە هەسارە گەڕۆکەکان کە ژمارەیان دەگاتە ملیۆنان و ئـەو ئەسـتێرانەی کە لەخۆر گەورەترن ئاشکرا بکات، کەچـی ئـەو خۆماندووکردنـەی بـۆ ناسینی خۆی، کۆنترۆڵکردن و دۆزینەوەی گونجاوترین بـاری ژیـان بـۆ خـۆی نـادات. مـرۆڤ کـە خـاوەنی پێکهاتەیـەکی مـاددی و مەعنـەوی دەرئاســایە، بەمەبەســتی ســوودگەیاندنی بــەخۆی و کۆمەڵگاکــەی پێویستە خۆی بناسێت و بزانێت کە ئامانج لەدروستکردنی چییە؟

ئەو مرۆڤـەی کـە هـەموو ژیـانی لـەپێناو کەشـفکردنی نهێنییـەکانی گـەردوون سـەرف دەکـات، پێویسـتە نهێنییـەکانی خـۆی و دونیـای ناوەوەی خۆی ڕوون بکاتەوە. پێویسـتە خـۆی بناسـێت و ئەرکەکـەی بزانێت، پێویستە لەبیری ئەو ڕێزو ئەمانەتانـەدا بێـت کـە کەوتوونەتـە ئەسـتۆی، ئـەو مرۆڤــەی کـە دەرك بــەئامانجی بــەدیهێنانیو بوونــە هەڵگری بەها باڵاکـان ناکـات، هەسـت بـەهیچ شـتێکی تـریش ناکـات، لــەژیانێکی بــێ ســەروبەرو بــێ ئامــانج و بــێ مەبەسـتدا، نائاسـوودەو دڵتەنگ دەبێت و ئاسودەیی کەسانی تریش تێکدەدات. بنچینەییترین زانست کە پێویستە مرۆڤ بیزانێـت بریتییـە لـەزانینی خـۆی و ناسـینی دروســتکارەکەی و دڵنیــابوونی لــەزانینی هۆکــاری هاتنــە دونیــای و وەرگرتنی پاداشتی ئەو کردارانەی کە ئەنجامیان دەدات.

وەك دەرکەوتووە، ئەو بیرۆکەو دیدانەی کە لەئاکامی شرۆڤەو هەڵسەنگاندنە تاکی و خواستە کەسییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، لە خەملاندنی بەهای ڕاستەقینەی مرۆڤدا کەمتەرخەم بوون و گرفتاری نەنگی هاتوون. هۆکاری سەرەکی ئەم نابابەتی بوونە یان چەوت نرخاندنەیان دەگەڕێتەوە بۆ نرخاندنی ئادەمیزاد بە پێودانگە تاك ڕوانگەییەکان و دووری لە تیشك خستنە سەر لایەن و ڕەهەندە پێکهێنەرەکانی بونیانی ئەم کائینە.

هەڵبەت بۆ ناسین و گوزارشت کردنێکی دروست لە ئادەمیزاد ئاتاجی مامەڵەیەکی گشتگیرو هەمەکین لەتەك ئەو "بینراوە پەنهانە"دا .

پۆل لە ژێر ڕکیفی بێ دەنگییەکی تەواوەتیدا بوو. هەمووان تا ئەوپەڕی سنوور لە ژێر کاریگەری بابەتەکەدا بوون و تەنها بە سەرلەقاندن بەشدارییان دەکرد .

وابەستەیی ئەوان بە وانەکەوە شوێنکاری مەزنی بابەتەکەی تیایاندا نیشان ئەدا.

درێژەم بەوانەکە دا و وتم: بەڕێزان داخۆ ڕوانینی زانستەکان بۆ مرۆڤ چۆن بێت و ئەوان چلۆن دەربارەی بدوێن؟ با ئەم باسە پێکەوە گفتوگۆ بکەین . لە ڕوانگەی زانستەکانەوە مرۆڤ تەواوترین و کامڵترینی زیندەوەرانە. ئەم زیندەوەرە سەراپا لە نێو ڕێکسازییەکی ورد و کارسازییەکی سەرسوڕهێن دایە .

مـرۆڤ لـه تـهنها خانهیـهك دروسـت بـووه، ئـهو خانهیـهی كـه بـه "زایگۆت" ناودهبرێت و چاوی ئێمه بێ توانسته له دیتنی مهگهر پاش سـهدهها جـار گـهوره كردنـی، لـه پـاش گهیشـتنی بـه قۆناغێـك كـه ملیۆنهها جار بهڵكو تریلیۆنهها جار له قهبارهی خـۆی گـهورهتره، بـه چهندهها دهزگاو سیستهمی بێ وێنهو گونجاو بۆ ژیان ئارایش دهكرێت و وهك كارهكتـهرێكی كـارا پێشكهشـی شـانۆی ژیـان دهكرێـت و لهوێشهوه ڕۆڵی خۆی دهگێڕێت. زۆر جار مرۆڤ لـه ئاسـت دهرك كـردن به نرخ و بههای خۆی دۆش داماو دهمێنێتهوه، به شـێوهیهك كـه ئـهو ملیۆنان خانهیهی كه مرۆڤ پهككهوتهیه له ئاست دروست كردنی تـهنها دانهیهكیشیاندا چۆن ئاوا له ژێر پهردهی گونجان و پێكهوه كاركردنـدا دهبنه مایهی ژیـان، بـوونی ئـهو خانهیـه (كۆرپهلـه) بـه جهسـتهیهكی تـهواو و گهیشـتنی هـهر خانهیـهك بـه ئامـانجی خـۆی و بـهجێهێنانی ئهركهكانیان. لهو پهڕی ههستیاری و ڕاپهڕاندنی ههزارهها فـهرمان لـه ساتێكدا، ئاوهزی مرۆڤ له لوتكهی دهركهوه بهرهو بناری حهپهسـاوی گلۆر دهكاتهوه. ئـهو شـانانهی كـه لههـهمان خانـهوه دروسـت بـوون، دواتر ههر یهك به شێوازی دهزگـای بیـنین، بیسـتن، چهشـتن، ...كـار دهكهن و گهده، ڕیخۆڵه، جگهریش ههروهكو ئهزموونگایـهكی مـۆدێرن له كـاردان. ئهندامـهكانی نـاوهوهو دهرهوهی جهسـته لهسـهر بنـهمای پاراستن و هاریكاری و سیستهمێكی كهم ناڕێك ئهسـتهمه . هـهر بۆیـه

هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ پلانێکی هەستیارو تۆکمە، کە ئەم بونیاتە سەیرەی لەسەر بونیات نراوە .

تێکشکاندنی ئەو پارووە خۆراکەی کە لە دەرەوە دێت و هەرسکردن و مژین و گواستنەوەی بۆ جێگەیەکی پێویست و دەرهاویشتنی پاشەڕۆکان، پەیڕەوی یاساگەلێکی ڕێکخراو و ئەندازەگیرکراون. ئەو زانایانەی کە سەرنجی ئەم ڕاستییانە دەدەن، لە ئاست ئەم هەموو مەزنی و فەرهەنگییەدا دەستەوسانی و پەرۆشی خۆیان دەردەبڕن.

لە مێشکی مرۆڤدا ١٠ ملیار دەزگای بڕیاردان بوونی هەیە، لە هەریەك لەم دەزگایانەدا نزیکەی ٢٠٠٠سیناپس (sinaps)[١] هەیە کە لەهەر ساتێکدا سەدەها ڕووداو لێیانەوە دەگوێزرێنەوە، هەروەها هەر یەك لەو ملیۆنان (sinaps) بە جودا ئاگاداری ئەوانی ترەو پەیوەندی و ئاگادارکردنەوەی ئاڵوگۆڕ کراو لە نێوانیاندا لە ئارادایە. بەم شێوەیە مێشك و کۆئەندامی دەمارمان، (مەملەکەتێکی ناوازە)ی چاو ئەبڵەقێنە. سۆماکانتان بە هەر لایەکدا وەرچەرخێنن، هونەرو کارزانی دڵڕفێنی بەدیهێنەری خاوەن شکۆ دەبینن.

ئەم تێگەیشتنە بۆ مرۆڤ هەم ژیانێکی ڕێکوپێك و هەم هەستێکی سوودمەند و هەم سەرکەوتنێکی بێ پایان دەستەبەر دەکات.

١- سیناپس: بریتییە لە شوێنگەی بەیەکگەیشتنی دەمارە خانەکان و ئاماژە پەڵسەکان لێیانەوە گوزەر دەکات و دەگوێزرێتەوە.

زەنگ لێدرا، بۆ ئەوەی هیچ بیروبۆچوونێك بێتەكایەوە كە پەیوەندی بەبابەتەكەوە هەبێت یان بۆ ئەوەی هیچ ڕاڤەیەك بكرێت، هاتینە دەرەوە. بەڵام پێشبینی ئەوەم دەكرد كە محەمەد، یان هەندێك لەو قوتابییانەی كە پشتگیری بۆچوونەكانی محەمەدیان دەكرد بێن بۆ ژوورەكەم، چونكە دەبوو شتانێكی زۆرتر دەربارەی ئەم بابەتە بوترایە و بوترێن.

ڕێزم لە محەمەد دەگرت

لەڕاستیشدا هەروابوو، لە پێشبینیەكەمدا بەهەڵە نەچووبووم، كاتێك گەیشتمە بەردەم ژوورەكەم دەبینم محەمەد لەبەردەم دەرگاكەدا چاوەڕێ دەكات. پەیوەندییەكی زۆر گەرم و گوڕم پیشاندا. هێنامە ژوورەوەو دەستم گوشی و داوای چایەكم كرد بۆی و وتم:

محەمەد! كاتم زۆرە، بەئاسودەیی دانیشە، بڕوام وایە كە ئەم جۆرە یەكتربینین و قسەكردنانە دۆستایەتیمان بەهێز دەكات و هەلێكمان بۆ دەڕەخسێنێت سوود لەبیروڕاكانی یەكتر وەربگرین. محەمەد بەئاست و هەستێكی بەرزو شیرینەوە دووا، من زیاتر محەمەدم دەهێنایە گۆو بەو جۆرە بیروڕاكانی ئەوم بۆ دەردەكەوتن. بەبێ پیشاندانی هیچ جۆرە كاردانەوەیەك و بە بێدەنگی گوێم لە محەمەد دەگرت، تەنانەت لە بابەتە زۆر ناڕەحەت و توندڕەوەكانیشی، پاشانیش بەبێ هیچ ئازاردانێك و شكاندنێك و بێ

ئـەوەی قەڵسـی بکـەم، بیروڕاکـانی خـۆمم تێدەگەیانـد. تەنانـەت لەکاتێکیشدا کە بەرپەرچدانەوەیەکی توندوتیژی هەبوایە پـێم دەوت: "بـەڕێزەوە تەماشـای ئـەم جـۆرە بیرکردنەوانـەت دەکـەم، نرخانـدنی جیـاواز زۆر ئاسـاییە. بـەجیاواز سـەیرکردنی بابەتـەکانیش دۆستایەتییەکان ناڕوشێنێت. "هەمیشە ڕێزم لێ دەنـا، دەمویسـت کـە ڕێـزی خـۆمی بـۆ دەربخـەم. بـە بـەرەو پێشچـوونی گفتوگۆکـان و، بەهاتنەکایەی بیروڕاکان و، بەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان، تێگەیشتنی بەرامبـەر و سـنگ فراوانـی بـەردەوام زیـاتر دەبـوو وەك بڵێـی لەسـەر بابـەتێك پێـك هـاتبین، لەبەرامبـەر قوتابییەکمـدا کـە بێبـاوەڕی و نکوڵیکردنی (هـەر بابـەتێك کـە پەیوەندییـەکی دوورو نزیکـی بەپرسـە مەعنـەویی و دینییەکانـەوە هـەبێت) ناسـرابوو، وەك بڵێـی لەسـەر بابەتێك هـاوڕابین و پێکهـاتبین. ئەمـە گوتـەی خـۆی بـوو، کاتێـك کـە هەستایە سەرپێ و مۆڵەتی چوونە دەرەوەی خواست، دەستی بۆ مـن درێژکرد و وتی:

(مامۆستا من زۆر سوپاست دەکەم بۆ ئەم گفتوگۆیە، بڕوام وایە کە بـەردەوام دەبـین لەسـەر ئـەم گفتوگۆیانـە). منـیش هـەموو ئومێـد و دڵسۆزییەکم بۆ محەمەد دووپات کردەوەو، بەڕێزلێگرتنـەوە بـەڕێمکرد و خواحافیزیی کرد. زۆر دڵخۆش بووم بە بەرەوپێشچوونی دۆستایەتی و هاوسەنگبوونی دڵسۆزیمان. خۆ ئەگەر محەمەد دوزجەیی لەم فکـرە زیانبەخش و مەترسیدارانە ڕزگاری ببوایە ئەوا دەبـوو بـەمرۆڤێکی زۆر

بەکـەڵك بـۆ دەورووبەرەکـەی، وا پێویسـت بـوو کـە ئـەم گفتوگـۆ و چـاوپێکەوتنانە زیـاتربکرێن. وانـەکان بـەردەوام دەبـوون، محەمـەد دوزجەیی لەوانەکاندا هەروەك ژیانە شپرزەکەی، لەسەر پرسـیارکردنی زۆر و بـێ مانـا هـەر بەردەوام بـوو منـیش هـەتا لەتوانامـدا بـوو، بـێ دڵشـــکاندن و تورەبـــوون، هـــەوڵم دەدا ڕێـــزی لێبگـــرم و وەڵامـــی پرسیارەکانی بدەمەوە، تەنانـەت هەنـدێك لـە قوتابییـەکان بەرەبـەرە بەرهەڵستی ئەم حاڵەیان دەکرد و دەیانوت "مامۆستا، بۆچی ئەمەندە ڕێز لەم گەنجە دەگریت؟ تەنانەت قسەکردنیش لەگەڵیدا هەڵەیە"

نـەخێر... مـن لـەو بـاوەڕەدا نـیم، بـۆ هـەر قوتابییـەکی کێشـەدار ڕێگەیـەك هەیـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی، بەنەدیتنـەوەی ئـەو ڕێگـە چـارەیە نابێـت بوترێـت ئـیتر ئـەم کێشـەیە چارەسـەر ناکرێـت. لەوانەشـە چـارە دۆزی ئـەو گرفتـە پێویسـتی بـە هـەوڵ و تەقـەلای زیاتربێت. وەك سەرنجێك لەسەر ئـەم خاڵـە، مامۆسـتا (بـدیع الزمـان) مـرۆڤ بەکۆشـکێکی سـەد دەرگـایی دەچـوێنێت، ئەگـەر هـەموو ئـەو دەرگایانە داخراویش بن تەنها یەك دانەیان کرابێتەوە، نابێـت بوترێـت کـە کـەس ناتوانێـت بچـێتە نـاو کۆشـکەکەوە، هـەروەها تێمـان دەگەیەنێت کە ئەگەر لەکەسێکدا هەموو لایـەن و ڕەفتـارێکی خـراپ و ڕوخێنەر هەبێت. بەدڵنیاییەوە لایەن و ئاڕاستە و دەمارێکی تێدایە کە دەکرێت لێی نزیك ببیتەوە و لەوێوە ڕاستییەکانی پیشان بدەیت.ئـەم بۆچوونە لەڕووی پەروەردەییەوە جێگەی بایەخی زۆرە. ئەوکەسانەی

کەوا باسدەکرێن گوایە خراپ بوون و هەڵە و بێ سوودن و دەبێت فەرامۆش بکرێن، پێویستە کەنار نەخرێن و دەمکوت نەکرێن، دەبێت تا دوا وێستگەی گفتوگۆ ئەزموونی جیاوازیان لەگەڵ بەکاربهێنرێت، ئەوسا دەبینیت کە دۆزینەوەی دەلاقەیەك، دەروازەیەك کە بڕوانێتە دڵ ومێشکیان کارێکی گونجاوە و گەیاندنی پەیام پێیان ئەستەم نییە. لەگەڵ محەمەدی دوزجەیی وتووێژێکی باشمان بنیات نابوو. لەکاتێکدا کە بەیەك دەگەیشتین قۆپچەی یەخەی کراسەکەی دادەخست و بەڕێزێکەوە دەچەمییەوەو چاك وچۆنی لەگەڵ دەکردم. تەنانەت هەندێکجار بەگاڵتەوە منیش دەموت: ئەمە ڕێزێکی تایبەتییە بۆ جەنابتان جگە لەتۆ بۆ کەسی دی نانوێنم، محەمەد تۆ جیاوازیت، تۆ هاوڕێیەکی دڵسۆزیت بۆ من، متمانەیەکی زۆرم بەتۆ هەیە بڕوام وایە کە بەو سەرکەوتنەی کە لەدوا ڕۆژدا بەدەستی دەهێنیت هەمووکەس شەرمەزار دەکەیت. محەمەد دوزجەیی بەمانە زۆر خۆشحاڵ دەبوو.

من بۆ چێژ و کەیف دەژیم

لەبەرئەوەی بەدرێژایی ڕۆژ وانەم دەوتەوە، ماندووبووم، ویستم بچمە ژوورەکەم و کەمێك پشوو بدەم. لەو چایەی کە خۆم ئامادەم کردبوو پەرداخەکەم لێ پڕکرد و تەقەی دەرگا هات و محەمەد هاتە ژوورەوە. بە زەردەخەنەیەکی ئەنەدۆڵییەوە شوێنی دانیشتنم پیشانیداو وتم" فەرموو محەمەد دانیشە، وادیارە خەسوت خۆشی

دەوێیت" پێکەنین. کاتێك سەرگەرمی چا خواردنەوە بووین محەمەد وتی:

مامۆستا دەمەوێت کەمێك لەگەڵتدا گفتوگۆ بکەم:

– گوێم لێتە فەرموو.

بە گوفتارە تایبەتییە ڕوونەکەیەوە وتی: "مامۆستا تۆ لەگەڵمدا ڕاست و جددیت، یان چاوبەستم لێدەکەیت؟" بەو گوزارشتە ڕاستەوخۆیەی کەمێك سەرسام بووم بۆ دەرخستنی ئەمەش بزەیەکم کرد، تۆ گەنجێکیت شایستەی مامەڵەی شێلگیر و جددیت، لە داهاتووتدا شتانێکی پڕ بایەخ و باش دەبینم.

یەکسەر بەشەرمێکەوە:

سوپاس مامۆستا، ئایا دەزانیت ئەو ئەرزشەی کە تۆ بۆ منی دادەنێیت، ئومێدم پێدەبەخشێت، هەندێکجار بیردەکەمەوە دەڵێم ئایا ڕۆژێك بێت کە خراپتربیم و دەربکرێم؟ یان ڕۆژێك هەڵسوکەوتەکانم ئاسایی ببنەوە و بچمە قاڵبێکەوە کە خەڵکی چی دی پەسەندم بکەن؟ ئەوجا چاوی بڕییە چاوەکانم و چاوەڕێ بوو یەکێکیان پەسەند بکەم.

– منیش: بێگومان دووەمیان.

نەك تەنها بەپەسەندکردنت لەنێوان خەڵکیدا، تەنانەت بەهۆی هەڵسوکەوتە باشەکانتەوە دەست خۆشیت لێدەکەن.

وتی: "مامۆستا وادیارە دیسان خەون دەبینمەوە"

زەردەخەنەیەکی کرد نەیدەویست باوەڕ بکات.

بۆئـەوەی زیـاتر جـددی بـین و بچـینە نـاو بابەتەکـەوە هەنـدێك پرسیارم لێکرد: "محەمـەد بـە بۆچـوونی تـۆ ئێمـە بۆچـی هاتوینەتـە بوون؟ بۆچی سەرانسەری دونیا لەخزمەتی ئێمەدایە؟ یانی مەبەستی ژیان چییە؟ بۆچی دەبێت بژین؟

بێ هیچ بیرکردنەوەیەك هەڵیدایە و وتی:

"مامۆسـتا مـن فەلسـەفەی ژیـانم پێشـتر باسـکرد، مـن بـۆ چـێژ و ڕابواردن دەژیم، چ شتێك مـن دڵخـۆش بکـات، بـەوجۆرە هەڵسـوکەوت دەکەم، ژیان بۆ من واتایـەك، ڕێسـایەکی نییـە، تـا ئەوەنـدەی بتـوانم بـەوجۆرەی کـە دەمـەوێت ژیـان بەسـەردەبەم و دواتـر دەڕۆم، چـی دەبێت بابێ، هـەموو شـتێك بـۆ مـن کۆتـایی هـاتووە "یـانی ژینێکـی بێسەروبەر و بێ بەها، وەك گیاندار و، کردنی هەر شتێك کـە بتـەوێت، لەدوای مردنیش فڕێدانە لایەکەوە ...

" بەڵێ هەر بەوجۆرە..."

ئـەم هەڵسـەنگاندنەی هـەروەك تـیر نـاخمی پێکـا. ئەمـە یەکێکـە لەئاکامـە زینـدووەکانی سیسـتەمی خوێنـدن، کەسـێك بـاوەڕی وابێـت مرۆڤ لە مەیمونەوە هاتبێت و مانەوەی بۆ چێژ و ڕابـواردن بێـت، دوای مردنیش لێپرسینەوە لەکردارەکانی نەبێت، کەسـێك کـە بەمـەنتیقێکی وەهـا گۆشـکرابێت چ سـوودێکی بۆکەسـانی تـر دەبێـت؟ چ بـۆ خێزانەکـەی چ بـۆ کۆمەڵگاکـەی چ بـۆ وڵاتەکـەی؟ کـێ دەتوانێـت

کۆنترۆڵی کەسێك بکات کە باوەڕی بە لێپرسینەوە نەبێت لەسەر کردارەکانی؟ بۆ ڕاگرتنی ئاوەها عەقڵێك، مرۆڤێك، پێویستە دەوڵەت چەند پۆلیس و ئامێر و کەرەستە بخاتەگەڕ؟ ئایا ئەگەر هەموو جۆرە ڕێ و شوێنێك بگرێتەبەر دەتوانێت ڕێ لەم هەموو خراپە و زیانانەی مرۆڤ بگرێت؟ یان بەواتایەکی تر، ئایا دەگونجێت کە بەتەواوی ژێر ڕکێف بخرێت؟ ئەی بۆچی ئەم ڕاستییە هێشتا نابینرێت؟ گەڕامەوە بۆ لای محەمەد وتم: "دەتوانم پرسیارێکی ترت لێبکەم؟"

وتی: "فەرموو مامۆستا."

وتم: "خوا پەنابات ئەگەر عەقڵت لەدەستدابێت، بڕۆیتە لای حەکیمێك بتگەڕێنێتەوە بۆ باری ئاسایی تەندروستی خۆت، ئایا پێتوایە چەند کەوتویتەتە ژێرباری قەرزی ئەو حەکیمەوە؟"

وتی: "مامۆستا ئەمە یانی چی؟ دکتۆرێك کە شێتێکی عاقڵ کردبێتەوە هەموو تەمەن دەکرێتە فیدای، چونکە حەکیم دەبێتە هۆی پێشکەشکردنی ژیانێك" باشە ئەگەر چاوەکانت نەبێت و هیچ دونیا نەبینیت، یەکێك بێت و چاوەکانت بداتەوە و دەستبکەیت بەبینین، ئایا بەرامبەر بەو کەسەی کە چاوەکانتی گێڕاوەتەوە چۆن و چەندە سوپاسگوزار و منەتباری دەبیت؟"

-"واتە ژیانێکیش بەو دەدرێت چونکە پێویستە نرخەکەی زۆر بێت."

-"ئەگەر درێژەبدەیت بە بابەتەکە، زمان، دەم، لوت، گوێ، بەکورتی هەموو ئەندامەکان بگریتەوە، پێتوایە چەندە قەرزاربار دەبیت؟

- " ئۆۆۆ... مامۆستا: ئەمە لە هەژمارکردن نایەت، نەك تەمەنێك بگرە هەزارەها تەمەنیش بەشی ناکات، مرۆڤ ئەگەر ببێتە بەندەش هێشتا دەستەوەستانە لەدانەوەی ئەو قەرزە. دیسان گەڕامەوە بۆ لای محەمەد و وتم: "دەی باشە محەمەد" ئەو دنیا زیندەگی و سایکۆلۆجییەی کە تۆ خاوەنیتی، هەموو نیعمەتە ڕێکوپێك و سەرسوڕهێنەرەکانی، ئایا تا ئەمڕۆکە هیچ بیرت لەمانە کردووەتەوە کە بۆچی و لەلایەن کێوە پێت دراون؟ یان ئەگەر پرسیارەکەم بەم شێوەیە بپرسین: لەبەر خاتری دووچاوو، عەقڵ و، زمانێك یان هەریەکێك لە ئەندامەکانی لەش، لەبەرامبەریدا کارکردن وەك کۆیلەیەك بهێنرێتەوە بەرچاو و ئەمە پێویستی عەقڵ بێت، ئایا نابێت بیربکەینەوە کە وەك چی و چۆن قەرزاری خاوەنی بەتوانا و بەخشەری ئەو کۆشکە ڕێکوپێکەی جەستە و پێشکەشکەری جیهانی نایابی زیندەگی و سایکۆلۆجی و ئەوەی کە گەردوونی پڕکردووە لەمیلۆنەها نیعمەت بۆمان؟" ئایا تامەزرۆ نین و نامانەوێت ئەو زاتە بیناسین کە هەموو جیهانی بۆمان ڕامهێناوە و گشت بوونەوەرانی بۆ خزمەتمان تەرخانکردووە؟

"ئایا بەهۆشماندا نایەت کە چی لە ئێمە دەوێت؟"

محەمەد بێدەنگ بوو و بۆماوەیەك خەیاڵ بردییەوە.

ئایا ئەو زاتە بەخۆڕایی هەزارەها نیعمەتمان پێ دەبەخشێت؟

لەسەر قسەکردن بەردەوام بووم:

"ئـەو زاتـەی کـە لەژیانمانـدا بەهـەزارەها نیعمـەتی خۆیمـان پێدەبەخشێت، ئایا هەموو ئەمانەمان بەخۆڕایی دەداتێ؟ ئەمانە هیچ لێپرسینەوەیەکیان نابێت؟"

محەمەد بە پەژارەیی و شەکەتییەوە وتی:

"مامۆستا، تکا دەکەم نەچنە نێو ئەم باسانەوە، نامەوێت بیر لـەم بابەتانە بکەمەوە. ئەمانە شـتانی زۆر وردن و لەناویانـدا نـاتوانم بێمـە دەرەوە، زۆر ناڕەحەت دەبم، وازم لێبهێنە چـۆن دەژیـم بـا هـەروایش بەردەوامبم.

– ئـەم پەناگیرییـەت چـارەنییە. ئـەو زاتـەی ئێمـەی لـە نـەبوون هێناوەتـە بـوون و نیعمـەت و میهـری بـێ بەرامبـەری پێبەخشـیوین، دەبێت بۆ ئامانجێك ئێمـەی ناردبێـت. کاتێـك ئێمـەی بـردەوە لێمـان دەپرسـێتەوە چـونکە هـەموو کـڕین و فرۆشـتنێك بەرامبـەرێك و لێپرسینەوەیەکی هەیە. سەیر بکە دەربارەی ئەم بابەتە زانایـەکی زۆر بەڕێز ئاوا باسدەکات:

" مرۆڤ بۆ بەسەربردنی کەیف و وەرگرتنی چێژ نەهاتووە بۆ ئەم دونیایە، بەڵکو هەمیشە مرۆڤ ڕۆشتنی هاتووەکان و پیربوونی لاوەکان و لەناوچوون و جیابوونەوە دەبینێت. کەواتە مرۆڤ تەنها نەهاتووە بەخۆشی بژی و تەمەنێکی ئاسودەیی و پوخت بەسەربەرێت. بەڵکو ئەو مرۆڤەی کە سەرمایەیەکی مەزنی لەدەستدایە بەمەبەستی بازرگانی کردن و بەدەستهێنانی ژیانێکی جاویدانی و کامەرانییەکی هەمیشەیی نێردراوە". [1]

محەمەد دوزجەیی لەناکاو هەستایە سەرپێ و وتی: مامۆستا، ئەمانە شتی زۆرجددین، من هێشتا ئامادەنیم گوێ لەمانە بگرم و هەڵیان بگرم. من دونیایەکی تایبەت بەخۆم هەیە، دەخولێتەوە و دەڕۆم. ئەگەر گوێ لەشتی ئاوەها بگرم، یان ئەبێت بگۆڕێم یان ئەبێت خۆم بکوژم، تکات لێدەکەم چی دەبێت، جاریێ دەست لەمن مەدەن؟ دیاربوو کە وردە وردە لەناخیدا زریان هەڵدەکات و هەندێك لێپرسینەوە ڕووی تێکردووە.

منیش هەستامە سەرپێ و وتم: باشە، با قسەی تۆ بێت. ئەم بابەتە دائەخەین دواتر یەکتر دەبینینەوە. دەستخۆشیمان لەیەکتر کرد و لەژوورەکەم ڕۆیشتە دەرەوە.

لەپاش چەند ڕۆژێك لەگەڵ محەمەد لەباخچەی زانکۆدا ڕووبەڕوو بوومەوە، دووبارە بەڕێزێکی زۆرەوە سڵاوی لێکردم و بە هەست

١- خاوەنی ئەم چەند دێڕە مامۆستا سەعیدی نوورسی یە.

ناسکییەکەوە دەستی بۆ درێژکردم. منیش هەندێ قسەی خۆشم بۆ کرد کە دڵی پێ شاد دەبوو. وتی: مامۆستا، هیچ ناگەڕێیت بەدوامدا و هەواڵم ناپرسیت یاخود لەبیرتکردووم؟ منیش وەڵامم دایەوە و وتم:

محەمەد من چۆن تۆ لەبیردەکەم. تۆکەسێکی جیاوازیت کە هەرگیز لەبیر ناکرێیت. دیسان بەشێوە دووانە تایبەتییەکەی خۆیەوە:

مامۆستا شەو زۆر درێژە یان وەرە سەردانمان بکە یان ئێمە بانگهێشت بکە، با ئێمە بێین. لەبەرئەوەی لە زانکۆ کات کەمە ناتوانین زۆر یەکتر ببینین.

وتم: باشە، بەڵام دەزانیت کە لێرە بەسەڵتی دەمێنمەوە، دەتوانم لەکۆتایی هەفتەدا بانگهێشتت بکەم، پێکەوە گەشتێکی بچووک ئەنجام بدەین، هەم میوانداریی تۆ دەکەم و هەم وتووێژی زۆریش دەکەین. پرسیاری کرد و وتی: مامۆستا ئەوە بەڕاستتە؟ وتم: بەڵێ، بەدڵنیاییەوە بەڕاستمە... ویستی قسەی پێوە بناڵێنێت و وتی: یانی بێ ئەوەی پرس بە براژن بکەیت بڕیار دەدەیت؟

پێکەوە پێکەنین.

محەمەدم بانگهێشت کرد

ماڵەکەم لەشوێنی کارەکەمدا نەبوو، لەبەرئەوە بۆ بەسەربردنی پشووی کۆتایی هەفتە لەگەڵ محەمەد پێکەوە هاتین بۆ ئەو شارەی کە ماڵەکەمی لێبوو. گەشتێکی کورت بەڵام پڕ ماناو دۆستانە بوو. محەمەد میوانی پشووی هەفتەی من بوو، لەپاش بەسەربردنی پشووی هەفتە دووبارە پێکەوە دەگەڕاینەوە بۆ زانکۆ. لەگەڵ محەمەدی میوانم لەماڵەوە تەنها خۆمان بووین، بەو هۆیەی محەمەد لەماڵەکەمدا میوان بوو بەهەستیارییەکی زیاترو ناسکییەکی زۆرەوە هەڵوێستی دەنواند.

دیاربوو زۆر هەوڵیدەدا کە دڵی من ڕاگیر بکات و زویرم نەکات. لەیەکەم ساتی هاتنە ماڵەوەی، چاوەکانی هەمیشە لەسەر کتێبەکان، تابلۆکان، ڕێکی چواردەوری، چاوەکانی لەسەر ئەو گوڵانە بوون کە تێری نەدەخوارد لەسەیرکردنی ڕەنگەکانیان. . بەئاشکرا پێوەی دیاربوو کە لەژینگەیەکی نامۆدایە و پێی ڕانەهاتوە. من و هەموو ئەندامانی خێزانەکەم بۆ دڵ ئاسودەکردنی میوانەکەمان هەوڵی پیشاندانی ئەو میواندارییەمان دەدا کە لە گەورەکانەوە خووی پێوە گیرابوو، ئەمەش محەمەدی هەم خۆشنوود و هەم شەرمەزاریشی دەکرد. بۆ نانخواردنی ئێوارە کەش و هەوا جۆرێکی تر بوو. هەروەك بڵێیت کە خوای گەورە زۆرێك لەجوانی و پێشهاتە پڕ بایەخەکانی یەك

لـەدوای یـەك دەهێنـا، خواردنـە جۆراوجۆرەكـانی سـەرخوانەكە زۆر كاریان تێكرد. كەمێك بەزیادەڕەوی كردنەوە وتی:

– مامۆستا ئەوەندە خواردنەكان ڕێكوپێك و بەلەزەت و خۆشن، وا هەستدەكەم لەسەر مێزی پەرییم. ئارایشی ڕازاوەی ژوورەكە و لـوتفی ناسكی ئێوە، تەواو منی شەرمەزاركردووە، خەریكە لەشـەرما ئـۆقرەم نامێنێت.

بێگومان ئەویش وەسف و ستایشی منی دەكـرد و شـتەكانیش بـەو شـێوەیە نـەبوو كـە باسـیكرد. ئـەو گـەنجێكی زۆر زرنـگ بـوو، بـاش دەیزانی، كـە چ قسـەیەك و لـەچ كاتێكـدا دەیكـات. لـەدوای خـواردن، لەگـەڵ خواردنـەوەی چـاییەكانمان، دەسـتمانكرد بەگفتوگۆیـەكی زۆرخۆش. لەقسەی ئاساییەوە، لە ئاو و هەواوە، كرانەوە تـا گەیشـتە بابەتە گرنگەكان. كاتێك یەك بە یەك باسی بابەتە گرنگەكانمان دەكرد وەك ئەوەی شتێكی زۆرگرنگ كەشف بكات، وتی:

"مامۆسـتا وادیـارە ئـەم شـەو زۆر درێـژە دەكێشـێت" پێشـبینی دەكرد، منیش وتم: "بەیانی شەممەیە هەرچۆنێك بێت زانكـۆ پشـووە، هــەم شــەومان زۆرە و هــەم ڕۆژیــش". محەمــەد بــەردەوام بــوو لەقسەكردن و وتی:

– هەمووكاتێك ئاوەهایـە دۆزینـەوەی كـاتێكی گونجـاو نارەحەتـە، پێویستە ئەم شەو زۆر بەجددی هەڵسەنگێنین، بەلایـەنی كەمـەوە مـن بۆخۆم وا بیردەكەمەوە. من لەگەڵ هەموو كەسێك بابەتی گـرنگ بـاس

ناکەم. بەڵام ئێوە جیاوازن چونکە شێوازی هەڵسوڕاندنی ڕووداوەکان و ئەو نرخەی کە دەیدەن بە بەرامبەرەکەتان، کاریگەریی زۆری لەمن کردووە.

مامۆستا ئەگەر ڕێگەم بدەیت دەمەوێت بابەتەکە لێرەوە دەستپێبکەم:

"کەم تا زۆر بیروبۆچوونەکانی جەنابتان دەزانم ئاشکرایە کە جەنابتان لایەنگری بیروبۆچوونێك دەکەن کە تەوەرەکەی خوا و دینەکەیەتی، منیش بەتەواوی لایەنگری پێچەوانەی ئەمەم!

منیش چوومە نێوان ئەم وتەیەوە و وتم:

– ببورە محەمەد لەڕاستیدا من هەندێك پێشبینیم دەربارەی تۆ هەیە، بەڵام هێشتا من بەتەواوەتی تۆ ناناسم ئەگەر تۆ پێت باشە سەرجەمی بنەما فەلسەفی و داواکارییەکانت بەکورتی و پوختی باس بکە، بەم جۆرە بیروڕاکان زیاتر لەیەك نزیك دەبنەوە.

محەمەد وتی: فەلسەفەی من، یان بنەماکانی فەلسەفەی گەنجێتی بێ یاسا، ئەمەیە کە: (مرۆڤ یەکجار دێتە دونیا، لەبەرئەمە دەمانەوێت بەو جۆر و شێوازە بژین کە حەزمان لێیەتی. هەرکۆسپێك کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەو ژیانەی کە دەمانەوێت، جا ئەو کۆسپە هێڵە کۆمەڵایەتییەکان، یان ڕێسا ئاسمانییەکان بن ئەوا بەنەبوو هەژماریان دەکەین و ملیان بۆ کەچ ناکەین. دەستور و یاسا و تێگەیشتنە دینییەکان چەندەها کۆسپی جۆراوجۆر و زۆرە ملێ دەخەنە بەردەم

مرۆڤـەکان و بەتـەواوی دەبنــە ڕێگـر لەبـەردەم ڕابـواردن وخۆشــی و شـادیدا. ئێمـەش بۆئـەوەی بەوشـێوازەی کـە بمانـەوێت بـژین و چـێژ لەژیان وەربگرین وای بۆدەچین نمونەییترین ژیان بریتییە لـەژیانی بـێ یاسایی، بـەجۆرێك کـە پێویسـتی بەیاسـاکانی دیـن و خـوایی نـەبێت. بەکورتی و پوختی فەلسەفەی "گەنجایەتی بێ یاساییە").

بەڕاستی ئەم فەلسەفەیە مەترسییە بۆ بەهاکانی کۆمەڵگە، من زۆر بەهەستیارییەوە گوێم لەو وتانە دەگرت. پێویسـتە بـە زووتـرین کـات ڕێ و شوێنی گونجاو بگیرێتەبەر بەرامبەر ئەمانە، بەڵام چۆن؟

پێویست بوو بەپێی نەخۆشییەکە دەرمانی پێشکەش بکرایە

هیچ باکی لە بـەکارهێنانی هێـز بـۆ سـزادان و دەرکـردن لـە زانکـۆ، بەترسـاندن و هەڕەشـە و گوڕەشـە نـەبوو. کێشـە لـەکوێوە دەسـتی پێکردبێت پێویستە چارەسەریش لـەوێوە بکرێـت. ئـەم ڕێسـایە تـاکو گەنجێك بەدەستبهێنرێت پێویسـتە لەپێشـدا (ئینکـاری و ڕابـواردن)ی وەك ئامرازێك پێ بناسێنرێت، لەبەرامبەر ئەو تەوژمە فکرییەی کە دان بەبوونی خوا و پەیڕەوکردنی ئایندا نانێت، پێویستە میتۆدی لـۆژیکیی و بەڵگەی زانستیی بوونی بەدیهێنەر و ئاتاجی زگمـاکی مـرۆڤ بـۆ دیـن بسـەلمێنن و، ئـەوە ڕوون بکەنـەوە کـە ئـەو لـەززەت وکەیفـەی کـە لەدەرەوەی بازنەی ڕێگە پێدراوەکانەوە چنگی دەکەوێت، نـەك نابنـە

مایەی دەستەبەرکردنی ئاسودەیی و کامەرانیی، بەڵکو هەموو ئەو چێژانە دووگیانن بە سەرەئەنجامی بەسۆ و ناسۆری دڵتەزێن. بەڵێ تەنها بەم شێوەیە دەتوانرێت بەر بەم ڕەوتە هزرییە ترسناکە بگیرێت.

ئەم قوتابییەم کە لەژێر چنگی نکوڵی و بێ سەروبەرەیی و ڕابواردنی ڕەهادا دەتلایەوە، بێئاگا بوو لەوەی کە دەیکرد. دوای ئەوەی کە بەنیگەرانییەوە لێی ووردبوومەوە و پرسیارێکم لێکرد: بە نکۆڵیکردنی خودا و ئاین و پێشێلکردنی هەموو بنەماکان، چۆن خۆشی و بەختەوەرییەکی هەلاوێرت دۆزییەوە؟ لەم ڕووەوە ویژدان و ئەقڵت بەمە ئاسوودە دەبن؟ سەری دانەواند و دوای تۆزێك تێڕامان کە لەکوێوە دەست پێبکات، وەك بە نابەدڵی وەڵام بداتەوە و دەستیکرد بەقسەکردن و وتی:

- بەڵێ مامۆستا ئاسوودەم. بەلایەنی کەمەوە هەوڵدەدەم کە ئاسوودەبم.

نەیدەویست کە زیاتر قسەبکات. با زمانیشی بڵێت ئاسوودەم بەلام هەڵسوکەوتەکانی بەدرۆیان دەخستەوە، خۆیشی دەیزانی کە ئاسوودە نییە و ئێمەش دەمانزانی. وەك بیەوێت خۆی ڕزگار بکات لەسەختیی وەڵامەکان و ویستی خێرا بازبدات بەسەر بابەتەکەدا و وتی: لەبیروڕا و بۆچوونەکانتان زۆر چاك تێگەیشتم. یانی هەر ئەبێت ئەم جیهانە دروستکەرێکی هەبێت؟ کارەکان خۆیان لەخۆیانەوە

بەڕێوەناچن؟ سیستەم لەخۆیەوە فراوان نابێت؟ یانی بەهەرجۆرێك بێت ئەمە پێویستی بەخوایەك هەیە؟

ئەم پرسیارە بەبناغەی بیری مونکیر و ماددە پەرەستان دادەنرێت. لەوەدەچێت، ئەم پرسیارە بووبێتە سەرەتایەك بۆ چوونە ناو بابەتە سەرەکییەکەوە. یاخود محەمەد دەیویست بەم پرسیارە من هەڵبسەنگێنێت، منیش بۆئەوەی کاردانەوەیەکی هەروا سەرپێیی و ئاماژەیەکی داڕنراو لە بەڵگە نەیەم بەدەستەوە، لەکتێبخانەکەم هەندێك کتێبم هێنایە خوارەوە کە پەیوەندییان هەبوو بە بابەتەکەوە یان لەنێو سەرچاوەکانیشدا شاکارەکانی ((پەیامەکانی نوور)) لەپێش هەموویانەوە بوون.

وتم: "بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم پرسیارە، با ئەم بانگەشەیە بەخاڵی دەسپێکردن پەسەند بکەین: "خوا هەیە، دونیا ئەو دروستیکردووە، دونیا سەرەتایەکی هەیەو کۆتاییەکیشی دەبێت. گەردوون، نە لە خۆیەوە دروستبووە نەهۆکار دروستیکردووە و نەدەرهاویشتەی هەناوی سروشتیشە." ئێستا ئێوە بانگەشەکەی خۆتانتان دەربڕی، منیش بۆ وەڵامی ئەوە بانگەشەیەکی ترم خستە سەری. من هەوڵدەدەم کە بانگەشەکەم بە بەڵگەیەکی عەقڵیی و زیریی و بنەمای زانستیی بسەلمێنم". بەڵام بۆئەوەی وتووێژەکەمان جێگەی خۆی بگرێت و ببێتە بناغەیەك، با وەڵامدانەوە و بەرپەرچەکان لەسەر تەرزی دەمەتەقێ نەبن، بوێژ، قسەکانی تەواو

بکات، ئـەوکات لایـەنی بەرامبـەر دەسـت بکـات بەقسـە. وەك بڵێـت: "باشە" سەری ڕاوەشاند. بەردەوام بووم.

(بـا بناغـەی قسـەکردنەکانمان، لەسـەر پێوانەیـەکی زانسـتیی و عەقڵیی و ژیریی دروست بن. مەبەستم ئەوەیە کەبڵێین دووکەڕەت دوو چـوار دەکـات. ئەگـەر بڵـێین دوو کـەڕەت دوو شـەش دەکـات هـیچ ئـەنجامێکمان دەسـت ناکـەوێت. لـەم بابەتـەدا کـۆك و هـاوڕابووین، سەرەتا ئایا گەردوون بەدیهێنراوە؟ یان بەدی نەهێنراوە؟ یـان مـاددە نەمرە یاخود سەرەتایەك و دروستکەرێکی هەیـە؟ بـا لێـرەوە دەسـت پێبکەین.)

محەمەد بە سەربادانێکەوە وتی: باشە.

گەردوون سەرەتایەکی هەیە کەوابێ کۆتاییشی دەبێت

بـەم جـۆرە لەسـەر بنـەماکانی گفتوگۆکـەمان ڕێککـەوتین، ئـیتر دەمـانتوانی بچـینە نێـو باسـەکەوە. بـە شـیکردنەوەی (تەقینـەوە مەزنەکـە) (Big Bong) چـووینە نـاو بابەتەکـەوە. ئـەم تیۆرە بە شێوەیەکی زانستیی بابـەتی دروسـت بـوونی گـەردوون ڕاڤـە دەکات و لەم ساڵانەی دواییدا زانایانی ڕۆژئاوا دەستیان دایە بانگەشە و پشتڕاسـتکردنەوەی تیـۆری (Big Bong) کـە بـەگونجاوترین شرۆڤەکاری دیدی قورئانیی لەمەڕ بەدیهێنان دادەنرێت.

"تەقینـەوە گەورەکـە" پشـت دەبەسـتێت بـەو ڕاسـتییەی کـە: گەردوون سەرەتایەکی هەبووە.

بەپێی ئەو ڕووداوە مەزنەی کە بەتەقینەوە گەورەکە ناسراوە: بۆشایی و گەلەئەستێرەکان لەسەرەتادا لە ماددەیەکی گەرم و پێکەوە شەتەکدراو دروستکراون. ئەم ماددەیە لەئاکامی تەقینەوەیەکی گەورەدا بەبۆشایدا بڵاوبووەو، ئەم پارچە بچووکانەش ئەو ماددە و وزەیە بوون کە دواتر گەردوونی لێ دروست بوو، لەپاشدا پارچە وردەکان و تیشکدەرەوەکان بەجۆرێکی گونجاو لە دروستکردنی نەخشەی گەردووندا بەپێی ڕێژە دابەشکران. کاتێك کە زەمینە لەباربوو گەردەکان لەسەر مۆدێلێکی ڕێك و پێك کە لەوەوپێش دیاری کراون دروستبوون. دواتر ئەو میکانیزمانەی کە بەڕێسا و نەگۆڕە فیزیکی و کیمیکییەکان ناسراون هاتنەگۆڕێ، پرۆتۆن و نیوترۆن و توخمە قورسەکان دروست بوون، ئەستێرەکان لەدایك بوون، خۆر هاتە مەیدان و هەسارەکان پێکهاتن.

لەم ساڵانەی دوایشدا لێکۆڵینەوەکان دەریانخست کە گەردوون بەخێراییەکی زۆر لە فراوان بووندایە و گەلەئەستێرەکانیش لە یەکتری دووردەکەونەوە. ئەگەر ئەم ڕووداوی فراوان بوونە پێچەوانە بکرێتەوە، هاتنەوەیەکییەك ڕوودەدات کە گەردوون دێنێتەوە سەریەك ماددەی بنەڕەتی. هەموو ئەم لێکۆڵینەوانە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم بوونەوەرە لە خاڵی (سفر)ەوە دەستیپێکردووە. لەقورئانی پیرۆزدا باسکراوە کە ئاسمان و زەوی لەشەش ڕۆژدا و دونیاش لە دوو ڕۆژدا دروستکراوە.

بێگومان واژەی ڕۆژ لێرەدا بەمانای "ماوە" یان بڕگە و بەش دێت کە خوای گەورە باسی کردووە. لەقورئاندا ڕۆژ واباسدەکرێت کە یەکسان بێت بەهەزار یان پەنجا هەزار ساڵی ئێمە، واتە گوزارشتەکانی قورئان ئاماژەیە بە قۆناغ و بڕگەکانی بەدیهێنان. خوای گەورە سەرەتا ماددەی ئەثیری دروستکردووە کە وەك ئاو شلەو، هەر چوار دەوری گەردوونی داپۆشیبوو، ئاسمان و زەوی لەم ماددەی ئەثیرە دروستکرد. زانای پایە بەرز بدیع الزمان (سەعیدی نورسی) دەربارەی ماهییەتی یەکەمین ماددە کە گەردوونی لێ دروستکراوە، بە ئاماژەدان بە ئایەتی (٧)ی سورەتی (هود) بەم جۆرە دەفەرموێت:

(عەرشی خوای گەورە لەسەر ماددەی ئەثیر جێگیربوو کە لە حوکمی ئاودایە. لەپاش دروستکردنی ماددەی ئەثیر، بووە بە تەوەرەی یەکەمین پرشنگدانەوەی توانستی بەدیهێنەری کارزان. واتە پاش دروستکردنی ئەثیر، ئەم ماددەیە گۆڕا بە جەوهەری تاك کە ئەتۆمە). بدیع الزمان کاتێك باسی چۆنیەتی ئەثیر دەکات دەڵێت: وەك ئاو ماددەیەکی شلە و دەچێتە نێو دروستکراوەکانەوەو تەنانەت باسی ئەوەش دەکات کە کارەبا و تیشك وگەرمی و هێزی کێشکردن و ماددە شلەکانیش لە ئەثیر دروستکراون لە هەموو بەشێکی گەردووندا بڵاوبوونەتەوە.[١]

١– بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وتەکان، ل: (٦٠٥) و، إشارات الإعجاز، ل: (١٩٤).

ماددەی ئەثیر کاتێك کە لەنەبوونەوە هاتووەتە بوون، خوای گەورە کردی بە بناغەی یەکەم داهێنانەکانی و، گەردەکان بە دروستبوونیان لەم ماددەیەوە، گاز لەباری شلی و خەستیدا هەوڵ و تەقەڵایاندا بۆ خزمەتکردن. یەکەمین هەسارەش کە چووە دۆخی ڕەقی و بۆ خزمەتکردن سازکرا زەوییەکەی ئێمە بوو.

ئەستێرە و هەسارەکانی ناو گومەزی ئاسمان لەمەوبەر گاز بوون، دواتر چوونە دۆخی شلی کە وەك بارستەیەکی ئاگر مانەوە، ڕووی زەوی پێش هەموویان چووە دۆخی ڕەقییەوە، بەدروستکردنی توێکڵێك، زەمینی بۆ ژیان ڕەخساند، بەم جۆرە دروستبوونی زەوییەکەمان لە ئاسمان و هەسارەکانی تر لەپێشترە. ئایەتێکی قورئان وەها دەفەرموێت: زەوی و ئاسمانەکان پێکەوە نوسابوون و تۆپەڵێك بوون، ئێمە تەقاندمانەوە و لە یەکترمان جیاکردنەوە. لە سەرەتادا زەوییەکەمان لەگەڵ ئاسمانیدا پێکەوە نووسابوون دواتر بەڕوونی دەریدەخات کە لەیەکتری جیاکراونەتەوە. ئەم دەربڕینە بەپێی لێکۆڵینەوەی زانستیی هاوچەرخیش لەوپەڕی وردی وگونجاویدایە.

لەسورەتی الأنبیاء ئایەتی (٣٠)دا دەفەرموێت: (هەموو زیندەوەرێکمان لەئاو بەدیهێناوە) سەبارەت بەشێوازی دەربڕینەکە زۆربەی زانایان دەڵێن: ئەو ئاوە ئاماژەیە بۆ ماددەی ئەثیر، چونکە ئەثیر هەروەك ئاو شل و نەرم و ڕوونە لێرەدا محەمەد هەڵیدایە و وتی:

(مامۆستا، من دیسان ناتوانم بەوە قایلببم کە گەردوون لەنەبوونەوە دروست بووبێت، واتە چۆن شتێك لەنەبوونەوە دروست دەبێت؟

نەبوون واتە مادده نەبووبێت. شتێکیش کە ماددەی نەبێت چۆن دروست دەبێت؟)

منیش وتم: با هەوڵی ڕوونکردنەوەی بدەم.

(خوای گەورە لە دوو شێوازدا داهێنانی هەیە (إبداع) واتە لەهیچەوە، لەنەبوونەوە ئەفراندن، داهێنان، ئەویتریان (إنشاء) دامەزراندن یاخود پێکهێنان، واتە بەشێوازی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەندامە دروستکراوەکان بۆلای یەکتری و هێنانەکایەی دروستکراوێکی نوێ.

واتە ئەو زاتە ماددەی ئەثیر کە بنەڕەتی گشت ماددەکانە و جەوهەر و تۆوی گەردوونە لەنەبوونەوە بەدیهێناوە. ئەم ماددەیە بە حیکمەتی خوایی تەقیوەتەوە، گەرد و، وزە و، هەموو بەش و توخمەکانی لێهاتووەتە بوون، ئەم بەدیهێنانە بنەڕەتییەش تایبەت بەیەك بار هاتە گۆڕ و ڕوویدا بەدوایدا دەروازەی (إنشاء) و پێکهێنان (کە بریتییە لە ڕێکخستن وکۆکردنەوەی ئەفرێنراوەکان پێکەوە و هێنانەکایەی دروستکراوێکی نوێ)ی والا کرد و ئیدی قسەکردن سەبارەت بەئەفراندنی ئەتۆم و تەنۆلکە بنەڕەتییەکان لەنەبوونەوە بایەخێکی ئەوتۆی نییە. لە یەکەم بەدیهێناندا مادده بەبڕی پێویست

و تایبەت بەیەك بار بەدیهێنرا. لە هەموو بەهارێکدا ملیۆنـان گـژوگیا و درەخت هەریەکە جیاواز لە شێوە و ڕەگەز و مۆدێل و بۆنی جیاواز لـە بـەهاری پێشـوو زیندوودەبنـەوە. ئەمانـە لـە هـەموو بەهارێکـدا لەنەبوونەوە دروستدەبن. بـەڵام پێویسـتە زۆر بەباشـی لەماهییـەت و تایبەتمەندیی فەرمانی ببە لە نەبوونەوە بزانین هەرشتێك بـەپێی ئێمـە نەبووبێت و خۆیشی خاوەنی بوونێکی ماددی نـەبێت، لەلایـەن خـواوە دەزانرێت چونکە سیفەتی زانستیی خـوای گـەورە ڕەهـا و گشـتگیرە، واتە هەموو شتێك دەگرێتەوە، خۆ لەبەر ئەم هۆیە هیچ شتێك نـاتوانێ بچێتە دەرەوەی بازنەی زانستی خوایی، شتێك کە لەبازنەی زانستەوە بچێتە بازنەی بوونی ماددە، بەبۆچـوونی ئێمـە لەنەبوونـەوە هـاتووە، بەڵام ئەمە بەهیچ جۆرێك بەشێوەی "نەبوونی ڕەها" ئـەنگار ناکرێـت، محەمەد وتی:

(مامۆستا، کەمێك زیاتر ئەمە ڕوون ناکەیتەوە؟) منیش وتم:

با ئەندێشەی ئەفراندنی شتێك لە نەبوونەوە بکەین کە هیچ مۆدێل و نموونە و شێوە و هاوشێوەی نەبێت. ئەم ڕووداوە بـە بۆچـوونی ئێمـە لەنەبوون و هیچەوە دروست بـووە، کەچـی ئـەو شـتەی کـە لای ئێمـە مۆدێل و هاوشـێوەی ئێمـە نـەبوو، لەبازنـەی زانسـتی خواییـدا بـوونی هەیە. ئەگەر ئـەم دروسـتکراوە بـوونێکی مـاددی نەپۆشـێت و نەیەتـە جیهانی ماددەوە ئەوا ئێمە پێی نازانین، کە هاتیشە بوون دەڵێین: کە لەهیچەوە هاتووەتە بوون. وەلێ ئەمە تەنها توانستی ئاوەزی ئێمەیـە،

ئەمە بەپێی بازنەی زانستی خوایی نییە، دیارە ئەو شتە لەبازنەی زانستی خواییدا بوونی هەیە. بەڵام هێشتا بوونی نەپۆشیووە. محەمەد دووبارە وتیەوە: خوا چۆن ماددەیەکی هەبوو دەکاتە نەبوو؟ ئەگەر دەشڵێیت بەڵگەم پیشان بدە. ئەگەر دەڵێیت (حاشا) توانای لەناوبردنی نەبوونی نەبێت چۆن خوایەکە؟

لە ئاست ئەو هەڵوێستە بەجۆشەی محەمەددا بەشێوەیەکی نەرم بەردەوام بووم:

ملیۆنان گژوگیا و درەخت و گەڵا و، خەزێنەی میوە و بۆن و بەرامە و شێوە و تەرز کە لە بەهاری نوێدا دروستدەبن، دیسان لە وەرزی زستاندا دەبنەوە بەنەبوو، ئەگەر دارێك بخەینە ناو سۆپایەك و بیسوتێنین، دەبینین کە دارەکە دەبێت بەخۆڵەمێش، کێش و ڕەنگ و بۆنی نامێنێت، بگرە ئەگەر خۆڵەمێشەکەی و وزەکەی و دوکەڵەکەی کۆبکرێتەوە دووبارە دەتوانرێت کێشی دارەکە بەرهەم بهێنرێتەوە. بەڵام سیفەتەکانی وەك ڕەنگ و شێوە و بۆن و سیفەتەکانی تری دووبارە ناگەڕێندرێتەوە. چونکە ئەوان بوون بە (نەبوو).

لەئەنجامی هەندێك لە لێکۆڵینەوەی زانایانی گەردووناسی لەم ساڵانەی دواییدا، ئەو ئەستێرە زەبەلاحانەی کە چەند هێندەی هەسارەکەی ئێمەن بەرەو جێگایەکی نەناسراو دەڕۆن کە زانایان ناویان ناون (کونە ڕەشەکان) و لەجیهانی ماددە دەردەچن، هێزی کێشکردنی ئەم کونە ڕەشانەش نزیکە لەناکۆتا (infinity)ەوە.

هەر ئەستێرەیەك یان هەسارەیەکی بکەوێتە بەر یان نزیك یەکێك لەم کونانەوە ئەوا گەرمی، ڕوناکی، دەنگ و هەر تیشکێکی تری قوت دەدات و دەبێتە بیرێکی بێ بن، هەربۆیە ئەم کونە ڕەشانە بەڵگەن لەسەر ڕۆیشتن بەرەو جیهانێکی ئەبەدی و هەمیشەیی.

محەمەد لەدوای ئەوەی کەپەنجەکانی کرد بەناو یەکدا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی:

(مامۆستا، ئایا دەزانیت ئەم ڕوونکردنەوانەت بەتەواوی دڵنیام ناکات، بەڵام ناوازەترین ڕوونکردنەوەیە کە تائەمڕۆ بیستبێتم)

ئایا ئەم سیستەمە خۆی لەخۆیەوە دەبێت؟

محەمەد وەك ئەوەی شتێکی زۆر گرنگی دۆزیبێتەوە لەناکاو دەستی پێکرد. ماددە ساناکان، بەئاسانیش دروستدەبن پاشان سیستەمی زۆر ڕێك و پێك دێنێتە کایەوە تادەگاتە ئەو ئەنجامە، وانییە؟

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، یانی دەڵێیت: خۆی لەخۆیەوە بووە؟

– دەتوانرێت ئاوەهاش بوترێت.

– بە زەردەخەنەیەکی کەمەوە، وتم:

ئەمە گونجاونییە. واباشە ئەو دروستبوونە ئاسانانەی کە دەڵێیت بەردی بناغەی ماددەکانە کە بریتین لەگەردیلەکان، بناسین، دوایش

دەگەڕێینــەوە بـۆلای وەڵامــی پرسـیارەکەمان. بۆناسـینی مـاددە، پێویسـتە لـە بچـوکترین بەشـی مـاددەوە کـە گەردیلـەکانن، دەسـت پێبکەین، ئەگـەر سـەرنجێکی ورد لـە سەرچـاوە زانسـتییەکان بـدەین دەبینیین کە گەردیلەکان بەبەردی بناغەی گەردوون دەناسێنرێن.

بەکۆبوونەوەی ڕێژەیەکی جیاوازی گەردیلەکان توخمـەکان دروسـت دەبن. بەیەکگرتنی شێوە جیاوازەکانی توخمیش گـەرد دێتـە ئـاراوە، ئەم جیهانەی دەوروبەرمان بەبوونەوەرە جیاوازە نەژمێراو و زینـدوو و نازیندووەکانی ناویەوە لەم گەردانە دروستبووە. گەردیلە چ بۆئـەوەی لەناو خۆیدا بەهاوسەنگی بژاوت بکات، چ بۆ پاراستنی پەیوەندییـەکی جێگیر لەگەڵ هاوسێکانیدا، بەیاسایەکی زۆر هەستیار، چوار هێزی بـۆ دانـراوە، بەدرێـژایی بـەردەوامبوونی ئـەم ڕێسـا هاوسـەنگانە بـوونی ئێمەش گونجاو دەبێـت. بەوشێوەیەی کە یەکێك لەو چوار هێزەی کـە ئـەم یاسـایەیان هێناوەتـە مەیـدان نەبوایـە، ئـەوا نـاوکی ئـەتۆم پێکنەدەهات. ئەگەر ئـەو هێـزەی کـە بـەهێزی لاواز ناوزەنـد ئـەکرێت نەبوایـە، ئەلکترۆنـەکانیش نـەدەبوون، وە ئەگــەر هێـزی ئێلـێکترۆ ماگنێتیك نەبێت، گەردیلـەش دروسـت نابێـت، ئەگـەر هێـزی ڕاکێشـان نەبووایە دوونیاش نەدەبوو، خۆریش نەدەبوو، ئێمەش نەدەبووین.

بەکورتی نەبوونی یەکێك لەم هێزانـە واتـە کۆتـایی دونیـا. تەنانـەت لەبارێکدا کە یەکێك لەوانە لاواز بێت یان کەموکورتییەکی تێدابێت ئەوا

هەمان ئەنجام دەدات بەدەستەوە. بەدڵنیاییەوە، لێرەدا پێویستە سەرنجێکی وردی ئەتۆمەکانیش بدەین.

ئەگەر تێڕابمێنین لەکۆبوونەوەی پێنج ملیۆن کەڕەت پێنج ملیۆن ئەتۆم تەنها لەیەك سانتیمەتر سێجادا، وائەزانم کە کەمێك لەنهێنی و دەرئاساکانی ئەتۆم و ئەو کۆشکی بوونەوەرە مەزنەی کە لە ئەتۆم دروستکراوە تێبگەین، بەهێنانەوەی نموونەیەکی پەیوەندیدار بەتایبەتمەندییەکەی خۆمەوە هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەو پێگەیشتنە زانستییانەمدا کە زانستی نوێ دەربارەی چییەتی ئەتۆم و بزاوت و چالاکییەکانی پێیگەیشتووە.

با وایدابنێین کە مامۆستای پۆلێکین، (١٥) تا (٢٠) قوتابی لە نێوان خۆیاندا قسەدەکەن بەهۆکاری گەردیلەکانەوە دەنگی هەر هەموویان بەهەمان خێرایی بۆ ئەوەی دەنگی هیچ کام لەقوتابییەکان تێکەڵ بەوی دی ببێت، لەڕێگەی ئەتۆمەکانەوە دەگاتە لامان، هەر هەمان گەردیلەکان ڕووناکی و گەرمی هەر حەوت ڕەنگەکەی خۆر دەگەیەننە ناو پۆل. ئەو گەرمایە کە لە سۆپاکانەوە دەردەچێت بەدەستی گەردیلەکان بڵاو دەبێتەوە بەدەوروبەردا. لە هەمان کاتدا دەتوانین دەنگی ڕادیۆیەکی دوورو هەورەگرمە یاخود دەنگی زەنگ ببیستین ئەم کارەش هەر پیشەی گەردیلەکانە.

ئەگەر سەد هەزارکەس دەوری پۆلەکەمان بدەن، هەر یەکەشیان بە دەنگێکی جیاواز و شێوازی جیاواز زمانی جیاواز بانگمان لێبکەن

هەر هەمان گەردیلە بێ ئەوەی ئەم دەنگانە تێکەڵی یەکتری بکەن بەهەمان خێرایی دەگوازنەوە بۆ ئێمە.

بەڵام ئەگەر ببیستین کە کەسێکی زیندوو و عاقڵ و بەهەست لەیەك کاتدا پێنج شەش کار پێکەوە دەکات، بۆنموونە لەگەڵ یەکێکدا قسە بکات و گوێش لەیەکێکی تر بگرێت هەر لەوکاتەشدا شت بنوسێت و شیکاری هاوکێشەی جۆراوجۆر بکات. دەیکەینە مانشێتی ڕۆژنامەکان و بە هەموو دونیادا ڕایدەگەیەنین و دەیکەینە کەسێکی پێوانەیی. گەردیلەیەکی بچووکی بێ عەقڵ و کوێر و بێ هەست لەیەك کاتدا هەزارەها ئیشی بێ کەم وکورتی و بێ تێکەڵکردن و لەوپەڕی کارزانیدا بەڕێوە دەبات. ئایا ئەمە دیاردەیەك نییە کە عەقڵەکان بوەستێنێت؟

ئەو هێزەی کە لەبچوکترین گەردیلەوە هەتاکو گەورەترین گەلە ئەستێرە بەئەندازەگیرییەکی ورد و هەستیارەوە دەخاتە گەڕ. ئەو هێزەی کە بەزانست و توانستی ڕەهای خۆی ئەم هاوسەنگی و ڕێسایانەی گەردوون بەڕێوە دەبات، دەگەڕێتەوە بۆ کێ و کێ خاوەنیەتی؟! ئەم هەموو ڕێسا و هەماهەنگی و ڕێکوپێکییەی کە عەقڵ لەئاستیدا دەوەستێت، کام ڕێککەوت وکام سروشت دەتوانن بەدیبهێنن؟!

دەمەوێت بلێم: باوای دابنێین کە بارستەیەك لم و چیمەنتۆ و بەرد و ئاسن هەیە، بەبێ بوونی هیچ پلان و وەستا و پرۆژەیەك. ئایا

ئەندێشەی ئەوە دەکرێت کە ئەم ماددە و کەرەستانە یەك بگرن و کۆشکێك دروست بکەن؟

ئەی ئایا شتی ئاوەها گونجاوە کە کۆشکێك بێ کەم وکورتی و لەوپەڕی کەماڵدا لەخۆیەوە دروست ببێت؟ دەگونجێت وا گومان بەرین کە بەدۆزینەوە و ڕاڤەکردنی سیستەمە ناوازەکەی گەردوون و ڕێسا مەزنەکانی، بابەتەکە کۆتایی دێت و نوکتە دادەنرێت؟ بۆ دۆزینەوەی یاساکان کار دەبڕێتەوە؟ ئایا بۆچی ئەو دەسەڵاتە ناهێنینە بەر عەقڵ و ژیریی خۆمان کە ئەم یاسایانەی داناوە؟

مرۆڤ خاوەنی عەقڵە کاتێك لەڕێگەی ئەو عەقڵەوە شتێك کەشف دەکەین پێویستە شەیداییمان زۆر زیاد بکات بەرامبەر بە وەستاکەی و هەوڵبدەین کە تێبگەین و بزانین ئەو وەستایە کێیە؟ لەبەرامبەر زاتێکی مەزنی وادا لە تۆوێکی بچووکی هەنجیر، دار هەنجیرێکی گەورە و، وەبەرهێنانی هەزارەها میوە لێی و، بەدیهێنانی بوونەوەر و ئەوی لەناویدایە زیندوو و نازیندووە و، لەتەنۆلکە هاوپێکهاتە ئەتۆمییەکان، پارێزەری هاوسەنگی بوونەوەردا بەهۆی چوار هێزی سەرەکییەوە. ئایا دەکرێت مرۆڤ بێ پەیوەندی بمێنێتەوە؟ دوای دۆزینەوەی ئەو هەموو پەنهانی ونهێنییە ناوازانە، خۆکوێرکردن لەبەرامبەر خاوەنی ئەم گەردوونەدا ڕەوایە؟!

ئایا سروشت دەتوانێت گەردوون دروست بکات؟

محەمەد قـۆڵی لێهـەڵماڵی وەك ئـەوەی کـە بیـەوێت بـۆ دواجـار پارێزگاری لەبیرو بۆچوونەکانی بکات و بەپەرۆشەوە هەڵیدایە:

(سروشت لەتوانایدایە کە هەموو ئەم ڕێکسـازیی و واتادارییـەی نێـو گەردوون کۆنترۆڵ بکات، سروشـت میکـانیزمی تایبـەتی خـۆی هەیـە) محەمەد پێیوابوو کە ئەم بۆچوونەی ژیرانەیە، بۆ منـیش تـا ئەوپـەڕی سنوور بێمانا و بێکەڵك بوو، بەهەرحاڵ هەوڵی وەڵامدانەوەیم دا.

وتم: کەواتە پێشەکی پێویستە پێناسەیەکی ئەم چەمکە بکـەین کـە بە(سروشت) ناونراوە.

سروشــت: ئــاو، خــۆڵ، هــەوا و خــۆرە، بێگومــان بەگــەرمی و ڕووناکییەکەیەوە یان دەکرێت بڵێین (٧٠٠) توخمـە ئیسـتاش ئەگـەر پرسیار لەو بەدیهێنەرە بکەین کە زوو زوو بەسروشت ناودەبرێت، ئایـا دەتوانیت مرۆڤەکان دروستبکەیت؟

ئایا دەتوانیت ڕووەك و گیانلەبەران بهێنیتە بوون؟

– نا، نەخێر

– ئایا دەتوانیت سیستەمی کۆمەڵەی خۆرەکان ڕێك بخەیت؟

– نەخێر

– ئایـا دەتوانیـت ملیۆنـان ئەسـتێرە و گەلەئەسـتێرەی زەبـەلاح بەڕێوەبەریت و ڕێکیان بخەیت؟

– نەخێر.

– ئـەی ئایـا دەتوانیـت سیسـتەمێکی نـەگۆڕ و ڕێسـایەکی ورد بـۆ گەردوون بهێنیتە ئاراوە و کاری پێبکرێت؟

– نەخێر

مەگەر ئـەوەی نـاوی سروشـتیان لێنـاوە ئایـا هـەر گـەردوون خـۆی نییە؟ کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە گەردوون خـۆی ناتوانێـت خـۆی دروست بکات، کەواتـە ئـەو هێـزو وزەیـەی کـە پێـی دەڵـێن سروشـت چییە؟ ئەگەر هێزو توانایەك هەبێت کە فەرمانڕەوایی سروشـت بکـات، بێگومان کە خودی بوونەوەر خـۆی نییـە، تاکـە ڕێگەیـەك کـە هـەبێت دەبێت خاوەنی گەردوون و، هەڵسـوڕێنەری لـەتوخم و ڕەگـەزی خـۆی نەبێت، ئـەویش خـوای گەورەیـە. ناکرێـت هـەموو ئـەو کـار و ڕووداوە ڕێکخراوانەی نێوگەردوون بدەینە پاڵ سروشت. چـونکە هـەر بـزاوت و جوڵەیــەك ملکەچــی ڕێســایەکی تۆکمــە و نەخشــە بۆداڕێــژراوە و لەناواخنیـدا دنیایـەك لەسـوود و دانـایی بەدیـدەکرێت. هـەموو شـتێك بەپێوەرێکی هەستیار دروستکراوە و هیچ شـتێك سـەرەڕۆ نییـە، هـیچ دروستکراوێك بەحاڵی خۆیەوە بەجێنەهێڵراوە، هەموو ئەم ئیشـە ڕێـك وخاوەن دیسپلینانەش هەرگیز ناگونجێت بدرێنە پاڵ سروشـتێکی بـێ ئەقڵ و بێ هەست.

بێگومان سروشتێکی بێ توانا کـە خـاوەن زانسـت و ئـیرادە و هێـز نــەبێت، ناشــتوانێت ببێتــە دروســتکەر. لــەکۆتایی قســەکانمدا،

لەڕووخساری محەمەد وردبوومەوە هەستمکرد کە ترش و لێڵ و ئەندێشاوییە، بەئاشکرا حەپەسابوو، ڕوونیش بوو کە ڕووداوەکان بەو ئاڕاستەیەی کە دەیویست نەدەڕۆیشتن. لەم کاتەدا خانمی ماڵ میوەی هێنا بۆ ئەوەی تێبگات کە گفتوگۆکە کاریگەر بووە یان نا، وەك ئەوەی بیەوێت کۆتایی بە باس و خواسەکەمان بهێنێت، هەڵوێستەیەکی کرد و وتی:

بەسە مامۆستا خالید میوانەکەت ماندووکرد، هەر تۆ قسە دەکەیت، نەختێك بواری میوانەکەش بدە. بەرامبەر ئەم هەستە ناسکە محەمەد قسەی کرد.

وتی: نەخێر ئامۆژن مامۆستا من ماندوو ناکات، ئەم گفتوگۆیە بۆ من زۆر گرنگە، پێویستە زۆر بەدرێژی قسە بکەین، هێشتا لە سەرەتای ڕێگەداین بەدەم میوە خواردنەوە لەسەر گفتوگۆکە بەردەوام بووین و لەم ماوەیەدا زوو زوو قسەکانم دەبڕین، بەناچاری دەبووایە وەڵامی پەیوەندییە تەلەفونییەکانم بدایەتەوە.

ئەو ئێوارەیە بەشێوەیەکی چڕ و نائاسایی زۆربەی قوتابییەکانم تەلەفونیان بۆ دەکردم. هەر قوتابییەکم کێشەیەکی هەبوو، کە بەپێی توانا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەم دەدا، کۆتا پەیوەندیم لەگەڵ قوتابییەکی دانیشتووی گوندێکی (ئەدەپازاڕ)دا بوو کە لەئەنجامی نوێژکردن و باڵاپۆش بوونییەوە لەلایەن خێزانەکەیەوە بەرهەڵستی دەکرا و گرفتار بووبوو. قوتابییەکەم ئاگادارکردەوە کە

پێویسته خێزانەکەی نەڕەنجێنێت و ئازاریان نەدات، چونکە هەندێك شت پێویستی بە کاتە، پێویستە خۆڕاگر بێت. ئەم تەلەفون کردن و بەدەمەوە هاتنە سەرنجی محەمەدی ڕاکێشا وتی:

مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکانتدا پەیوەندی دیالۆگی زۆر باشت هەیە، بەڕاستی سەرم سوڕماوە لەوەی کە ئەوەندە هۆگریت بەکێشەی قوتابییەکانتەوە، ئایا پێتان وایە ئەوەندە پێویست دەکات؟

وتم: «بەڵێ» زۆریش پێویستە ئەمەش دوو هۆکاری هەیە:

یەکەمیان: کەسێك کە باشترین تێگەیشتنی هەبێت بۆ قوتابی و توانای یارمەتی و چارەسەری کێشەکانی هەبێت مامۆستایە.

قوتابی پێویستە متمانەی بە مامۆستاکەی هەبێت، ئەگەر ئەم متمانەیە دروستبوو قوتابی بێ ئەوەی کێشەکانی هەڵڕێژێتە ناو ماڵ و، کۆمەڵگا و شەقامەکان، بەشێکی زۆریان لە قوتابخانەدا چارەسەر دەکات، بەم جۆرە ئێمە پێویستە لەم بوارەدا یارمەتیدەربین.

دووەمیان: من کاتێك قوتابی بووم هەژار بووم. مامۆستاکانم لە پڕکردنەوەی بۆشایی و پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکاندا زۆر فیداکارییان نواندووە و بوونەتە مایەی یارمەتیدانم، ئەگەر یارمەتییان نەدامایە لەوانەیە کە قوتابخانەم تەواو نەکردایە زوو لەژیان بتۆرامایە و ببومایە بەکەسێکی زیانبەخش بۆ کۆمەڵگا.

منیش ئەمڕۆ بەهۆگریم لەگەڵ قوتابییەکانم و هەوڵدان بۆ چارەدۆزی کێشەکانیان کەمێك لەو ئەرك و ماندووبوونەی مامۆستاکانم

دەدەمەوە و ویژدانم ئاسوودە دەبێت. محەمەد بۆ ماوەیەك سەری داخست، هەروەك ئەوەی بۆ شتێك بگەڕێت، دواتر دەستیکرد بەقسە و وتی:

خۆزگە مامۆستا، هەموو مامۆستایەك لەگەڵ قوتابییەکانیدا ئەوەندە پەیوەندی هەبوایە، باوەڕ ناکەم کە ئەو هەڵسوکەوتە خراپانەی کە لە خەڵکدا دەبینرێن، پێش ئەوەی کێشەکە بەتەواوی دەستی پێبکردایە چارەسەر دەکرا. چونکە زۆرینەی کێشەکانی ناو خەڵك و کۆمەڵگا لەنەبوونی پەیوەندییەوە پەیدا دەبن .

محەمەد، ڕاستیی شتەکانی باسدەکرد هەروەك بیەوێت نموونە بهێنێتەوە چونکە خۆی لەناخی ئەو ئازارانەدا ژیابوو.

محەمەد کە میوەکەی تەواو کرد ویستی دەست بشوات و مۆڵەتی خواست، پێکەوە هەستاینە سەرپێ، کە محەمەد دەستی شت خاولیمدا بەدەستییەوە تاکو دەستەکانی بسڕێت.

وتی: (مامۆستا چۆن شتی وا دەبێت؟!) ڕەنگی دەموچاوی سوورهەڵگەڕاو وتی: زۆر شەرمەزارم دەکەیت.

منیش وتم: (نەخێر محەمەد هەم لەدین و هەم لەنەریتەکانی ئێمەدا میوان ڕێزو پلەی تایبەتی هەیە. ئێمەی موسڵمان باوەڕمان وایە کەمیوان سەر بەڕزقە و هەرگیز نابێتە ئەرك و قورسایی).

محەمەد سەری نەویکرد و وەڵامی نەدایەوە. من دەمزانی کە محەمەد جگەرە دەکێشێت بەڵام لەبەر هەست ناسکی لەلای من

نایکێشـێت، بەمەبەسـتی ئاسـوودەکردنی وتم: فـەرموو بچـۆرە باڵەکۆنەکەوە و نەختێك دوکەڵ بکە بەسەروچاوتدا، دواتـر بـەردەوام دەبین. محەمەد وتی: زۆر زیرەکیت مامۆستا، کـە ئەمـەی وت چووە باڵکۆنەکەوە.

خوای گەورە دونیای بۆچی دروستکردووە؟

دوای ئـەوەی محەمـەد جگەرەکـەی کێشا، بەرامبـەر بەیـەك و لـە بەردەم ئەو مێزەدا کە کتێبەکانی لەسـەربوو لـەدارگوێز دروسـتکرابوو دانیشـتین. محەمــەد ماوەیــەك چـاوی گێـڕا بــەو تابلۆیانــەی کــە بەدیوارەکــەدا هەڵواســرابوون، پاشــان چــاوی بڕییــە تابلۆیــەکی سـەرنجڕاکێش و لەتابلۆکـەدا دیمـەنی وێنەیـەکی زۆر نایـاب هـەبوو و لەخوارەوەشیدا نووسراوێکی لەسەر بوو بەم شێوەیە:

(تـۆ لێـرەدا میوانیـت، لێرەشـەوە بـەرەو شـوێنێکی تـر دەچـیت، کەسـێك کـە میـوان بـوو، دڵـی نابەسـێتەوە بەشـتێکەوە کـە بـەجێی دەهێڵـێ و لەگـەڵ خۆیـدا نایبـات، هـەروەك چـۆن لـەم ماڵـەدا جیـا دەبێتەوە، لەم شارەش دەڕۆیتـە دەرەوە، هـەروەها بـەو شـێوەیەش لـەم دونیـا فانییـەش دەڕۆیتـە دەرەوە، مـادەم وایـە هەوڵبـدە بـە سەربەرزی بچیتە دەرەوە).

ئەم تابلۆ جوانە و وتە پڕ ماناکەی، ژیریی محەمەدیان هەژاند.

ماوەیەك بەم شێوەیە حەپەسا و ورد ورد بیری لێكردەوە. لەدوایشدا زۆر بەقورسی و هەروەك بڵێیت پێی نابێت بەجەرگیدا وتی: (مامۆستا، ئەبێت خوای گەورە بۆچی دونیای دروستكردبێت؟ ئەگەر دروستی نەكردایە، ئەوا مرۆڤ و دونیاش نەدەبوون. ئەمەندەش كێشەو نارەحەتی نەدەبوو؟)

وادیاربوو كە ڕاستیی ئەوەی (دونیای فانییە) لەمێشكیدا دەزرنگایەوە. ئەو پرسیارانەی كە دەیكردن پرسیاری سووك و ئاسان نەبوون، پرسیارانی زۆر گرنگ بوون كە بناغەی بابەتەكانی ئیمانیان پێكدەهێنا، ئەگەر بەجوانی لەمانە تێنەگەیشتبایە ئەوە لێڵیی مێشكی ڕوون نەدەبوویەوە. دوای ئەوەی كە گرنگییەكی زۆرم پیشاندا، وتم:

پرسیارەكانی تۆ زۆر ناوازەن، ئەمە ئەوە نیشاندەدات كە تۆ چەندە زیرەكیت، پاشان وەڵامم دایەوە:

دروستكردنی گەردوون، ویست و هەڵبژاردنێكی (الله)یە، پرسیاركردن دەربارەی هۆكارو بۆچییەتییەكانی ئەم هەڵبژاردنە وەكو مرۆڤێكی دروستكراو ناكەوێتە ئەستۆی ئێمەوە، ئەگەر پیاوێكی دەوڵەمەند بەسۆزێك كە لەدڵیەوە هەڵقوڵابێت، ئەوكەسانەی كە نەدارن پۆشتەیان بكات، خواردنیان دەرخوارد بدات و خەرجییان بكێشێت، دڵخۆشیان بكات، دواتر یەكێك لەناویاندا ڕاست ببێتەوە و خۆی هەڵقورتێنێت و پرسیار بكات و بڵێت: هەموو ئەمانەت بۆچی

کـرد، نەئــەبوو ئەمانــەت نەکردایــە؟ چــەندە بێڕێزیــی و نابــەجێیی نوانـدووە!! خۆدەرپەڕانـدن و پرسـیارکردن دەربـارەی ئـەوەی کـە بۆچی خوای گەورە ئەم بوونەوەرەی دروستکردووە لەسەرەتادا ئەمە ناڕێزییەکە، لەڕاستیدا ئەگەر خۆمان هەستین بەپێی پێوانەی عـەقڵیی خۆمان دەست بکەین بەڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، هیچ ئەنجامێکمان دەست ناکەوێت. لەبەرئەوەی دروستکەر (خوای گەورە) ئەگـەر خـۆی ڕوونــی نەکاتــەوە کـە بۆچـی ئـەوەی دروسـتکردووە، ئـەوا ئێمـەی دروستکراو ناتوانین ئەمە ڕوون بکەینەوە، ئەگەر ڕوونیشـی بکەینـەوە ئـەوا هــەر کــەم وکـورت و ناتــەواو دەردەچـێت، بـەڵام لـەڕووی وەڵامدانەوەیەکی کەمیش بێت بۆ ئەم پرسیارە دەتوانین بڵێین:

لەسەرەتادا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە الله هیچ پێویستیی و نیازمەنـدیێکی نییــە لەبــەدیهێنانی بوونــەوەر، بەواتایــەکی تــر پەروەردگاری مەزن نیازمەند و ئاتاجی بەدیهێنان نییە. بـەڵکو ئەمـە تـەنها ویسـت و هەڵبژاردنێکـە کـە زاتـی خـۆی دەیزانێـت. گـرنگترین هۆکاری بەدیهێنانیش بریتییە لە: ویست و ئیرادەی خوایی بۆ بینین و پرشنگدانەوەی ناوە جـوان و کەماڵاتـە مەعنـەوی و بـێ وێنەییەکـەی زاتی خۆی لەسەر ئاوێنەی بوونەوەران.

مەبەسـتم ئەوەیـە کـە ویسـتی خۆیـەتی کـە دەیـەوێت ڕەهـایی زانسـتی، ناوازەییـەکانی، توانسـتی، ڕەنگدانـەوەی جوانییـەکان و،

فراوانی دەوڵەمەندی و دیمەنەکانی سۆز و بەزەیی لەئاوێنە و سکرینی بوونەوەراندا تەماشا بکات.

یانی وەکو وێنەکێش، کەدەیەوێت سەیری ئەو وێنەیە بکات کە کێشاویەتی؟ دەتوانرێت واش بوترێت.

وەکو دەزانین یاسایەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت: (هەموو خاوەن جوانی و کەماڵێك حەز دەکات جوانی و کەماڵی خۆی ببینێت و پیشانیشی بدات). ئەم ئارەزووەش وەکو ئەوەی کە خۆت وتت دەگونجێت لە وەستایەکی دەست ڕەنگینیشدا ببینرێت. بۆ نموونە؛ کەسایەتییەکی وێنەکێش تابلۆی جۆراوجۆر دەکێشێت لەپێشدا خۆی سەیری بەرهەمەکانی دەکات و جوانی دەست ڕەنگینییەکەی تیادا دەبینێت و لەزەتێکی لەڕادەبەدەر وەردەگرێت. دوای ئەوەش پێشەنگا دەکاتەوە و پیشانی تەماشاکەرانی دەدات، لە پیرۆزبایی و سوپاسەکانی ئەوان دڵخۆش دەبێت. لەلایەکی ترەوە زانایەکی خاوەن زانستێکی بەنرخ، کتێبی زۆر بەسوود دەنووسێت و، دەیەوێت خەڵکی تریش سوودمەندبن لەزانستەکەی کاتێك دەبینێت خوێنەرەکانی سوودی لێوەردەگرن و سوپاسەکانیان دەبینێت، بەهۆی ئەم دەست ڕەنگینییەوە چێژی لەڕادەبەدەر وەردەگرێت.

سەبارەت بەوەی کە خوای گەورە بوونەوەرانی دروستکردووە دەتوانرێت لە ڕوانگەی ئەم نموونانەوە سەیر بکرێت. خاڵێکی تر دەربارەی ئەم بابەتە کە پێویستە بزانرێت ئەوەیە کە: خوای گەورە

لـه فەرمودەیـەکی قودسـیدا دەفـەرموویّت: (بوونـەوەرم دروسـتکرد هەتاوەکو چاکەو سوود و قازانجەکانم بۆ ئەوان بێت نەك بۆ من، واتـە ئـەوان سـوود لـەمن وەربگـرن نـەك مـن لـەوان سـوود وەربگـرم).
دروستکراوەکان پێویستیان بەچاودێری و یارمەتی و چـاکە و إحسـان و سۆز و بەزەیی خوای گەورە هەیە.

بەرامبـەر ئـەو زاتـە گەورەیـەی کـە خـاوەنی بـەدیهێنانی ئـەم بوونەوەرەیە لەنەبوونەوە و خـەڵاتکردنیان بەگـەورەترین بەخشـش و هێنانـەدی هـەموو پێویسـتییەکانیان و پـەیمان پێـدانیان بـەژیانی هەتاهەتایی، ئایـا دەکرێـت بوترێـت بۆچـی ئـەم گەردوونـەت دروسـت کردووە؟

وادیاربوو کە محەمەد وەڵامی پرسیارەکەی بەتـەواوی وەرگرتبێـت، پرسیارێکی تری کرد:

(مادەم خوای گەورە هەیە، ئەی بۆچی نابینرێت؟ ئیدی لـە چـاخی پێشکەوتنداین، هەموو شتێکی هەبوو دەسەلمێنرێت. ئەگـەر هەبوایـە (حاشا) دەمانبینی؟

چۆن بڕوا بکـەین بەشـتێك کـە چـاومان نایبینێـت و تەکنـەلۆجیاش نەیسەلماندووە؟ ئەم پرسیارە یەکێکـە لـەو پرسـیارانەی کەبـەردەوام لـەنێوان زەمینـەی بـاوەڕو بێباوەڕیـدا جێگـەی زۆرتـرین مشـتومڕە. ئەوکەسانەی کە بێدینی و نکوڵییان وەك بانگشەیەك لـەلا پەسـەندە و بۆ تێگەیاندنی بانگەشەکەیان بەرامبـەر کەسـانی پـاك و بێگـەرد بـەم

پرسیارە و هاوشێوەی ئەم پرسیارانە دەردەکەون وە هەوڵدەدەن کە ڕایان بکێشن بەرەو ئەو لایەنەی کە خۆیان دەیانەوێت.

دوای وەڵامدانەوەی تەلەفونێکی تر کە لەلایەن قوتابییەکی دیکەمەوە کرا، گەڕامەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە، محەمەد بە وریاییەکی زۆرەوە بەردەوام بوو لەگوێگرتن.

چاوی مرۆڤ توانای بینینی هەموو شتێکی نییە کە لەگەردووندا هەیە، دوا پلەی توانای بینینی چاو سنووردارە، هەروەك ناتوانێت شتێکی زۆر ورد ببینێت بەهەمان شێوەش ناتوانێت هەندێك بوونەوەری ناو خۆی، میکرۆب و بەکتریا، تیشکی سەروو وەنەوشەیی و کارەباش ببینێت، بەڵام بڕواشمان پێیان هەیە.

لەڕاستیدا پێویستە هەردوو چەمکی (بڕواکردن و بینین) تێکەڵاوی یەکتر نەکرێن. بڕواکردن ئیشی بیر و مێشکە، بینینیش ئەرکی چاوە. چاو هەموو شتێك نابینێت، هەندێك شت بەهزر و گوێ و زمان هەست پێ دەکرێن.

جیهانی دەنگ بەهۆی گوێوە و، جیهانی تامکردنیش بەزمان و، جیهانی بۆنیش بەهۆی لوتەوە هەستیات پێدەگرێت.

بە کەسێك بوترێت سەیری ڕادیۆکە بکە بزانە هەواڵەکان چی دەڵێن؟ ئەوا ئەو کەسە بەگوێی نەك بەچاوی، گوێ لە ڕادیۆکە دەگرێت و هەواڵی دەداتێ. ئەگەر بەکەسێکیش بوترێت تەماشایەکی شۆرباکە بکە، بزانە تامی چۆنە، ئەوا ئەو کەسە بەچاوی نا بەڵکو

بەهۆی زمانییەوە تامی شۆرباکە دەکات و ئەگەر بەکەسێکیش بوترێت سەیری ئەو گوڵە بکە بزانە بۆنەکەی چۆنە، هەوڵدەدات کە بەلووتی بۆنی گوڵەکە بکات.

ئەگینا لەڕێگەی چاوەوە نە هەواڵەکان، نە تامی شۆرباکە و نە بۆنی گوڵەکەش نابینێت، ئەی باشە دەبێت نکۆڵی لەمانەش بکەین؟ سەرەڕای ئەوەی کە عەقڵمان هێزی ڕاکێشان و خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا دەبینێت، ناتوانین نکۆڵی لەمە بکەین بەبیانووی ئەوەی کە بەچاوی خۆمان نابینین. کاتێك کەسێك باسی مامۆستایەکی میهرەبان و بەبەزەیی و نیاز پاك دەکات سەرەڕای ئەوەی کە ئەمە بەچاوی خۆمان نابینین، ناتوانین نکۆڵیشی بکەین، لەبەرئەوەی ئەو هێزە مەعنەوییانە نەك بەچاو بەڵکو بە عەقڵ و دڵ هەستی پێدەکرێت و دەبینرێت.

کاتێك کە بینایەکی نایابی ئەندازیارێك دەبینین دەڵێین سەیری ئەو دەست ڕەنگینی و کارامەییە بکە، ئەوکات نەك بەچاو بەڵکو بەعەقڵ بۆی دەڕوانین لەبەرئەوەی چاو هونەرەکە نابینێت بەڵکو بەردەکان دەبینێت، ئەوەش کە هونەرەکە دەبینێت ئاوەزە.

ئەوانەی کەدەڵێن بڕوامان نییە بەوەی کەچاو نەیبینێت پێویستە ئەرکی زمان و لووت و عەقڵ و گوێ بخەنە ئەستۆی چاو. بەهۆی ئەم هەڵەیەشەوە کە دەڵێن: (ئەوەی نەیبینم بڕوای پێناکەم) دەکەونە هەڵەیەکی زۆرگەورە و گرنگترەوە. محەمەد دووبارە خۆی

هەڵقورتانـدە قسـەکان و بەپرسـێکی تـر ویسـتی بابەتەکـە ئـاڵۆزتر و قووڵتـر بکات:

– باشە مامۆستا خوا چۆنە و چۆن دروست بووە؟

قسەکردن لەوەی کە خوا چۆنە، لەکێ دەچێت و چۆن هاتووەتـە بـوون، بابـەتانێکن کـە زۆر لـە ژوور و توانسـتی تێگەیشـتن و دەرکـی مرۆڤـە و عـەقڵی مـرۆڤ لەئاسـتیاندا کولـە. بـەم شـێوەیە چـوومە نـاو بابەتەکـەوە، چـونکە عـەقڵی مـرۆڤ سـنوورێکی دیـاری کـراوی هەیـە. تێگەیشـتن لـە تایبەتمەندییـەکی ڕەهـا و بـێ سـنووری وەهـا بـەهۆی عەقڵێکی سنووردار و دیاریکراوەوە گونجاو و لۆژیکیی نییە...

ئەمە هەروەك ئەوە وایە کـە هەسـتین بەکێشـانی قورسـاییەکی بـێ سنوور بەکێشانەیەکی یەك کیلۆیی.

پێوانە و بەراوردێکی ئا لەم جۆرە هەرگیز دروست و گونجـاو نییـە، چـونکە بەدیهێنـەری مـرۆڤ و گـەردوون خـوای گەورەیـە و لەڕەگـەز و جۆری بەدیهێنراوان نییە. کاتێك کە سەیری تابلۆیەك دەکەین یەکبینە ژیرانە بڕیار دەدەین کە ئەم تابلۆیە بەدەستی هونەرمەندێك کێشـراوە و لەخۆیەوە نەنەخشێنراوە. بـەڵام دەشـزانین ئـەو هونەرمەنـدەی کـە ئەم تابلۆیەی کێشاوە لەڕەگـەزی (جـۆری) بۆیـەکان، چوارچێوەکە و پەڕۆ و فڵچەکان نییە، هەرگیز لەوانیش ناچێت. ئەو هونەرمەندەی کە ئـەم تابلۆیـەی کێشـاوە، بەگۆشـت و ئێسـقان و خـوێن و عـەقڵ و ئیرادەیەوە بوونەوەرێکی زۆر جیاوازە و لە ڕەگەزی ئەو تابلۆیـە نییـە

که دروستیکردووه و هەرگیز لەویش ناچێت. کەوایە خوای گەورەش که دروستکەری گەردوونە لەبەرئەوەی کە لە ڕەگەزی گەردوون نییە و هەرگیز لەدروستکراوەکانی ناچێت، ئێمەش کە دروستکراوی دەستی ئەوین بۆ تێگەیشتن لە دروستکەرەکەمان چەندە هەوڵبدەین کە بزانین لەچی دەچێت، دیارە ناتوانین بگەینە ئەنجامێك. هەر شتێك کە بەعەقڵماندا دێت لەلایەن خوای گەورەوە بەدیهێنراوە. ئەو لەهیچ شتێك ناچێت، لەبەرئەوەی لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا کە دەڵێت: ئەو زاتە لەکوێ دەچێت و چۆنە؟ پێویستە بڵێین: ئەو بەدیهێنەرە، بەدیهێنراو لە بەدیهێنەر تێناگات.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش کە کێ خوای گەورەی دروستکردووە؟ دەکرێت ئەم وەڵامە کورتە بدەینەوە و بڵێین:

سەبارەت بەبوونی خوای گەورە عەقڵی مرۆڤ ناتوانێت لەوبارەیەوە ڕوونکردنەوەیەکی ئەوتۆ بدات، لەبەرئەوەی مرۆڤ و عەقڵیشی دروستکراون و شتێکی دروستکراو ناتوانێت لەدروستکەری تێبگات و شیبکاتەوە.

بنەمایەکی زۆر بەناوبانگ هەیە کەدەڵێت: بەدیهێنراو ناتوانێت هەموو شتێك دەربارەی بەدیهێنەرەکەی بزانێت، واتە ناتوانێت تێبگات و پەسەندی بکات و عەقڵیش مەخلوقێکە، کەواتە ئەویش ناتوانێت خالقەکەی بگرێتەخۆ. بۆ نموونە ئەگەر ڕۆبۆتێك هەستی هەبێت و بەپێی پێوانەی خۆی هەوڵی ناسینی وەستاکەی بدات،

وەستاکەی خۆی بەپێی خۆی و دەوروبەرەکەی پێوانە دەکات و دەیناسێت، وای بۆ دەچێت کە وەستاکەشی وەکو خۆی دار و خەڵوز بخوات و دوایش خۆڵەمێشی لێدەربهێنرێت و دەست و دەموچاوی ڕەش ببێتەوە و سێ یان چوار قاچی هەبێت. بەدڵنیاییشەوە لەهەر بۆچوونێکیدا هەڵە دەکات و وەستاکەی ناناسێت. مرۆڤیش بۆ ئەوەی بەدیهێنەرەکەی بناسێت و سەبارەت بەو پێشبینی بکات، ئەو پێودانگ و پێوانەیە بەکاردەهێنێت کە خۆی دەیانزانێت یان ئەندێشەیان دەکات. بەهەربارێکدا ئاکامی ئەمەش جگە لە دوورکەوتنەوە لەڕاستی هیچی دی نییە. محەمەد دووبارە هەڵیدایەوەو وتی: مامۆستا بابێینە سەر بابەتی چۆنیەتی هاتنەبوونی خوا، منیش درێژەمدا بە وتەکانم، "سەبارەت بەچۆنیەتی بوونی خوای گەورە، بەم دوو نموونەیە بابەتەکە ڕووندەکەینەوە".

یەکەمیان: بیربکەرەوە لە شەمەندەفەرێك کە گالیسکەی زۆری هەبێت، دەزانیت کە هەریەکە لەم گالیسکانە گالیسکەکەی پێشەوەی ڕایدەکێشێت، بەڵام کەسێك نییە بپرسێت کە بزوێنەرەکە کێی ڕایدەکێشێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ڕاکێشەرێك (مەکینە، بزوێنەر)ێك نەبێت کە خۆی و هەموو گالیسکەکانی تر ڕابکێشێت جوولەی ڕێك و پێك دروست نابێت.

دووەمیان: لە سیستەمی سەربازیدا، عەریفێك فەرمان لە سەرکردەکەی وەردەگرێت، سەرکردەش لەسەرووی خۆیەوە، ئەوەی

سـەرەوەش لەسـەرووبەکی تـری خۆیـەوە فـەرمان وەردەگرێـت. لەئەنجامدا ئیش دەکەوێتە دەستی سەرۆکی گشتیی ئـەرکانی سـوپا، یاخود بەدەربڕینێکی کۆن ئیش دەکەوێتە دەستی پاشا، ئـەی بۆچـی پرسیار ناکرێت، باشە ئەی پاشا فەرمان لە کـێ وەردەگرێـت؟ ئەگـەر پاشاش لەشوێنێك فـەرمان وەربگرێـت ئـەوا لەڕاسـتیدا نابێتـە پاشـا. تایبەتمەندییەتی بوونە پاشا فەرمان دەرکردنە نەك فەرمان وەرگـرتن وەکو ئەوەی کە لەم نموونانەوە تێگەیشتین کـە دروسـتکەری هـەموو بوونەوەر و گەردوون خوای گەورەیەو ورووژانـدنی ئاوەهـا پرسـێکیش کە کێ ئـەوی دروسـتکردووە بەڵگـەی کاڵفـامی و ژیـر دژییـە، چـونکە دروستکەر ناتوانرێت دروسـت بکرێـت. تایبەتمەنـدبوونی ئـەو قـۆرخی خودی خۆیەتی و پێوانەی عەقڵی ئێمەش لەئاستیدا کول و نەدارە.

ئێسك و پروسکەکان چۆن زیندوو دەبنەوە؟

بەهۆی سەرلەنوێ پێشکەشکردنی چاوە لەم بابەتـە گـرنگ و جێـی بایەخە دابڕاینەوە، محەمەد بە جۆرێك چووبووە ناو گفتوگۆکـەوە کـە کاتێك چـایەکانی دەبـینی لـە ڕووخسـاریدا ئاماژەیـەکی نـاڕەزایی بـە دەردەکـەوت هـەروەك بڵێـت: (کـەی کـاتی ئەمەیـە، ئـەم گفتوگـۆ خۆشەتان پێ بڕین)، من لـەکاتی ئـەو گفتوگۆیـەدا ئەگـەر بمویسـتایە بەچـا خواردنـەوە پشـوویەك بـدەین، محەمـەد بـەردەوام دەبـوو لـە پرسیارکردن.

- محەمەد، با وادابنێین کە خوا گەردوونی ئافراندووە و مرۆڤەکانیشی بەدیهێناوە و بۆ تاقیکردنەوە ڕەوانەی ئەم دونیایەی کردوون. مرۆڤەکان بۆ وەرگرتنەوەی پاداشتی ئەو کردارانەی کە کردوویانە، پێویستە دوای مردن دووبارە زیندوو بکرێنەوە.

- ئاخر ئەمەیە کە عەقڵم وەری ناگرێت و ژیریشم ڕەتی دەکاتەوە، مرۆڤ کە گۆشتێکی مردوو و ئێسقانێکی ڕزیو، کە ڕەنگە شوێن و بنەچەشی نەمابێت، مردوویەك چۆن سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە؟ ئەمە بەلای منەوە شتێکی مەحاڵە.

بەزەردەخەنەوە سەیری محەمەدم کرد، ئەم بارەی منی زۆر خۆشحاڵ کرد، چونکە بەردەوامی پرسیارەکان ئاماژەی بەرەوپێشچوونێکی پۆزەتیڤانە بوو، دوای ئەوەی قومێکم لەچایەکەم دا بەردەوام بووم، وتم:

"محەمەد بەڕاستی نازانم، ئایا ئاگات لەوەیە کە لەخودی پرسیارەکەتەوە وەڵامەکەیشت داوەتەوە". محەمەد یەکسەر پەرداخەکەی دەستی دانا و بەڕوانینێکی نامۆوە وتی: چۆن؟!

وتم: پرسیارەکەت بەو گریمانەیە دەست پێکرد کە خودا گەردوون و مرۆڤی بەدیهێناوە و مرۆڤی بۆ تاقیکردنەوە ناردووە بۆ دونیا.

وتی: بەڵێ.

وتم: زاتێك كه گەردوون و مرۆڤەكانی دروستكردووه و مرۆڤیشی بۆتاقیكردنەوه ناردووه، ئایا لەپاش مردن ناتوانێت دووباره مرۆڤەكان زیندوو بكاتەوه؟

پاش ماوەیەك بێدەنگی، یەكسەر بەدوایدا من بەردەوام بووم، بەڵام ئەم پرسیاره به بەردەوامی لەئێستاكه و لەداهاتووشدا ئاڕاسته دەكرێت، پێویسته بەپێی پێویست لەسەر وەڵامەكەی هەڵوێسته بكەین، تەنانەت ئەم پرسیاره ڕابووردوویەكی مێژوویی هەیه كه بەم جۆرەیە:

بێباوەڕێك بەناوی ئومەییەی كوڕی خەلەف ئێسكێكی پڕووكاوی گرت بەدەستیەوه و پیشانی پێغەمبەری ﷺ دا، فووی لێكرد و وتی:

خوا ئەم ئێسكه ڕزیوه زیندوو دەكاتەوه، وانییه؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵێ، خوای گەوره گیان دەكاتەوه بەبەری ئەم ئێسكەدا. لەسەر ئەمه سورەتی (یس) ئایەتی (٧٨-٧٩) دابەزی مانای ئەم ئایەته بەم جۆرەیە: (نموونەمان بۆ دێنێتەوه و بەدیهاتنی خۆی فەرامۆش دەكات، دەڵێت كێ ئێسكی ڕزیو و داتەپیو زیندوودەكاتەوه؟! پێیان بڵێ: ئەوكەسەی كه یەكەمجار دروستیكردووه، زیندووی دەكاتەوه، وه ئەو بەهەموو دروستكراوێك زاناو ئاگایه...)

ئەو خاڵەی كه لەم ئایەتەدا جێگای سەرنجه، هاتنی مرۆڤ بۆ دونیا، واته ئەو تەواوی و كەماڵانەیه كه لەئەفراندنی یەكەمدا بەدیدەهاتن،

بەوپێیەی کە هەموو مرۆڤەکان لەنەبوونەوە هاتوونەتە دونیای بوونەوە. بێگومان لەدوای مردنیش دووبارە ژیاندنەوەیان هیچ سەختییەکی تێدانییە.

بەڵێ، ئەم دروستکردنەوەیەی دووەم کە پێی دەڵێن: "حەشر" لەوانەیە لە دروستکردنی یەکەم ئاسانتربێت. زانای بەناوبانگ مامۆستا (سەعیدی نوورسی) لە نموونەیەکدا ئاماژە بەساکاری بەدیهێنانەوەی پاش مردن دەکات، بەکۆکردنەوەی سوپایەك دەبیپێوێت کە لەپێشەوە کۆبووەتەوەو پاشان پەرش و بڵاوبووەتەوە و پاشتر بەدەنگی بوقێك دووبارە دێنەوە جێگەی خۆیان، لەیەکەم کۆبوونەوەدا سەربازەکان یەکتریان ناسی و فێری شوێنەکانیشیان بوون، دواتر ئەگەر بڵاویش ببنەوە، بە ئاسانی دەزانن بێنەوە یەك جێگا. سەربازەکانی ئەم سوپایە لەم نموونە سەمەرەیەدا ئاماژەن بۆ خانەکانی جەستەی مرۆڤ، ئەم خانانەش لەدوای مردن و پەرتەوازەبوونیان بە کەڕنای ئیسرافیل (دەنگی ئەو کەڕنایەیە کەتایبەتە بەفەرمانی کۆبوونەوەی زەڕڕەکان لەحەشردا)و دووبارە گردبوونەوەیان لەجێگەیەکدا، بێگومان لەیەکەمجار گرانتر نییە.

بەشێوەیەکی گشتی ناتەبا زانینی (حەشر) واتە زیندووکردنەوەی دوای مردن، لەگەڵ عەقڵدا لە دەرك نەکردن بە کەماڵ و ناوازەیی بەدیهێنانی یەکەمجار و وردنەبوونەوە لەو هونەرە مەزنە و گومان بردنی ئەوەی کە لە (بەدیهێنراوێکی سادە و ئاساییەوە) سەرچاوە

دەگرێت، لەگەڵ زانینی ئەمەشدا هەموو پزیشکەکانی ئەمڕۆ سەریان سوڕماوە لە بەرامبەر بوونی ژیانی سەراسیمەیی مرۆڤ لەسکی دایکیدا. دکتۆر (هالوك نورباکی) دەربارەی ئەم بابەتە بەم جۆرە دەدوێت:

چۆنیەتی لەناوچوونی ژیانی ماددی و بەرجەستەی مرۆڤ و دووبارە گەڕاندنەوەشی پاش مردن، ئەکرێت لەژێرییەوە بەدوور بزانرێت، وەلێ پێویستە ئەو ڕاستییە لە یادنەکەین کە گشت تایبەتمەندییە ماددییەکانی مرۆڤێك لە کارتە تۆوێك (شریتی زانیاری) کە بە (DNA) ناسراوە دەنووسرێت کەڕووبەری (١) لە (١٠) ملیاردی سەری دەرزییەکی سەرخڕ داگیر دەکات.

ئەمەش ڕاستییەکی زانستییە و بەتەواوی پشتڕاست کراوەتەوە، ئەگەر ئەو کارتە تۆوە توانای گەشەکردنی لەخاکدا هەبووایە، ئەوا کارتە تۆوی هەموو ئەو مرۆڤانەی کەهاتوون و دێنە سەر زەوی، پڕ لەپەرداخێك دەکران و فڕێ دەدرانە خاکەوە، ئەوساکە زیندووکردنەوەیان گونجاو دەبوو.

ئەو ڤایرۆسانەی کەچەندەها سەدەیە لەژێر خاکدان و هیچ جۆرە ڕەوشێکی زیندووش هەڵناگرن کاتێك ژینگەیەکی گونجاویان بۆ دەڕەخسێت دووبارە ژیان پێکدەهێننەوە، ئەی ئایا ناگونجێت مرۆڤێکی مردوو، بەفەرمانی پەروەردگاری زیندوو ببێتەوە؟

خوای گەورە کە گەردوون و هەموو دروستکراوەکانی ناوی بەبێ کەم و کورتی دروستکردووە، بەڕشتنی پەرداخێکی لێوان لێو لە پەرلە بەسەرزەوی و بەفەرمانی (ببە) یەك بەیەك زیندوو دەبنەوە و لەحزووریدا کۆدەبنەوە.

خوای گەورە چ پێویستییەکی بە بەندایەتی ئێمە هەیە کە داکۆکی لەسەر دەکات و دەفەرموێت: (خواپەرستیی بکەن)؟

لەبەر گەرم و گوڕی پرسیار و وەڵامەکان هەستمان بەوە نەکرد کە چۆن قۆرییەکە خاڵی بووەتەوە، محەمەد زۆر زرنگ بوو زۆر چاك تێدەگەیشت لەو شتانەی کە بۆم باسدەکرد. بەهۆی ئەمەشەوە هەتا دەهات گفتوگۆکەمان شیرینتر دەبوو. بەهۆی بەرەوپێش چوونی گفتوگۆکەمان، بەو شێوە جوانە، لەخوای گەورە دەپاڕامەوە بەمەبەستی کارتێکردنی لەناخەوە نزام دەکرد.

پرسیارێك کە زۆر لەوەوبەر وروژێنرابوو، محەمەد هەروەك ئەوەی نۆدۆزی کردبێت بەتاسەمەندییەوە پرسی:

باشە مامۆستا، خوای گەورە چ پێویستییەکی بەپەرستشی ئێمە هەیە، وا ناچارمان دەکات بەندەگی بکەین؟ هەڵبەتە زۆرکەس لەبەر زەحمەتییەکانی عیبادەتکردن لەخوا هەڵدێن. نەدەکرا ئەم عیبادەتە هەر نەبووایە؟

بەهۆی ئەو بزەیەی کە هاتە سەرلێوانم، یاخود بەهۆی ئەو سەربادانەمەوە هەستی بەوەکرد کە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەك هەیە.

وتی: "مامۆستا، لەوانەیە ئەم جۆرە پرسیارانە لای ئێوە پڕو پاڵەنتە و بێمانابن، بەڵام بۆمن وانییە. ناچارم هەرشتێك تا لەگەڵ ژێریمدا تەبا و جووت نەبێت بەدوایدا بگەڕێم و بپرسم ئەگینا جۆرێکی تر نابێت."

ئەم دەربڕینانە لەناخەوە و زۆر دڵسۆزانە بوون، وادیاربوو چاوەڕێی دالْدە و هانای دەکرد. وەك دانانی کەسێکی برسی و تینوو لەسەر خوانێکی پڕ خواردن، محەمەدیش زۆر لە دوورەوە بێت بەزۆریش ئەو بابەتە ئیمانییانەی دەکردەوە کە تامەزرۆی بەدەستهێنانی زانیاری بوو دەربارەیان. بەشێوەیەك بابەتەکانی دەورووژاند، پرسەکانی ئاراستە دەکرد و گوێ قوڵاخی وەڵامەکان دەبوو، هەروەك بڵێیت لە قووڵایی بابەتەکەدا مەلەی دەکرد، بەهیچ شێوەیەك نەیدەویست لەم بابەتە بچینە دەرەوە. هەر کەباسێکی تریش ناوکێشی بابەتەکە ببووایە، یەکسەر منی وریا دەکردەوە و دەیوت: (بابێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان)، دەستمکرد بەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە پرسیبووی.

بێگومان خوای گەورە پێویستی بەعیبادەتی ئێمە نییە، ئەوە ئێمەین کە پێویستمان بە عیبادەتە، لەبەرئەوەی کە ئێمە پێویستمان

بەپەرستشە، خوای گەورەش سووره لەسەرئەوەی پەرستشەكانمان بەجێبهێنین. محەمەد چاوی بڕییە چاوم و هەروەك بڵێت (چۆن؟) لەكتێبی (تیشكەكان)ی (بدیع الزمان سعید نورسی) نموونەیەكی پەیوەندیدار بەوەڵامی ئەم پرسیارەم دیتەوە و دەستمكرد بەخوێندنەوەی:

پەروەردگار نەك عیبادەتەكەی تۆ، بەڵكو ئاتاجی هیچ شتێك نییە، ئەوە تۆیت كە پێویستت بە عیبادەتە و لەڕووی دەروونییەوە نەخۆشیت. عیبادەتیش لەحوكمی چارەسازی زامە مەعنەوییەكاندایە، داخۆ ئەگەر نەخۆشێك دەربارەی ئەو نەخۆشییەی كە گرفتاریەتی پزیشكێكی بەبەزەیی و دڵسۆز دەرمانی بەسوودی بۆ بنووسێت و سووربێت لەسەر پێدانی ئەو دەرمانە و نەخۆشەكەش لەبەرامبەر ئەم پێداگرییەی پزیشكەكەدا بڵێت: (تۆ چ پێویستییەكت بەوە هەیە، كە ئاوا سووریت لەسەری؟!) تێدەگەیت كەچەندە بێمانایە.

كە نموونەی ناو كتێبەكەم خوێندەوە، تەماشایەكی چاوەكانی محەمەدم كرد و بینیم كە زۆر بە وردی گوێبیست دەبوو. سەری بەهێواشی داخست و بەدەنگێكی هێواشەوە وتی:

(نموونەیەكی زۆر سەرنج ڕاكێشە).

منیش بەردەوام بووم لەسەر قسەكردن: خوای گەورە، هەروەك بە لوتف و گەورەیی خۆی ئەم گەردوونەی كردووە بەخزمەتكاری ئێمە،

هەرواش بە لوتف و میهری خۆی فەرمانی بەندەگی و گوێڕایەڵیمان پێدەکات. هەتاوەکو بەوانە بگەینە بەختەوەری هەتاهەتایی. هەروەکو چۆن خوای گەورە هیچ پێویستی بەپەرستشی ئێمە نییە و بێ نیازە لە بەدیهێنراوانی، ئاواش یاخیبوونی بەندەکانی هیچ زیانێك بەو ناگەیەنێت، لەهەردوو بارەکەدا، مەسەلەکە تەنها بەرژەوەندی مرۆڤە.

ئیدی فەرماندان بە بەجێهێنانی پەرستشەکان هەزارەها سوود و قازانجی ئادەمیزادی تێدایە.

کەسێك کە عیبادەتەکانی بەڕێکوپێکی بە ئەنجام دەگەیەنێت، بە ژیانێکی زۆر ڕێکوپێك شاد دەبێت و لە دونیاشدا ئاسوودە دەبێت و، لە ئامانج و مەبەستی دروستبوونی خۆی و گەردوون تێدەگات و، ژیانێکی پڕ ئامانج و هەتاهەتایی دەست دەکەوێت. مەگەر بۆ مرۆڤ سەرمایەیەکی دی هەیە کە هێندەی پەرستش و بەندەگی سوودمەند بێت بۆی؟

کاتێك محەمەد گوێی لەوەلامی پرسیارەکە گرت، دووبارە وەك شتێکی گرنگی دۆزیبێتەوە چاوی بڕییە خاڵێك و پرسی:

"مامۆستا، لەمەسەلەی قەدەردا، ئاڵۆزییەکی دژوار هزرمی داگیرکردووە".

هەروەك ئەوەی بڵێم "چۆن" ڕوانیمە محەمەد. ئەویش لەسەر ڕوونکردنەوەکەی بەردەوام بوو وتی:

"بۆچی خوا بەهۆی قەدەرەوە ژیانی مرۆڤەکان سنووردار دەکات و ئاراستەیان دەکات؟ ئەی ئەمە دەستوەردان نییە لە ئیرادەی مرۆڤ و هەڵبژاردنی ژیانی؟"

محەمەد ئەم پرسیارەی بەشێوەیەکی زۆر بە بانگەشە و بەجۆش و خرۆشەوە کرد. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە دارای زانیارییەکی هەڵە و ناتەواوبوو دەربارەی قەدەر. زۆر کەس بەزۆری لەبەر نەزانینیان یان بەمەبەست، کاتێک دەیانەوێت خۆیان بنوێنن و (زمان درێژ)ی بەرامبەر ئایین و (حاشا) خوای گەورە بکەن، بەرەخنەگرتن لە قەدەر دەست پێدەکەن.

کاتێکیش کە بابەتەکان دەوروژێنن، وا دەریدەخەن کە مەسەلەی قەدەریان بۆ هەرس ناکرێت. دووبارە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چەند زانیارییەکم یادکەوتەوە کە لەپەیامەکانی نوورەوە سوودم لێوەرگرتبوو و هەوڵمدا بابەتەکەی پێ ڕوون بکەمەوە.

(هەموو بەرهەمێك ئەنجامی پلانێکە، هەموو شتێك بەپێی پێوانەیەك شێوە وەردەگرێت. مرۆڤیش وەهایە. گەورەیی چاو، درێژیی زمان، توانستیی مێشك، نەرمیی پێست و شێوەی ئەندامەکانی تر ، ملکەچی نەخشەیەکی دیاریکراوی نەبینراون، هێزێکی تایبەت ئەو گەردیلە و تەنۆلکانەی لەنێو جەستەماندا ئەرکەکانیان بەجێدەهێنن سنووردار دەکات) ئێمە پەرلەی بۆماوەییمان لەخانەکاندا دانەناوە.

تەنانـــەت زانیارییـــە بۆماوەییـــەکانی نێـــو خانەکانیشـــمان نەخوێندووەتـەوە، بـەگوێرەی ئـەو پلانـە ئامـادەکراوە جەسـتەمان دروست نـەکردووە. هـەموو ئەمانـە ئاکامی زانسـتێکی ڕەهـا و هێـزو دەسـەڵاتێکی نـەبڕاوەن. ئـێ باشـە کـێ خـاوەنی ئـەم سـیفەتانەیە؟ بەدڵنیاییەوە، ئایا دەکرێت جگە لە خوا بیر لەشتێکی تر بکرێتەوە؟

کەواتە هەرئەوە پلاندانەر و دروستکەر.

❁ ئەگـەر بمانـەوێت بچـینە نـاو قـووڵایی بابەتەکـەوە، لەپێشـدا پێویستە تیشکی زیاتر بخەینە سەر هەرسێ چەمکی: قەزا و قـەدەر و ئیرادە و لەنزیکەوە دەربارەیان بدوێین.

قەدەر: زانـینی هـەموو شـتێکە لەلایـەن خـوای گـەورە و نووسـینی بەگوێرەی ئەو زانینە. بـەدەربڕینێکی تـر پـڕۆژە و پلانـی گەردوونـە. واتە هەموو ئـەو شـتانەی کـە ڕوویانـداوە و بـوون، یـان ئێسـتا هـەن، یاخود لەداهاتوودا دەبن (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) لەپەڕاوی قەدەردا تۆمارکراوە.

قـەزایش: جێبەجێکردنی حـوکمی قەدەرەکەیـە. واتـە بـەجێهێنانی ئەوەی لە قەدەردا نووسراوە.

ئـیرادەش: هێـزی هەڵبژاردنەکـەی مرۆڤـە. بەگوزارشـتێکی تـر مـافی هەڵبژاردنی مرۆڤە بۆ یەکێك لەسەرپشکییەکان یـاخود نووسـراوەکانی بەردەمی.

محەمەد لەناکا و ڕاچڵەکی و وتی:

"مامۆستا تۆزێك تێكەڵ و پێكەڵ بوو، با تۆزێك ڕوونتری بکەینەوە".

- بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی دەتوانین ئەم نموونەیە بهێنینەوە.

هەموو تایبەتمەندییەکی ئێمە وەك ئەوەی لەکوێ؟ کەی؟ چی دەکەین؟ هەمووی نووسراوە. لەقەدەرماندا نووسراوە کە ئێستا لەگەڵ تۆدا قسە دەکەم، ئەمە قەدەرە و ئەندازەگیرییەکە، قسەکردنیشم لەگەڵ تۆدا، بەجێهێنانی حوکمی قەدەرەکەیە، واتە قەزایە. قسە لەگەڵ تۆ کردنم و نەکردنم و هەڵبژاردنی ئەم گفتوگۆیەمان و بڕیاردانی ئەم گفتوگۆیەش ئیرادەیە.

محەمەد ویستی وای دەرببڕێت کە تێگەیشتووە:

واتە، (قەدەر بریتییە لە پلانێك، کە لەدەرەوەی توانستی ئێمەدایە، نەخشەی ژیانمان دەکێشێت و ناچاری ئاراستەیەکمان دەکات).

وتم: نەخێر بەتەواوی وانییە، کەم و کورتی و ناتەواوییەك هەیە. بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم بابەتە، تۆزێك بابەتی قەدەر ڕوونتر دەکەینەوە.

دەتوانین قەدەر بکەین بەدووبەشەوە:

یەکێکیان قەدەری ناچاری و ئەوی تریان قەدەری سەرپشکییە. قەدەری ناچاری، هیچ کاریگەرییەکی ئێمەی تێدانییە. ئەو لایەنانەش وەکو ئەو شوێنەی کەتێیدا دێینە دونیاوە، دایك و باوکمان،

شێوەمان، ڕەگەزمان و تواناییەکانمان. ئێمە ناتوانین بۆ ئەوانە بڕیار بدەین. هیچ بەرپرسیارێتییەکمان لەبەرامبەریاندا نییە.

قەدەری سەرپشکیش پەیوەستە بە ئیرادەوە، ئێمە بڕیاری چی دەدەین؟ چی هەڵدەبژێرین؟ دەمانەوێت چی بکەین؟ خوای گەورە بە زانستە ڕەها و ئەزەلییەکەی ئەمانە دەزانێت و ئەندازەگیریی دەکات و دەینووسێت.

هاتەگۆ و وتی: "زۆر گرنگە"

– منیش: "بەڵێ، هەڵە تێگەیشتن هەمیشە لەم خاڵەدایە".

ئایا ئێمە مەحکومی قەدەرین؟

ئەم زانیارییانە دەبنە ڕوونکردنەوەیەك بۆ بابەتی (مەحکومی قەدەر) یان زۆرەملێیی قەدەر کە مرۆڤەکان زووبەزوو بەکاریدەهێنن، چونکە بە وتەی مەحکومی قەدەر (حاشا) خوا و قەدەر تاوانبار دەکەن. دەیانەوێت بانگەشەی بۆچوونێکی وا بکەن وەك بڵێیت مرۆڤەکان بێ تاوانن و قەدەر ستەمیان لێدەکات. ئەمە سەرتاپا لە نەشارەزابوون بە قەدەر و تۆمەتبارکردنی ئەو زانستە خواییە (قەدەر)ە بەو هەڵە و تاوانانەی کە مرۆڤ بە ویستی خۆی دەیکات و سەرچاوە دەگرێت تاکو خۆی لە لێپرسینەوە دەرباز بکات. لێرەدا خاڵێکی سەرەکی هەیە کە لێی تێناگەین:

هەر لە لەدایکبوونمانەوە تا مردن، چی هەڵدەبژێرین، داوای چی دەکەین، چ ژیانێك دەگوزەرێنین، چۆن ویستمان بەکاردەهێنین،

خوای گەورە خۆی هەموو ئەمانە بەهۆی زانستی ڕەها و ئەزەلیی زاتی خۆیەوە و بەگوێرەی ئەو ویستەمان قەدەرمان تۆمار دەکات و پێش لەدایکبوونمان دەزانێت، واتە پەروەردگار لەپێشدا بەگوێرەی ویست و هەڵبژاردنەکانی خۆمان، قەدەرمان ئەندازەگیر و پلان ڕێژدەکات، لەبەرئەمە مافی ئەوەمان نییە (حاشا) کە خوا و قەدەر تاوانبار بکەین. تەنها دەتوانین ئیرادەمان تاوانبار بکەین کە بەهەڵە بەکارمان هێناوە.

محەمەد وەك ئەوەی کە شتێکی دۆزیبێتەوە چاوەکانی لەناکاو زیت بوونەوە و وتی:

"بەڕاستی زۆر سەمەرەیە مامۆستا، ئەم ڕاستی و وردەکارییانە هەمیشە چەواشە دەکرێن، هەموو بەرپرسیارێتییەك دەخرێتە سەرشانی قەدەر. بەڵێ، کەوابێت خوای گەورە لەپێشتر هەڵبژاردنی مرۆڤی زانیوە بۆیە نووسیویەتی. لەبەرئەوە بەناچاری و زۆرەملێیی مرۆڤ ئاڕاستەی هیچ ڕووگە و جێگەیەك ناکات."

محەمەد زۆرباش تێدەگەیشت، تەنانەت لە ئاڵۆزترین بابەتیشدا بەڕوونکردنەوەیەکی بچووك تێر دەبوو و دڵی ئاوی دەخواردەوە. محەمەد لەبنەمای بابەتەکە سەری دەردەکرد، بۆیە پێویستی بەشیکاری زۆر ورد نەما.

"ئایا قەدەر دەگۆڕێت؟" دوایین پرسیاری بابەتەکەی کرد:

– کەسانێکی زۆرم دیتووە کاتێك کارێك دەکەن لەناکاو کارەکەیان بەجێدەهێڵن و دەست دەکەن بەکارێکی تر و بەم جۆرە دەڵێن: ((ئەوەتا قەدەرەکەمم گۆڕی)) لەهەر جارێکدا پێکەنیوم و وتوومە:

تۆ قەدەر ناگۆڕیت، بەڵکو ئەوکارەی کە دەیکەیت گۆڕیوتە. تۆ هەروەك بەلەمێك وایت لەنێو ئۆقیانووسی قەدەردا ئاراستەکەی بەرەو کوێوە ببەیت بەو ئاراستەیە دەڕوات، بەڵام خۆ تۆ هەر لەناو ئۆقیانووسەکەدایت.

ئەو کەسەی کە خەریکی نووسینە ئەگەر دەست بکات بەوتنی سروودی نیشتیمانیی، قەدەری ناگۆڕێت. لەمەوە تێدەگەین کە لەقەدەری ئەودا لەپێشدا نووسین دواتر وتنی "ئەوەتا قەدەرەکەم دەگۆڕم" سروود چڕین هەبووە، کردارەکانی دەبنە شتی دی، بەڵام قەدەر ناگۆڕدرێت... بەگۆڕینی شوێنی ئەو ئاوێنەیەی کە درەختێك پیشان دەدات، شوێنی درەختەکە ناگۆڕدرێت.

محەمەد ئەو هەژانە دەروونییەی ناخی هێنایە گۆ و وتی:

"ڕوونکردنەوەیەکی زۆر جوان بوو". شوێنەواری ئاسوودەیی بەڕوونی لە ڕووخساری محەمەددا بەدی دەکرا کاتێك وەڵامی پرسیارەکانی دەست دەکەوت، بەئاشکرا ئەو سەغڵەتی و شپرزەییەی کە لەسەرەتای گفتوگۆکەدا پێوەی دیاربوو وردە ڕەوییەوە.

بریسکەی شادی نێو سۆماکانی و خەندە ناسکەکانی سەر لێوانی هێدی هێدی، گێژەڵووکە سامناکەکانی نێو ڕۆحی هێور دەکردەوە. لەهەوای درێژخایەنی گفتوگۆکەدا بۆئەوەی محەمەد بێزار نەبێت، وتم:

"تا کات درەنگتر نەبووە بانوێژی خەوتنانم بکەم و تۆش ئەگەر حەزدەکەیت دووبارە سەرێك لەباڵکۆنەکە بدەوە." کاتێك کە تێگەیشت چی دەڵێم دانی پێدانا و وتی:

"مامۆستا گفتوگۆکە بەجۆرێك ئێمەی کەمەندکێش کردووە، تەنانەت جگەرەکێشانم بەبیردا نایەت".

من هەستام بۆ نوێژ و محەمەدیش چووە باڵکۆنەکەوە، بەم جۆرە ساتێك پشوومان‌دا و محەمەدیش ئەو بوارەی بۆ ڕەخسا تا هەڵسەنگاندنێك بۆ وەڵامەکان بکات و لە مێشکیدا ئەم دیو و ئەودیویان بکات.

کاتێك چوومە سەر بەرماڵ و بەتەنها مامەوە، هەستم کرد چەندە لەخۆشی و پەرۆشیدام، وەك ئەوەی بڵێیت هەستێك لەناخمدا هەبوو کە ئەرکێکی گران دەستپێدەکات، لەکۆتایی نوێژەکەمدا دەستەکانم بۆ لای خوای گەورە ئاوەڵاکردن و تاکە داواکاریشم ڕێنموونی کردنی محەمەد دوزجەیی بوو، ئای چەندە ئەمەم دەویست کاتێك کە دوعاکانم و داخوازییەکانم پێشکەش بە خوای گەورە دەکرد، دەمێك بوو ئەسرینەکانیشم لەچاومەوە جۆگەیان بەرەو گۆناکانم کێشابوو، لە قوڵایی هەناومەوە هانام بۆ خوا بردوو دەپاڕامەوە و دڵنیابووم کە

خـوای گـەورە ئەوەنـدە دلۆڤـان و خـاوەنی میهرەبـانی و کەرەمـە، داواکارییەکانم ناگێڕێتەوە.

کاتێـك گەڕامـەوە بـۆ ژوورەکـەم، محەمـەد چاوەکانی دەیڕوانییـە نادیارێــك، هەوڵیــدەدا ئــەو هــەزاران بیرۆکانــەی کــە لەمێشــکیدا دەخولانــەوە ڕیزیـان بکـات، بگـرە بێزاربوویـوو لـە کاریگـەریی ئـەو گێژەلووکەیـەی کـە لەدڵیـدا هـەڵیکردبوو، ئاشـکرابوو کـە لـەحاڵێکی لێپرسینەوەدابوو. کاتێك منی بینی هاتمە ژوورەوە خۆی کۆکردەوە و دووبارە بەرامبەر یەکتر دانیشتین.

– محەمــەد بـێ ئـەوەی هـیچ بـوار بـدات لـەو جێیـەدا کـەلێی وەستابووین بەردەوامبوو، وتی:

"مامۆستا، دەربارەی ڕۆحی مرۆڤ دەڵێیت چی؟" سەبارەت بـەڕۆح زۆرێك لەبیرۆکە و دیـدەکانم خوێندووەتـەوە، وەلێ هەریـەك لـەوی دی جودا و نایەکانگیربوون. "دەکرێت پێم بڵێیت: ئەو شتە چییە کە پێی دەوترێـت ڕۆح؟" لەناخــەوە هەوڵمـدا کــە وەڵامــی ئــەم پرســیارەی بدەمەوە کە بۆتە ماخۆلانی محەمەد و وتم:

ئەو زاتەی کـە گشـت بوونـەوەر و ئـەو دیسـپلینە ناوازەیـەی نـاوی بـەدیهێناوە و مرۆڤیشــی ڕەوانــەی دونیــاکردووە، بـۆ هــەر مرۆڤێــك گیانێکی بەدیهێناوە، وەك چۆن دروسـتکراو هەیـە دەبینـرێن و، هـەن کە نابینرێن، ئاوا ڕۆحی مرۆڤیش یەکێکە لەو بەدیهێنراوە نەبینراوانە.

ڕۆح لەخۆیدا خاوەنی ژیان و هەستە، پێش ئەوەی دابەزێتە جەستەوە لەدونیای ڕۆحەکاندا چاوەڕوانە. لەدوای پۆشینی جەستە، هەموو کردارێکی لەگەڵ جەستەیدا دەکات. بەدرێژایی تەمەنی دونیای مەحکومی جەستەیە، لەکاتی مردندا لەبەندیخانەی جەستە ڕزگاری دەبێت، بەڵام بەتەواوی بەڕووتی نامێنێتەوە، جەستەیەکی میسالی یان بەرگێکی جوان دەپۆشێ، دوای مردن جەستە جۆرێکە لە ماڵی ئەو پێویستی بەهیچ هۆیەك نامێنێت، دەبینێت، دەبیستێت، تێدەگات و دەزانێت و هەستدەکات، تا کاتی قیامەت لەجیهانی بەرزەخدا چاوەڕوانیی دەکات، لەم کاتی چاوەڕوانییەدا یان لەخۆشییەکی وەك بەهەشتدا دەژێ یان سزای گۆڕ دەچێژێت، بەگوێرەی فەرموودەی پیرۆز گۆڕ یان دەبێت بەیەکێك لەباخچەکانی بەهەشت یان بەیەکێك لەچاڵەکانی دۆزەخ دوابەدوای قیامەت، لەمەحشەردا دەگەڕێتەوە بۆ جەستە بەدیهێنراوەکەی، لەو دادگاییە مەزنەدا کە پاداشتی کردەوەکانی ژیانی دونیای وەردەگرێتەوە.

محەمەد دوزجەیی بەگۆڕینی ئاراستەی بابەتەکە و بەهەڵسوکەوتەکەیدا دیاربوو کە نیازی پرسێکی گرنگی تری هەیە، لەپاشان پرسی:

بۆچی هەموو ئیماندارێك بەزمانی خۆی نا، بەڵکو بە عەرەبی خواپەرستیی دەکات؟ ئەگەر خوای گەورە گوێبیستی هەموو دەنگێك و لاڵانەوە و نزای هەموو بەندەیەکی دەبێت، کەواتە بۆچی زۆریان

لێدەکرێت تا بەزمانی عەرەبی خواپەرستیی بکەن؟ لەم بابەتـەدا ئایا پێچەوانەییەك بەدی ناکرێت؟

ئەم پرسیارەش لەم ڕۆژانـەی دوایـدا زوو زوو دەهێنرێتـە کایـەوە، هەنـدێك لەوانـەی کـە ئـەم پرسـیارە دەکـەن ئەوانـەن کـە پـوختیی بابەتەکە نازانن ونیازمەندی فێربوونن.

بەڵام بەشی هەرە زۆرینـە بەمەبەسـتی دەرخسـتنی ڕق و کینـەیان بەرامبـەر ئیسـلام و ئـاوەژووکردنی زیهنەکانـە. محەمـەد یـەکێك بـوو لەوانەی کە نوێنەریی بەشی یەکەمی دەکرد.

هەوڵی وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارەشمداو وتم:

ئاشکرایە، موسڵمانان لەکاتی نوێژدا موکەللەفن بەخوێنـدنی بەشـێك لەقورئانی پیرۆز. ئەگەر زمـانی دایك و نەتـەوەی موسـڵمانان هەرچـی بێت، ئەم شێوازە لەسەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ نەگۆڕاوە.

لەیەکەم ڕوانیندا بەبیری موسـڵماندا دێـت کـە پەرستشـەکانی بـەو زمانانـەی قسـەی پێـدەکات و لێـی تێـدەگات بەئـەنجام بگەیـەنێت، ئەمەش حاڵەتێکی ئاسایی پێکدێنێت، بەڵام کاتێك کە لەبنج و بناوانی مەســەلەکە دەکۆڵێتــەوە و گوزەرێــك بەقووڵاییــەکانی بابەتەکــەدا دەکات، ئەوسا تێدەگات کەچەندە وردەکاریی و لایـەنی تـر هـەن کـە پێویستە ئاوڕیان لێبدرێتەوە.

لەپێش هەموو شتێکدا پێویستە جیـاوازیی لـەنێوان دوعـا و نوێـژدا بکەین، دوعـاکردنی دوای نوێـژ پێویسـتیی و داخوازییـەکانی ئیمانـدار

لەبەرامبەر خوای خۆیەوە بەهەر زمانێك بیەوێت دەتوانێت دەری ببڕێت و یاساغ نییە. ئەمە مەسەلەیەکی شەخسییەو پەیوەندییەکی بێ هۆکار و ئامرازی نێوان بەندە و خالقیەتی. سەبارەت بە نوێژیش پەرستشێکی گشتگیر و گەورەیە و پێویستە سەرنج بدرێت لەپێویستیی ئەو ئیماندارانەی تریش کە نوێژ دەکەن و ڕەچاوی باری گشتی بکرێت.

نوێژ لەبناغەدا وا پەسەندە کە بەکۆمەڵ بکرێت و ڕێگەش دراوە کە بە تەنهایش بکرێت، بەڵام لەڕاستیدا نوێژی پەسەند و باشتر نوێژی کۆمەڵە. ئەگەر ئیسلامییەت بەگوێرەی ڕەگەز و میللەت ئایینی هەر ناوچەیەك ببوایە، بێگومان دەبوایە زمانی ئەو ناوچەیە، ئەو ڕەگەز و ئەو میللەتە بەکاربهێنرایە، بەڵام تایبەتمەندییەکانی ئایینێکی گەردوونی وەك ئیسلام، کە لەهەموو ڕەگەز و نەتەوە و ڕەچەڵەکەکان لایەنگری هەیە و خاوەنی ئایینزایانێکی ئەوتۆیە کە بەسەدەها زمانی لەیەکتر جیاواز دەدوێن، بەجۆرێکی دییەوە تەرزێکی تر دەخوازێت.

با وادابنێین تورکێك کە چینی نازانێت بچێت بۆ چین و لەشەقامەکاندا دەنگی وەك (چین چانگ چونگ) ببیستێت، ئاشکرایە کە ئەو لەهیچ تێناگات لەبارێکیشدا ئەگەر ئەو وتانە وەرگێڕدراوی (الله أکبر)ی بانگ بێت دووبارە ئەو سەری تەقەی دێت و نوێژی هەیینی لەدەستدەچێت. (مزگەوتەکانی چین بەهیچ جۆرێك لەمزگەوتەکانی تورکیا ناچن. کە بەهۆی منارەکانەوە لەدوورەوە دیارین). بەهەمان

شێوە موسڵمانێکی چینی کە بەتورکیادا بڕوات ئەگەر موسڵمانانی تورکیا بەزمانی خۆیان پەرستش بکەن هیچ ناوەندێکی هاوبەش نابێت کە ئەم دوو هاوئاینە کۆبکاتەوە. لەم کاتەدا ئاینێکی جیهانی گشتگیر پێویستە هەندێك ناوەندی هاوبەشی هەبێت. ئەمەش پێویست بە بوونی هەندێك بنەمای هاوبەش و گشتگیر دەکات. لەم ڕووەوە بێگومان بانگ و قورئان خوێندن دوو ڕەگەزی سەرەکی پێکدەهێنن.

دەتوانین کۆنگرە و لوتکە نێو نەتەوەییەکان بەنموونە بهێنینەوە: بۆنموونە لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕێگە نەدراوە کە هەمووکەسێك زمانی خۆی بەکاربهێنێت، بەڵکو زمانەکانی وەك فەرەنسی و ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت، لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا بەرژەوەندیی تاك وەلادەنرێت.

بابەتەکە لایەنێکی دی هەیە کە بایەخی لەوانی دی کەمتر نییە، ئەویش ئەوەیە کە هیچ وەرگێڕانێك نییە کە جێگەی بنەڕەتەکەی خۆی بگرێتەوە. قورئانی پیرۆز زیاتر لە (١٠٠) وەرگێڕدراوی تورکیی هەیە و هەموو ڕۆژێك دانەیەکی تازەتری بۆ زیاد دەبێت. ئەمە ئەوە نیشاندەدات کە زانا تازەکان پاچەڤەی زانا کۆنەکان بە پێی پێویست نابینن، یاخود واتاکانی قورئان زیاتر لە مانا و ڕاڤەیەك دەگرنە خۆ، کە ئەم تایبەتمەندییەش لەهیچ زمانێکی تردا بەدی ناکرێت، بەواتایەکی دی: قورئانی پیرۆز لەهەر چاخ و سەدەیەکدا پارێزگاری

لەلاوێتی خۆی دەکات. بۆ هەموو زمانەکان بابەتی وەرگێڕانی هەر شاکارێك لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جێی قسەو باسە.

لەم حاڵەتەدا بەکارهێنانی واتایەکی ناتەواو باشترە یان بنەڕەتییەکی بێ هەڵەو تەواو؟ جێی خۆیەتی کە لێرەدا ئاماژە بەو ڕاستییە بدەین کە جگە لەئاینی ئیسلام و پەیامە ئاسمانییەکەی (قورئان) هیچ کام لەو پەیامە ئاسمانییانەی کە بۆ پێغەمبەرەکان نێردراون وەك خۆیان نەماون و جیاوازن لە بنەڕەتەکانیان، هەموو ئەو دەق و ڕاڤە و پاشماوانەی کە ئەمڕۆ مەسیحییەکان، جوولەکەکان، یاخود مەجووسییەکان خاوەنین دەستکاری کراون و لە هەموو جۆرە کرۆك و ڕەسەنایەتییەك داماڵراون.

موسڵمانان چەندە بەختەوەرن کە خاوەن نیگایەکی ئاسمانیی مەزنو ڕەسەنن کە ئەویش قورئانی پیرۆزە. با ئەوەشمان لەبیر نەچێت چەند وشەیەکی کەم هەن کە لەنوێژدا بەکاردێن، لەپێشەوە بانگ و قامەت دواتر الله أکبر، سبحان ربي العظيم، سبحان ربي الأعلى‌و سورەتی فاتحە و دوو سورەتی کورت هەن کە هەموویان لاپەڕەیەك پڕناکەنەوە. ئەو وشانە بەزۆریی هەموو کەسێك دەیانزانێت و کەوتوونەتە سەر زمانی هەموو موسوڵمانێك بە پلەیەکی وا کە منداڵ یاخود یەکێك کە تازە دەستپێکردبێت، بێ ئەوەی لەماناکەی تێبگات و هەوڵێکی زۆر بدات فێردەبێت، ئەگەر یەکجار مانای ئەم وشانە فێرببێت ئیتر پێویست بە ڕەخنەگرتن ناکات. لەدواجاردا،

ئاوڕێك لەو نووسەرانە بدەینەوە كە بە پاڵپشتی فەتوای إمامی ئەعزەم (ئەبو حەنیفە) دەڵێت: ڕێگەدراوە كە لە نوێژدا ڕاڤەی قورئان بخوێنرێت.

– بۆچی ئەم نووسەرانە ڕاستییەكان بەتەواوی دەرنابڕن؟

ئیمامی ئەعزەم (ئەبو حەنیفە) سەرەڕای بوونی ئەم قەناعەتەی لەسەرەتادا، كەچی بەپێی زەمەن بۆچوونی گۆڕیوە. لەپەڕاوی (الهدايةُ درُّ المُختار)دا ئەم بابەتەیان ڕوونكردووەتەوە و بەشداریی ئیمامی ئەعزەمیان لەو فەتوایەدا ڕاگەیاندووە كە دەڵێت: لەحاڵەتی ئاساییدا تەنها خوێندنەوەی دەقی عەرەبی ڕێگەپێدراوە. بۆچوونەكانی (بديع الزمان سعيد نورسى)یش بەهەمان ئاڕاستەن.

پرسیارێكی تری محەمەد، دووبارە پەیوەندی بەو بابەتانەوە هەبوو كە ڕۆژانە زوو زوو پرسیاری دەربارە دەكرا. بۆیە وتی:

"مادەم هەموو شتێك لەقورئاندا هەیە، كەواتە چ پێویستیمان بەئیمامی مەزهەبەكان و زانایانی تری ئیسلامیی هەیە؟"

ئەم پرسیارە چەندەها سەدەیە هەر دەكرێت و پێویستیش بوو بەردەوام بێت. هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەشمدا: هەروەك چۆن لەكاتی تەماشاكردنی وێنە و شارەكانی نێو پەڕاوی گەردوون كە بە پێنووسی توانستیی خوای مەزن نووسراوەتەوە، سەراسیمە و تێنەگەیشتوو دەمێنینەوە، ئاواش لەكاتی خوێندنەوەی قورئاندا، یان سەرنجدان لە واتا پوختەكانیدا زۆركەم تێدەگەین. هەروەك چۆن لە

پەراوی گەردووندا زانا و داهێنەرەکان بوونیان هەیە تاوەکو لەئاڵۆزی و نادیارەکـان بکۆڵنــەوە، ئـاواش بـۆ ورد بوونـەوە و لێکۆڵینــەوەی قورئانی پیرۆز ئاتاجی زانا و موجتەهیدە بەڕێزەکانین.

لەکاتێکدا کەسێکی نەخوێنـدەوار و ڕەشـۆك وا گومـان دەبـات کـە خـۆر بەقـەدەر سێوێکە، ئـەوا ئەسـتێرە ناسـێك دەزانێـت کـە خـۆر بەئەندازەی یەك ملیۆن جار لەزەوی ئێمە گەورەترە، لەم لاشەوە ئـەو مرۆڤـە نەزانـەی وا دەزانێـت خـوێن ئـاوێکی سـوورە، بێئاگایـە لـەو پزیشکەی کە سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی ئـەو ملیۆنـان خرۆکـە سـپی و سوورانەیە کە لەنێو خوێندایە.

کاتێك کەسێك سەیری ڕووبارێك دەکات، بێجگە لە ئاو هیچ شـتێکی تـر نابینێـت، لەکاتێکـدا کـە ئەنـدازیارێکی کارەبـا، دەتوانێـت ئـەو تەزووانە ببینێت کە لەپشتی ئەو ڕووبارەوە دەردەچن.

ئەوکاتەی کەسێکی بێئاگا لەزانستی ڕووەکناسی تەماشای ڕواڵـەتی دەرەوەی ڕووەکێك دەکات، ئەو کەسەی کە لەو زانستەدا بـەرەوپێش چووە، چەندەها گەنجینەی نهێنی لەو ڕووەکەدا دەخاتە ڕوو و ئەگەر دەرمانسـازیش بێـت، لـەو ڕووەکانـە دەرمـان و چارەسـەر دروسـت دەکات.

ئێستا ئەگەر کەسێك لەدەرمانخانە چارەسـەر وەرنـەگرێت و بڵێـت: مادەم هەموو چارەسەرەکان لەڕووەکە هەمـە جۆرەکانـەوە بەدەسـت دێت، ئەوکات لەبری چارەسەر و دەرمان وەرگرتن لای دەرمانسـازێك،

خۆم لە سەرچاوەکەیانەوە سوودمەند دەبم. ئەوجا بچێتە کەژ و کێوەکان و دەست بکات بەکۆکردنەوەی گژوگیا و ڕووەك، ئەوجا بە خواردنیان چەند نابەجێیی و هەرزەییەك دەکات؟!

هەربۆیە بۆ تێگەیشتن لەگەورەیی و ناوازەیی هەر ئایەتێکی پیرۆزی قورئان و دەرك کردنی ئەو پلە نوورییە پرشنگدار و پەیڤە ناسکانەی کە لەئامێزی ئایەتەکاندا پەنامەکن، پێویستە بگەڕێینەوە بۆلای تایبەتمەندانی ئەم بوارە و چارەسازان و ئەندازیارانی پسپۆڕ و سوودمەندبین لەڕێژنەی بیر و هەڵێنجانیان، بە پێچەوانەشەوە ڕادەی ڕووکەشبوون و نەزانیمان لەنموونەکەی سەرەوە تێدەگەین.

محەمەد بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوو، هەروەك بڵێیت سەرگەرمی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو وەڵامانە بێت کە گوێبیستی ببوو. ئەوجا بابەتەکەی گۆڕی و دەستیکرد بەهەندێك بابەتی سیاسی، منیش پێش چوونە نێو بابەتەکە و بەمەبەستی داخستنی وتم: زۆر حەزم لەسیاسەت نییە و پەیوەندیم پێوەی نییە، ئەوەی کە زیاتر پەیوەندی بەمنەوە هەیە پەروەردەکردنی خەڵکی، خووڕەوشت، هەڵسوکەوت و بونیاتی و بیروباوەڕە، ئەو لایەنەی کە ئەمڕۆ جێی بایەخ و پێویستی خەڵکییە سیاسەت نییە، بەڵکو حەقیقەت و ڕاستگۆیی و لێبوردەییە. ئەمەش لەئەنجامی ترس لەخوا و دەستگرتن بە بناغەکانی ئیمانەوە دێتەکایەوە، چونکە ئەگەر مرۆڤ

ڕێك بێتەوە هەموو شتێك ڕێكدەبێت، ڕێكبوون و چاكسازی مرۆڤیش بەسیاسەت نا بەڵكو بەئیمان دەبێت.

محەمەد ئەم سەرەتایەی بەهەلزانی و پرسیارێكی تری كرد:

"باشە ئەگەر چاكسازی كۆمەڵگا و دەوڵەت بەندبێت بەچاكسازی كردنی مرۆڤەوە، ئایا ڕێگایەكی زۆر درێژخایەن نابێت؟ واتە مرۆڤ تا تەمەنی (٣٠) ساڵ ئینجا پێدەگات و پەروەردە وەردەگرێت و كامڵ دەبێت. ئایا دەبێت بە مەبەستی چاكسازی كردنی كۆمەڵگا (٣٠) ساڵ چاوەڕوانیی بكرێت؟ ئایا گۆڕینی ئاڕاستەكەرانی كۆمەڵگا (دەسەڵاتداران) و هێنانی كەسانی شیاوتر و ڕێگەیەكی كورتخایەنتر نییە؟"

محەمەد پرسیارێكی زۆرگرنگی پرسی:

زۆرێك لەوانەی لەپێناو خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی كۆمەڵگەدا دێنە مەیدان، لەئاكامی چەندەها ئەزموون و ڕێگای هەڵە و پەلەوە كۆمەڵگا دووچاری چەندەها كێشە و دژواریی دەكەن، كەچی هێشتا دەیانەوێت سیستەمی فەرمانڕەوایی لەڕێگەی سیاسەت و فشار و توندوتیژییەوە بگۆڕن ئەمەش دیدێكی زۆر مەترسیدار و زیانبەخشە.

هەوڵمدا وەڵامی ئەم پرسیارە بەتایبەتی بدەمەوە:

"بەداخەوە لەبەر پەرۆشی كەسانێك كە خاوەنی شێوازێكی كەم و كورن و، پروپاگەندەكردنی ئەوەی كە ئەمە ڕێگەیەكی درێژخایەنە، وای دەبینن كە چارەسەری لاشە تەنها لەگۆڕینی سەردایە. هەڵبەتە

کاتێك ئەم کەسانە دەڵێن با سەر بگۆڕین هاوکات لاشە بەرەو مردن ڕاپێچ دەکەن. پەیوەندی نێوان سەر و لاشە وەك پەیوەندی نێوان کەسانی دەستەی بەڕێوەبردن و هەڵسوڕاندن لەگەڵ فەرمانبەران یان هەڵسوڕێنەراندایە. ئەگەر لەسەردا هەڵەیەك هەبێت چارەسەرەکەی پلە بەندیی دەبێت، واتە بەگوێرەی مەرجە سرووشتییەکان، هەنگاو بەهەنگاو.

لەم سەردەمەدا بەهۆی لاوازبوونی ئیمانەوە و لەئەنجامی تێنەگەیشتن لە دانایی ڕەهای ناوگەردوون، نەزانینی پەیوەندی نێوان قەدەر و جوزئی ئیختیاری و لەبەر چەندەها هۆی تریش گەلێك پەتای بێ بڕوایی لە کۆمەڵگەدا بەدیارکەوتوون، لەکاتی بەدەرکەوتنی ئەدگار و ڕواڵەتەکانی ئەو جۆرە پەتا و نەخۆشییانەدا. ئەوەی کە پێویستە بکرێت لەبری پەلەکردن و هێرشکردنە سەر هەڵسوکەوتەکانی ئەو مرۆڤە، دەبێت هەوڵی دۆزینەوەی نەخۆشییەکە بدرێت، ڕاوەستان لەسەر ئەو تایبەتمەندییانەی کە چارەسەری دەکەن، کەسێك کە باوەڕی لاواز و خراپ بووبێت و بە ڕەفتارەکانی زیان لەخۆی و کۆمەڵگە بدات، هێرش بردن، پەلاماردانی، لێدانی، زیندانی کردن و تەنانەت کوشتنی، شێوازی گونجاونین بۆ گۆڕینی ئەو کەسە. ئەو مرۆڤەی کە ڕێگەی سرێژی چاکسازیی گرتبێتەبەر، پێویستە بە ئارام و خۆگربێت. کاتێك مرۆڤەکان چاککران، کۆمەڵگا و دەوڵەت و ئەوانەش

کە بەڕێوەی دەبەن باش دەبن، ئەم ڕێگە درێژەش پێویستی بە دان بەخۆداگرتن و چاودێریکردن هەیە.

بە لێدان و، سووتان و فێڵ و تەڵەکەی سیاسیی، مرۆڤ و کۆمەڵگا ڕێك ناکرێنەوە، بگرە کێشەکان ئاڵۆزتر دەبن.

سەرەتای هەموو شتێك مرۆڤ و قەتارکردنی ئەم کائینەیە لە لایەنە نێگەتیڤ و بۆچوونە زیانبەخشەکان و یاد خستنەوەی کە ئەو کێیە؟ لە کوێوە هاتووە؟ بۆکوێ دەڕوات؟ مەبەست لە هاتنی چییە؟ دیارە ئەمەش تەنها بە باوەڕ بەخوا و دوارۆژ سازدەبێت. کات تابڵێیت درەنگ بوو بوو..

وەڵامەکان زۆر کاریگەرن

بۆ جارێکی تر خانمیماڵەوە قاوەی بۆ هێناین وخۆی خستە نێو باسەکەوە:

"قسەکانتان زۆر خۆشن، بەڵام میوانەکەمانت زۆر ماندووکرد. ئەوەندەی نەماوە بانگی بەیانی بدات، تۆزێك پشوو بدەن و دوایش دووبارە لەکاتی گونجاودا بەردەوام بن".

ڕاستەوخۆ سەیری محەمەدم کرد بزانم بەرامبەر بەم قسانە کاردانەوەی چۆن دەبێت.

محەمەد بەبێ وەستان وەڵامی دایەوە:

"نا نا، ئامۆژن: من هیچ ماندوو شتی وا نیم، ئەگەر دەخوازیت بزانیت ئەم گفتوگۆیە بۆمن چەند بە بایەخە، ئەوا پێویستە

گوێبیستی زایەڵەی نێو دەروونم بێت، ئەو بابەتانەی کە لەژیانمدا زۆر مەبەستم بوون و ترساوم لە قسەکردن و پرسیارکردن دەربارەیان، ئەمشەو کرانەوە، ئەمشەو یان دەستپێکی ژیانم یان کۆتاییەکەی دەبێت. نازانم لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دێم. ئێستا تامەزرۆی ئەوەم بزانم ئەم ڕێگەیە سەر لەکوێوە دەرئەکات؟"

لەڕاستیدا پرسیاری زۆر زۆرم کرد و وەڵامی زۆر کاریگەریشم دەست کەوت.

هێشتا ئەمانەم شی نەکردووەتەوە و بەشێوەیەکی زۆر چاك، نەم نرخاندوون و هەرسم نەکردوون، بابەتی بەنرخ وگرنگی ئاوها، ئەوجا بەچەند هەفتەیەك هەرس دەکرێت و دەگەم بەئەنجامێك، پێویستم بەکات هەیە بۆ بیرکردنەوە.

ئەم سەلماندنانە زۆرگرنگ بوون. ڕادەی تێگەیشتن و زیرەکیی و بیرتیژیی محەمەدیش زۆر ناوازە و لەڕادە بەدەربوو. کە وەڵامەکان دەدرانەوە، هەر لەسەرەتاوە تێدەگەیشت ئەنجامەکەی بەرەو کوێ دەڕوات، ئەمەش زەمینەیەکی گونجاوی گفتوگۆی دەرەخساند.

دوای خواردنەوەی قاوەکەمان، بەردەوامبوو لەسەر پرسیارکردن بۆ وەڵامی پرسیارەکانیش بەزۆری کتێبەکانی پەیامەکانی نوورمان دەکردەوە و دەمان خوێندەوە. زۆر کاری تێکرد. بەتایبەتیش بەرامبەر ڕوونکردنەوەکانی کتێبی پەیامەکانی نوور زوونوو دەیوت:

(بۆچی ئەم کتێبانـە بـۆ خـەڵکی بـاس نـاکرێن، لـە قوتابخانەکانـدا وەکو وانەیەك دانانرێت) بەم قسانە پەرۆشی خۆی دەردەبڕی.

ئەمشەو زۆرشت باسکرا، بەڵام شتی زۆر گرنگ بوون، جا پرسـیاری چی نەکرد؟ بۆچی مەلائیکـەت نـابینین؟ حـەزرەتی عیسـا بۆچـی بـێ بـاوك لـەدایك بـووە؟ بۆچـی وڵاتـە ئیسـلامییەکان دواکـەوتوون و مەسیحییە ڕۆژئاواییەکان پێشکەوتوون؟ ئایا دین پێچەوانەی زانستە؟ ئایا ژیان کۆمەکی و هاوکارییـە یـان زۆران و مانـەوەی بـەهێزە؟ ئایـا ڕۆحی کەسی مردوو دووبارە لەنێو جەسـتەی یـەکێکی تـردا دێتـەوە؟ ژیـانی قـەبر و دواڕۆژ چـییە؟ وەك ئـەم جـۆرە پرسـیارانە و جۆرەهـا پرسیاری تر...

بەپێی توانا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان محەمەد بەخوێندنەوە و سوود وەرگرتن لەپەیامەکانی نـوور بەشـێوەیەکی سـەرەکی و زۆرێـك لەسەرچاوەکانی تر بابەتەکانمان دەوڵەمەند دەکرد.

لەمیانەی ئەم گفتوگۆیەدا ڕوویەکی جیاوازی محەمەدم دۆزییەوە.

پرسـیارەکانی محەمـەد بـۆدڵ ئـازاردان و خۆنوانـدن و بێزاکردنـی بەرامبەر نەبوون، بەڵکو بەهیوا و ئامانجی فێربوون و زانین دەیپرسین و ئەمەش کەشێکی زۆر پڕکەیف و خۆش و شیرینی دروست دەکرد.

هـەرکاتێکیش دڵنیـا نەبوایـە لـەوەڵامی پرسـیارێك بـەبێ دوودڵـی دەیوت:

– مامۆستا ئەم وەڵامە بۆمن بەس نییە و، عەودالّیی خۆی بەدوی ڕاستیدا دەسەلماند.

لە کۆتایی قسەکاندا، موحەممەد بۆماوەیەك قاڵی ئەمدیو و ئەودیوکردنی پەڕاوی پەیامەکانی نووربوو کە لەسەر مێزەکە دانرابوون. لەناکاو وەرگەڕایەوە و پرسیاریکرد و وتی:

– ئایا کتێبەکانی پەیامی نوور بەزۆری باسی بابەتە ئیمانییەکان دەکەن؟

منیش بەشۆخییەوە وتم: "ئیدی وەڵامی ئەم پرسیارەت نادەمەوە."

– لەبەر چی؟

– بیخوێنەرەوە و خۆت وەڵامەکەی بدۆزەرەوە.

وتی:

باشە مامۆستا بەڕاستی دەیخوێنمەوە و لەڕاستیشدا لەئێستاوە زۆر زۆر تامەزرۆم بۆ خوێندنەوەیان.

دوو کتێبم پێدا تا بیانخوێنێتەوە یەکێکیان، کتێبی مامۆستا سەعید نوورسی بەناوی (عەصای موسا) بوو و ئەویتریشیان بەناوی (ئەو پیاوەی لە دووی خۆی دەگەڕێت). پێم وت: ئەمانە بخوێنەرەوە دووبارە دەست دەکەینەوە بەقسەکردن.

محەمەد بە زەردەخەنەیەکی شیرینی سەر لێوانی ڕوویکردە من و وتی: مامۆستا دەمەوێت کە بڕوام پێ بکەیت ئەمشەو بەتامترین و

خۆشترین و پڕماناترین شەوە کە تێیدا ژیابم. ئەمە بەشێکی تایبەتی دروستکرد لەژیانمدا بەلایەنی کەمەوە توانیم بوونی دونیای جیاوازیش ببینم. یەکەم جاریشمە تێبینی ئەوە دەکەم کە کەسانی خێزانێك ئەمەندە ئاسوودەبن و خۆشییەکی شاراوە و ئەفسووناوییان دروست کردبێت.

ئەو پشووی هەفتەیەمان بەم جۆرە وتووێژانە بەڕێکرد. محەمەد دەیوت خۆشترین کاتییەتی و هەرگیز لەیادی ناکات، لەڕاستیدا بۆ منیش ساتانێك بوون کە یادکردنیان ئەستەم بوو. بەم هۆیەوە جارێکیتر لە ئاوێنەی زیهنمدا ئەو ڕستەیە خۆی نواندەوە کە: ((قوتارکردنی گەنجان لە نسکۆ و گرفتەکان، هەروا بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی کامەران بۆ کۆمەڵگا و بەرەڤانی کردنی دەوڵەت لە شپرزەیی و ئاژاوەگێڕی، پێویستە جارێکی دی و سەرلەنوێ چاو بخشێنینەوە بە سیستەمی پەروەردەی پەیڕەوکراو لەنێو نێوەندەکانی خوێندندا. گرنگترین پەروەردە و ڕێگەچارە کە پێویستە پێشکەشی لاوێکی گرفتار یا خوێندکارێکی گیرۆدە بکرێت، تێگەیاندنی ئامانجی مرۆڤە، ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی دەژی و ڕۆژێك دێت کە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێت)). ئەگەر ئەمە بکرێت زۆرێك لە کێشەکانی گەنج و کۆمەڵ چارەسەر دەکرێت. لەبەر ئەوەی کەسێکی بێبڕوا نازانێت لەبەرچی دەژی و بڕوای بەهیچ لێپرسینەوەیەك نییە و، هیچ لەمپەرێك نییەکە ڕێگەی بگرێت

لەئەنجام نەدانی خراپە، زیان نەگەیاندنی، لەکێ بترسێت و شەرم لەکێ بکات و، کێیە سیستەمی کۆنترۆڵی ڕێکوپێکی پێدەدات، واتە مرۆڤ چۆن سیستەمی خود کۆنترۆڵی دەخاتە بزاوت؟

بێجگە لەخواترسان و بڕواکردن بەلێپرسینەوەیەك لەو کردانەی کە دەیانکات، چی هەیە کە بتوانێت دڵنیایی دەستەبەر بکات؟

ئەو شەوە ئەم پرسیارانە و هاوشێوەکانی بەتەواوی مێشکیان سەرقاڵکردبووم، لەکاتی گەڕانەوەماندا بۆ زانکۆ لەگەڵ میوانی کۆتایی هەفتەم (محەمەد)دا، دەمانزانی کە بابەت گەلێکی زۆر چاوەڕوانمانن و خوازیاری تاوتوێ کردنن.

محەمەد زۆر بەخێرایی دەگۆڕدرا

هەفتەیەك بەسەر گفتوگۆ درێژەکەی من و محەمەددا تێپەڕی، لەناخمدا ئاوێتەیەکی ئومێد و پەرۆشیی هەبوون، چاوەڕوانی پێشهاتی دیار و هەواڵی خۆشم لە محەمەددا دەکرد. لەماوەی ئەم هەفتەیەدا، چەند جارێك چاومان بەیەکتری کەوت دەستی یەکترمان دەگوشی و بەسەر پێییەوە هەواڵم دەپرسی. ئەو محەمەدەی کە بەکەسایەتییەکی خۆتێهەڵقورتێن و بێ پەروا ناسرابوو و ئەوەی بەدڵیدا بهاتایە دەیوت، ئێستاکە هێوربووەتەوە، سەراپا لەنێو جیهانی خامۆشیدا گوزەر دەکات و چووەتە بارێکی نامۆوە.

ئەم دۆخەی محەمەد تووشی پەژارەی کردم، لەکاتێکدا چاوەڕوانی هەواڵی خۆش و پڕ ئومێدم لێدەکرد، کەچی ئەو کەوتبووە نێو

گێژاوێکی دەروونی و کەشێکی تەماوییەوە، هەربۆیە ئەم حاڵەتە منی زۆر نیگەران کردبوو.

لەبەرئەوەی کە محەمەد بەتەنها لەماڵێکدا دەمایەوە شانسی پرسیارکردنی ئەوەم نەبوو کەبزانم چی دەکات و بانگهێشتکردنی و پرسینی حاڵ و باریشیم بەزیادەڕۆیی و ڕووگیری دەبینی.

لەو ڕۆژانەدا چووم بۆلای بەقاڵێك بۆ سەوزەکڕین، بەقاڵەکە دۆستێکی ناسراو بوو. محەمەدیش کرێچی بەقاڵەکە بوو، خەریك بووم پرسیاری محەمەدی لێ بکەم، بەقاڵەکە دەستی پێشخست و وتی: مامۆستا ئەو قوتابییەی تۆ، چی بەسەرهاتووە لەم ڕۆژانەدا؟ منیش بەنیگەرانییەوە وتم:

(خێرە)؟ وتی: وەڵڵاهی ئەم گەنجە شتێکی بەسەرهاتووە. لەوەوپێش بەقرەقرِ و هەراوهوریا وەختبوو ئەم بینایە بڕوخێنێت کە تێیدا دەژین، کەچی ئەمە چەند ڕۆژێکە بێ دەنگ و خامۆش بووە هەتاکو بەرەبەیان گڵۆپەکانی دەسوتێن لەوە دەچێت کارێکی بێدەنگ و بێسەدا ئەنجام بدات.

- ئۆخەی ئاسودەبووم، إن شاء الله هەموو شتێك وەك ئەوەی ئومێد دەکەم دەبێت. شتێك لەئارادا هەیە، منیش هەستم بەمە دەکرد و لەناخمدا بەبێ هیچ لێکدانەوەیەك ڕۆیشتم و دەروونیشم لەئاسودەییدا خرۆشابوو. ئاشکرایە کە گۆڕانکاری زۆرگرنگ لە

محەمەدا بووە بەڵام دووبارە لەچ لایەنێکەوە بووە، ناخمی هەژاندبوو، ئیتر هەموو ئەندێشە و چاوەڕوانییەکانم گرێدرابوون بەم حاڵەتەوە.

محەمـــەد دووبـــارە دەســـتیکردەوە بەســـەردانم، پرســـیار و لێکۆڵینەوەی ئەو باسانەی کە مـاخۆلانی بـوون وعەوداڵییـەکانی هـەر بەخێرایی بـەردەوام بـوون، هێشـتا شـتانێکی زۆر مـابوون کـە بۆئـەو نهێنی و نەزانراو بوون.

تێگەیشتم کە لەگەڵ محەمەددا پەلەم کردووە، محەمەد جیهـانێکی زۆر فراوانـی هـەبوو پێویسـت بـوو کـە بەسـەنگینی و تێگەیشـتنی تەواوەوە گوزەری بکردایە. ئەم کتێبانەی کە پێم دەدا دەیخوێندنەوە و ئەگەر پرسـیارێك لەمێشـکیدا دروسـت ببوایـە و ببوایەتـە مـاخۆلانی قسەمان لەسەری دەکرد.

بـــەخێرایی لەگۆڕانـــدابوو، هەڵســـوکەوتەکانی، هەڵوێســـتەکانی، بیروبۆچوونەکانی و، لێکدانەوەکانی لەوپەڕی ناوازەییـدابوون، زیـرەك بـوو زۆر بـەخێرایی تێدەگەیشـت، گـرنگترین ڕووداوەکـان وحاڵـە دیارەکـــانی زۆر بەئاســـانی وەردەگـــرت و وازی لـــەهاوڕێ بێسەروبەرەکانی گروپەکەی هێنابوو. ئیتر لەدونیای خۆیـدا سـەرقاڵی نەهێشتنی گێـژاوی نـاخی خـۆی و ڕۆشـنکردنەوەی دونیـا لێڵەکـەی و داڕشـتنی سیسـتەمێکی تـازە بـوو بـۆ ژیـانی. ئـەم هـەوڵ و تەقـەلا نەپساوانەی محەمەد هەشت مانگی تەواوی خایاند.

ئیتر چاوەڕێی مژدەیەکم لێدەکرد

ئەو، خاوەن بونیادێکی لێکۆڵەر و، پرسیارکەر و، عەودالّ بوو و زۆر بە وردیی و بوێرانە گەشەی دەکرد.

لەم ماوەیەدا، بە سەدان جار پێکەوە بووین و قسەمان کردووە، چەندجاریش لەتەك یەك بەیانیانمان کردووەتەوە.

ئیتر چاوەڕێی مژدەیەکم لێدەکرد، بەڵام ئەم مژدەیە بەهیچ شێوەیەك نەدەهات.

پێش ئەوەی بۆ پشووی هاوین بگەڕێتەوە بۆشاری خۆیان ئێوارەیەك تەلەفونی بۆکردم.

وتی: مامۆستا، بەیانی کاتێکم بۆ دیاری بکە پێویستە لەگەڵ ئێوە قسەبکەم.

پێکەوە لەژوورەکەمدا بەیەك شادبووین. لەبەرامبەرمدا دانیشت. لەسەریەوە تا خوارییەوە لێی وردبوومەوە، چەندە گۆڕرابوو، ئەو محەمەدەی کە لەشوێنی خۆیدا نەدەوەستا بێشەرم و پەرشوبڵاو وێژ بوو، ڕۆیشتووە و لەشوێنیدا مرۆڤێکی کامڵ و بەڕێز و سەنگین هاتووە.

لەناخمدا دەموت: (ئەی خوایە، ڕێنمویی ئەم گەنجە بکەیت، ئەم گەنجە بەتوانا و زۆر زیرەکە لەدەست نەچێت، ئەگەر لەهەندێك ڕاستی تێ نەگەیشتایە بەحاڵێکی زۆر پەرێشانەوە دەچووە ناو کۆمەڵگاوە و دەبووە درم و پەتا بۆ جڤاتەکەی.)

ماوەیەك سەیری یەكترمانكرد لە ڕووخساریدا دەربڕینێكی ئارام و نەرم و بەفرمێسك بەدەركەوت. لەبریسكەی چاوەكانیدا دیاربوو كە لەئاسمانی دەروونیدا هەندێك هەوری سۆز و نەست و دڵتەنگی یارییان دەكرد بەدەنگێكی گڕ و پڕ هەنسكەوە وتی:

(مامۆستا دەستمكرد بەنوێژكردن و لەسەر بەرماڵەكەم چەندەها سەعات گریام. هێزێك منی بەرەو لای خۆی ڕاكێشا، هەروەك بڵێیت ئێش و ئازارو ناڕەحەتییەكانی ناخم بەگریان ڕژاند)

هەم قسەی دەكرد و هەم لەچاوە هەورینە ئەسرین ئامێزەكانییەوە بەخوڕ فرمێسك دادەباری، ناخی منیش دەستی بەخرۆشان كرد. زۆرم لەخۆم كرد تا نەگریم.

(مامۆستا ئەم نوێژە چەند پەرستشێكی شیرین و بەلەزەت و بڵندە، وەستانت بەرامبەر بەخوای گەورە، پێشكەشكردنی داواكارییەكانت بەو زاتە مەزنە، باسكردنی حاڵی خۆت، پاڕانەوە و داوای لێخۆشبوون كردن، چەندە مرۆڤ ئاسوودە دەكات، چەندیش دەكات بەئاسوودەیی).

ئیدی پەیمانم داوە بەخوای گەورە، دوای ئەمە ببمە بەندەیەكی شیاوی ئەو. بەڵام من هێندە سەرپێچی و تاوانم كردووە، ئایا خوای گەورە لە تاوانەكانم دەبوورێت؟

ڕستەی كۆتای زۆر بەناڕەحەتی تەواو كرد، هەر دەگریا و هەنیسكی دەدا، ئاخر كێ دەتوانێت خۆی بگرێت؟ گریانی ئەو گەنجە

بێ ڕێسا پەروازەیە، وەك منداڵێكی بێتاوان ناخمی سوتاند، بۆئەوەی فرمێسكی چاوەكانم نیشان نەدەم هەتا دەمتوانی خۆمم دەگرت.

تۆ چەندە گەورەیت ئەی خوای گەورە؟

كە خۆت هیدایەتت كردە نسیبی كەسێك، كێ هەیە لەبەردەمتدا چۆك دانەدات؟ كێ هەیە كە نەچێتە سوجدە و داوای لێبوردن نەكات؟ پەروەردگارا ژمارەی ئەمانە زیادبكە.

كێ دەیوت كە محەمەد دوزجەیی وازدەهێنێت لەو داستانە پووچانە و دەستدەكات بەنوێژ، بۆئەوەی ببێتە بەندەیەكی تەواو، پەیمان دەدات بەخوای گەورە و فرمێسك دەڕێژێت؟

هەوڵی دڵدانەوەی ئەو محەمەدەم دا كە لەبەرامبەرمدا نوقمی هەنسكی گریان ببوو، باسمكرد كە خوای گەورە چەندە خاوەنی لێبووردەییەوە چەندەش حەزدەكات كە بەندەكانی ببەخشێت باوەشم پێداكرد و ماچمكرد و پیرۆزباییم لێكرد.

ئەوكەسانەی كە ڕەوشتی یەكەمجاری محەمەدیان دیبوو هەرگیز بڕوایان نەدەكرد. دەیانوت: "ئەو دیسان ڕۆڵێك دەبینێتەوە و ڕاستگۆ نییە لەبڕیارەكەیدا" و تێدەپەڕین، بەڵێ ئەو ڕۆڵێكی دەبینی بەلام ئەم جارەیان ڕۆڵی بەندایەتی ڕاستەقینە. ئەم ڕۆڵەی ئەوەندە پەسەندكردبوو هەروەك بڵێیت هەموو كونج و لایەنێكی پەخش كردبێت، ئەم ڕۆڵە زۆر لە محەمەد دوزجەیی دەهات.

محەمەد کە چووەوە بۆ دوزجە و بەخێزانەکەی شادبووەوە، دایك و باوکی لەتاوا جەژنیان گێڕا.

خێزانەکەی محەمەد، ڕەوەندی بولگاریی بوون. ئەو گوشار و فشارە لەڕادەبەدەرەی کە بولگارستان لە ساڵی (١٩٨٩) بۆ گۆڕینی زمان و دینی موسوڵمانە تورکەکان بەکاریهێنا، ئەوانیش یەکێك بوون لەو هەزاران خێزانانەی کە پەنایان بردە بەر تورکیا.

سەرۆکی خێزان (مامە صالح)، هاوسەرەکەی (پورە بەیزا) لەگەڵ سێ منداڵەکەیان لەسنوورێکی نزیکی تورکیا و لەشوێنێکی بچووکی (کرجەئالی) ناسراودا نیشتەجێ بوون. بوونە پەنابەر لە تورکیا.

محەمەد لە ساڵی (١٩٧٨) لە کرجەئالی لە دایك بووە، کاتێك کە هاتەوە بۆ تورکیا تەمەنی یانزە ساڵ بووە، ئەم خێزانە ماوەیەك لە (چۆرلۆ) و (ئەستەنبوڵدا) مانەوە و خەریکی بازرگانی هەنگوین بوون و لەم بازرگانییەشدا سەرکەوتوو بوون.

بەم شێوەیەش ئاستی ئابووریان تاڕادەیەك باشبوو هەر لەساڵی (١٩٩٦) وە دەستیان کرد بەوەی کە هاوینان لە دوزجە و زستانانیش لە چۆرلۆ بژین. خێزانێکی زۆر تێکۆشەر و میوان پەروەربوون.

مام صالحی باوکی بە نووسینی نامەیەکی دوورودرێژی بۆ من باسی ئەو خۆشییەی کرد کە خێزانەکەیان بەبیستنی هەواڵی محەمەد تیایدا دەژین. لەو نامە پڕ لەشادی وجۆشمەند و تەڕەدا (فرمێسك ئامێز) دەیوت: (چیمان نەکرد بۆ ئەوەی محەمەد بێتە سەر ڕێگەی ڕاست،

ئای چ ڕووداو گەلێك ژیان لەگەڵ ئەو منداڵەدا. بەهۆی ئەوەوە نەخۆی و نە ئێمەش ڕزگارمان نەبوو لەو بەڵایانەی کە بەسەرماندا هاتن).

لەڕاستیدا بڕوامان نەکرد کاتێك بینیمان محەمەد گەڕاوەتەوە و دەستیکردووە بە نوێژکردن، وامانزانی گاڵتەمان لەگەڵ دەکات، کاتێك کە تێگەیشتین گاڵتە نییە و ڕاستە، لەگەڵ دایکیدا چەندە پێمان خۆش بوو، ناتوانم تێتان بگەیەنم. هەموو دونیا بووبە هی ئێمە. بڕوابکە چەند ڕۆژێك هەر فرمێسکی شادیمان دەڕشت. خوای گەورە ئەم ڕۆژانەشی پیشانی ئێمەدا.

ئێستا خۆشبەختی و ئاسوودەیی بووەتە میوانی ئازیزی ماڵی ئێمە، هەموو ئەندامانی خێزانەکە پێکەوە نوێژەکانمان بەکۆمەڵ دەکەین. خۆشی شەو بۆ شەونوێژ هەڵدەستێت و بەفرەیی تەفسیری قورئان دەخوێنێتەوە.

هەموو ئێوارەیەك خوشك و براکانی کۆ دەکاتەوە و پەیامەکانی نووریان بۆباس دەکات. ئەی خودای گەورە ئەم خۆشییەمان بەردەوام بکەیت. جۆش وخرۆش و فرمێسکی چاوەکانی باوکی کە دەڕژانە ناخمەوە زۆریان خرۆشاندم، بۆ بەردەوامیی و سەرکەوتنی محەمەد لەم ڕێگە ئیمانییەدا زۆر لەخوای گەورە پاڕامەوە.

ئەوانەی کە مامۆستانین لەم هەستە تێناگەن وەك چۆن قوتابییەکی هار و زیانبەخش مامۆستا دەڕەنجێنێت، بەهەمان شێوە سەرکەوتنیشی، بەتایبەت قوتابییەکی وەك محەمەد کە سەرلەنوێ

هاتووەتەوە ژیان و تەمەنی نۆژەنکردووەتەوە هێندەی منداڵی خۆی خۆشحاڵ و کامەرانی دەکات.

کارەساتی بەسەرهاتووی محەمەد و میوانێکی ڕازئامێز

لە پشووی هاویندا، کاتێك محەمەد لە دوزجەوە بەرەو ئەنقەرە دەهاتەوە لەنزیکی ئەنقەرەدا کارەساتێکی بەسەردا دێت، بەشێك لە سەرنشینانی ئۆتۆمبیلەکە دەمرن و، بەشێکی زۆریشیان بریندار دەبن کە محەمەدیشیان لەنێودایە، بەبرینێکی سەختەوە دەهێنرێت بۆ نەخۆشخانەی (نموونە) لەئەنقەرە.

ئیدی ئەو ڕووداوە (پەند ئامێزەی) کە بووە خاڵی وەرچەرخان لەژیانی محەمەددا لەم نەخۆشخانەیەدا ڕوودەدات.

لەڕاستیدا ڕووداوێکی زۆر مانابەخش و هەست بزوێنە. محەمەد لەنەخۆشخانەدا (دە) ڕۆژ لەبێهۆشیدا دەمێنێتەوە، دواتر هەستی دەکرێتەوە و دێتەوە سەرخۆی، بەڵام ناتوانێت چاوەکانی هەڵبهێنێت، هەروەها توانای قسەکردنیشی نەماوە بەهۆی ئەو پێکانەی کە لەمێشکی دابوو. چاوەکانی کوێر دەبێت و توانستی قسەکردنیشی لەدەست دەدات، واتە محەمەد دووبارە دێتەوە دونیا بەڵام بێچاو و بێ زمان. ئەمە کارەساتێکی زۆر سەخت و دژوارە و هەمووان دەهەژێنێت.

بەڕاستی لەدەستدانی توانای بینایی و قسەکردنی مرۆڤێك بەو گەنجییە، کارەساتێکی جەرگ بڕو ناسۆرێکی تاڵە.

بەڵام محەمەد لەبەرئەوەی کە وشیارە و هەستی کاردەکات ئەم حاڵەتە ناکاتە دەرد بۆ خۆی، هەمیشە بەئاماژە هەوڵی دڵخۆشکردنی دەوروبەرەکەی دەدات.

بەرامبەر بەو زاتە کە هەر خۆی هەموو شتەکان دەبەخشێت. دەبینێت و بیسەرە بەهەموو شتێك، محەمەد لەوپەڕی سوپاسگوزاریی و ڕەزامەندیی و ملکەچیدا بوو. چونکە بەخشەر هەرئەوە و سێنەریش هەرخۆی.

لەش ساغیش ئەو دەیدات، نەخۆشیش هەر ئەو... لەهەر پێشهاتێکدا بێگومان دانایییەکی گەورە و خێرێکی فراوان هەیە پێویستە بەئارامییەوە چاوەڕوانی کۆتاییەکەی بکرێت.

محەمەد هەستی بە ئاگاوەیە بەڵام چاوەکانی بەشێوەیەکی داخراو، هەمیشە دوعای دەکرد و لەخوا دەپاڕایەوە، داوای لێخۆشبوونی دەکردو سوپاسگوزاریی دەردەبڕی، لەدوای ماوەیەك بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر چاوەکانی و زمانی دەکرێتەوە ئیتر ڕووداوەکانی ئەو شەوە ڕوودەدات. . واتە شەوی جومعە. .

ئەو شەوە بەدەم بیرکردنەوەیەکی مەزن و سوپاسگوزارییەکی زۆرەوە نوست، بیری لەمەزنی پەروەردگار و فراوانی میهری و فەزیلەتی بەندەگی و ئیمان و ڕۆژی قیامەت و پاداشتدانەوە دەکردەوە، لەبەر کەمتەرخەمی و نوقسانی و گوناهەکانی ڕابردووی پەنای بردبووە بەر ڕەحمەتی خواو بەفرمێسکەکانی داوای

لێخۆشبوونی دەکرد. لەحاڵەتێکی وەهادا کە وەك خۆی خستبێتە ئامێزی دونیایەکی مەعنەوییەوە، بە ئیخلاس و هەستی بەرزەوە چەندەها سەعات هەر دەگریا و دەپاڕایەوە و پاشتر لەهۆش خۆی دەچوو.

لەکاتێکدا کە لەژوورەکەیدا بەتەنها، کارەباکەی بەکزی دەسووتا، بێدەنگی هەموو ژوورەکان و ساڵۆنەکەی داپۆشیبوو، دەرگا کرایەوە و یەکێکی نوورانی و پرشنگدار کە کراسێکی پزیشکی لەبەردابوو هاتە ژوورەوە و وتی:

(خۆت کۆبکەرەوە، ئێستا میوانێکی زۆرگرنگ دێت، لەگەڵتا قسە دەکات، خۆت کۆبکەرەوە و پێشوازیی لێبکە)

محەمەد لەو شوێنەی کە لێی پاڵکەوتبوو بەپەرۆشەوە خۆی کۆکردەوە و زۆری پێ نەچوو، دووبارە دەرگاکە کرایەوە و میوانی چاوەڕوانکراو هاتە ژوورەوە، زاتێکی جبە و مێزەر لەبەری زۆر جدی هات و لەلای محەمەد دانیشت، دەستیگرت و دەستی بەسەریدا هێنا دەیوت: (براکەم پیرۆزبایت لێدەکەم، ئەم کارەساتە بووە کەفارەتی گوناهەکانی تۆ. ئەگەر خوا ئیرادەی شتێك بکات بێگومان خێرێکی تێدایە) .

تۆ لەمردن گەڕایتەوە، من پێغەمبەر ﷺ بۆلای تۆی ناردووم من تۆم بەقوتابی خۆم قبووڵکرد. هەموو تاوانەکانی تۆم گرتە ئەستۆی خۆم مەترسە هێشتا تەمەنت ماوە بەڵام زۆر کورتە. دڵسۆزیی تۆ و

پاکییەکەت بووە هۆی بەدەستهێنانی شەفاعەتی پێغەمبەرﷺ ئەو قسانەی کە پێتدەڵێم لەبیرت نەچێت، بەهەمان شێوە جێبەجێی بکە، ئەگەر ئەمانە بکەیت مەترسە و ڕزگارت دەبێت).

کە محەمەد ئەو قسانەی بیست لە سەرسوڕمان و پەشۆکاندا خەریك بوو دڵی بوەستێت، ئەوەندەی ئارەقکرد گیانی خووسابوو، محەمەد لەبەرامبەر ئەو زاتە بەڕێز و وتە گرنگانەوە بەپەرۆشییەوە پرسی:

بەڕێز ئیوە کێن؟

من بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسیم، زاتەکەی پاڵیشم زوبەیری قوتابیمە تۆشم بەقوتابی خۆم قبووڵکردووە.

محەمەد بەپەرۆشەوە هەڵیدایە و وتی:

بەڕێزم من لەسایەی نوسینەکانی تۆوە ڕزگارم بوو، یارمەتیم بدەن مادەم تەمەنم کورتە، چۆن سوود لەم کاتە وەربگرم؟ ئەویش ئەم وەڵامەی دایەوە: نوێژە فەرزەکان و ڕۆژووە قەزاکانت تەواو بکە، پەرستشەکانت دوامەخە، هەموو ڕۆژێك جوزئێك قورئان و دوعای جەوشەن و (٥٠) پەڕە لەپەیامەکانی نوور بخوێنەرەوە، ئەگەر وابکەیت ئەوا لە سەرجەم ئەو خێرانە بەشدار دەبیت کە لەزەمانی حەزرەتی ئادەمەوە تاقیامەت دەکرێن، دەی بەخوات دەسپێرم.

دەرگاکە دادەخرێت و محەمەد وەك بیەوێت خۆی بگەیەنێتە لای ئەو زاتە و پێیان بگاتەوە، لەشوێنەکەی خۆی بەردەداتەوە زەوی.

محەمەد بەرامبەر بەم میهر و ڕێزلێنانە سەری دەخاتە سەر زەوی و چەندەها سەعات دەگری و سوپاسی خوا دەکات. لەدوای ئـەوەی کـە محەمـەد لەنەخۆشـخانە هاتـە دەرەوە ئـەم ڕووداوەم بیسـت. کاتێـك باسی ڕووداوەکەی دەکرد، هەم خۆی بەردەوام بۆ چـەندەها کاتـژمێر دەگریا و هەم منیشی خستە گریان.

بەڕاستی ڕووداوێکی سەیر و پەند ئامێزبوو.

محەمەد دوزجەیی بوو بەکەسێکی جیاواز

ئەو کارەساتانەی کە بەسەر محەمەد دوزجەییدا هات، ژیانی ئـەوی گۆڕی. وەك بڵێیت ئەو محەمەدەی کە لەشوێنی خۆیـدا نەدەوەسـتا و چووست و جەربەزە و بێ ترس ڕۆیشت. لە شوێنیدا محەمـەدێکی زۆر جیاواز هاتووە. کە لەدونیا دابـڕاوە، دەسـتیکردووە بـە بەسـەربردنی ژیانێکی پەری ئاسا. هـەموو ڕۆژەکـەی بەپەرسـتش و تەوبـە و داوای لێبوردن کردن بەسەردەبرد، ئەوانـەی کـە ئاگـاداری ژیـانی ڕابـردووی محەمەد بوون بڕوایان بەمە نەدەکرد.

ڕوانـین و ڕوخسـار و قسـەکردن و هەڵسـوکەوتی و هـەموو حـاڵێکی وانەیەکی دەبەخشی.

وەك بڵێیت بەهەموو شێوەیەك بۆ ئـەو مردنـە نزیکـە خـۆی ئامـادە دەکـرد. بێزاردەبـوو لەکەسـانی دەوروبـەری و ناڕەحـەت دەبـوو لـەو هەڵسوکەوتە بێسەروبەر و بێ پێودانگانەی کە دەیبینین.

شێوازی ڕوانینی بۆ ژیان و ڕووداوەکان وەها گۆڕابوو کە ئەگەر کەسێك دید و هەڵسوکەوتێکی هەبووایە کە دژی ژیانی دواڕۆژ بووایە زۆر پێی ناڕەحەت و زویر دەبوو، لەبەرئەوەی محەمەد بەوەوە نەوەستابوو کە بڕوا بەڕاستییەکان بکات، بەڵکو هەستی پێدەکردن و پێیان دەژیا. لەڕاستیدا چاوەڕێی هەڵسوکەوتێکی تری لێنەدەکرا.

ئەو هاوینە خۆیم بانگهێشتکرد و ماوەیەك پێکەوە بووین.

لەڕاستیدا محەمەد بووبوو بەگەنجێکی پاك و ڕاست و تێگەیشتوو و ڕووناك، هەموو ژیانی بۆ خوا و دواڕۆژ نەخشەکێشابوو ئەگەر جارجار بمویستایە کەمێك پێشگیری لێبکەم، دەیوت:

مامۆستا، پێویستە زۆرتریش بکەم سەرپێچی و تاوانەکانم زۆرن، لەبەرئەوە پێویستە نەنووم و نەوەستم. ئەگینا، ژیانی هەتاهەتاییم لەمەترسیدا دەبێت. لەم تاقیکردنەوەیەدا هاوڕێیەتی تا دەرگای گۆڕە. دەبێت تەنها خۆم وەڵامی مونکەر و نەکیر بدەمەوە دۆستایەتیی و هاوڕێیەتیی لەوێدا ناخوات. مادەم وایە ئایا من چۆن دەتوانم بوەستم؟

کەواتە تاکە شتێك کە بتوانێت من ڕزگار بکات تەنها عیبادەتەکانمن.

زۆر پەرۆشی دەستکەوتنی بەهەشت و گەیشتن بەژیانی هەتاهەتایی بووم، بنەڕەت و سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەم پەرۆشییەم شادبوونە

بەدیداری ئەو زاتەی کە ئامادەم ملیارەها ساڵی ژیانمی لەپێناودا ببەخشم کە ئەویش پێغەمبەری نازدارە ﷺ.

دووبارە پەیامەکانی نوور کە بوونە هۆکاری گەڕانەوەم بۆ ڕێگەی ڕاست و گەیشتنم بەڕاستییەکانی ئیمان، تامەزرۆی دیداری نووسەری ئەو پەیامانە بەدیعوززەمان و ماچکردنی دەستەکانی تیادا بزواندم، هەروەك بڵێیت بەبێ بوونی ئەم زاتە پیرۆزانە بەهەشتیش مرۆڤ تێر ناکات. محەمەد دەرکی بەڕاستی و نهێنییەکی مەزن کردبوو، وەك ئەوەی پەردەکانی کاتیی کاری لەبەردەمیدا لابرابێت ئاوا بەزانین و هەست پێکردنەوە دەدوا. ئەو دەرئەنجامانەی کە محەمەد دوزجەیی لەمەڕ مردن پێیگەیشتبوو بەم شێوەیەی خوارەوە کورتی کردەوە: مامۆستا من لە پێشدا لە مردن و لە جەنازەو لە مەزار و لەسەلا و لەهەرشتێك کە مردن بهێنێتەوە یاد، دەترسام. دەمویست بە نکۆڵیکردن لەو بابەتانەی دەربارەی خوای گەورە و پێغەمبەر ﷺ و قورئان و دواڕۆژن خۆم ڕزگار بکەم. وام دەزانی بەبڕوانەکردن بەمردن و دواڕۆژ بەرپرسیارێتی یەخەم بەردەدات.

شەوان کە دەخەوتم، ئەوشتەی کە زۆر بیزاری دەکرم تاریکی بوو، تاریکی مردن وگۆڕی بیر دەهێنامەوە. دەمویست بەفەرامۆشکردنی ژیان و، گوزەرانی بێیاسایی و بێبڕوایی و بەڕەڵایی و تەنانەت نکوڵیکردنی دونیا تایبەتییەکەی خۆم و لەبیر بردنەوەی مردن و

پێشێلکردنی هەموو یاساو ڕێسایەك، دەمویست لەبەرپرسیارێتی و مردن خۆم قوتاربکەم.

ئەمە بەمانایەکی تر ڕاکردن بوو لەبەندایەتی. هەستم دەکرد کە بڕوانەکردن بەخوا و دوارۆژ دەبنە ڕێگر لەبەردەم مردندا، دوایی تێگەیشتم کە بڕوانەکردن ڕێگر نییە لەبەردەم مردن بەڵکو دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەهەشتدا.

سوپاس بۆ خوا، ئیتر پێش ئەوەی بمرم، دەستمکرد بەخۆشویستنی مردن، ئەجەل و گۆڕ و دوارۆژ، مەنزڵگایەکن، هۆیەکن، بلیتێکن بۆگەیشتن بەخۆشەویستان و دۆستان و خۆشبەختیی، ئاسوودەیی هەتاهەتایی. ئایا لەمردنێك ڕادەکرێت کە مرۆڤ بگەیەنێت بەخۆشەویسترین دۆستی؟

مردن من دەگەیەنێت بەخوای گەورە، بە پێغەمبەر ﷺ و زۆرکەسانی تری بەڕێز لەبەرئەمە مردنم زۆر خۆشدەوێت و هەرگیزیش ناترسم. کاتێك لە پەیامەکانی نووردا ئەم ڕوونکردنەوانەم خوێندەوە دەربارەی مردن، ڕوانینم بۆ مردن گۆڕدرا، بەڕاستی دەستمکرد بە خۆشویستنی مردن، ئەو وتانەی کە لەبەرمکردوون دەربارەی مردن ئەمانەن:

ئەی بێ چارەکان! کاتێك کە کۆچ دەکەن بۆ گۆڕستان مەڵێن: ئەی هاوار موڵك و سامانەکەمان خراپ بوو، هەوڵ و کۆششەکانمان بەهەدەر چوون لەو دونیا خۆش و فراوانە ڕۆیشتین و هاتینە ناو

چالێکی تەسك و تاریکەوە. داوای یارمەتی بکەن و بێ ئومێد مەبن. چونکە هەموو شتێکتان پارێزراوە، هەمووکردەوەیەکتان نووسراوە، هەموو خزمەتێکتان تۆمارکراوە، ئەو زاتەی کە پاداشتی خزمەتەکەتان دەداتەوە و هەموو چاکەیەك لەدەستیدایە و هەرئەو بەخشندە و میهرەبانە، ئێوە بانگهێشت دەکات و بۆ ماوەیەکی کاتی ئێوە لەنێو خاکدا (گۆڕ) ڕادەوەستێنێت، پاشان دەتانباتەوە بۆلای خۆی. چەندە بەختەوەرییە بۆ ئێوە کە ئەرك و خزمەتی خۆتانتان تەواوکرد و ئازار و زەحمەتەکان بۆ هەتاهەتایە کۆتایی هاتن، بەرەو وەرگرتنی پاداشت دەڕۆن.

ئەی مرۆڤ، ئەو خزمەتەی کە کردووتە، ئەو پەرستشانەی کە ئەنجامت داوە بە بەلاش ناڕوات، لەبری ئەم دونیا فانییە بەهەشتێکی جاویدانی چاوەڕێتە. ئیمان بهێنە و پشت ببەستە بە بەڵێنی ئەو بەدیهێنەرە شکۆمەندەی کە ناسیوتە و بەندەگیت بۆکردووە.[1]

ئەی ئادامیزاد، ئەندێشەی ئەوە نەکەیت کە مردن، نەمان، تیاچوون، ڕزین و تێکچوون و چوونە نێو تاریکستانی ئەبەدییە. بیر مەکەرەوە لەو تێگەیشتنانەی کەمردن بە خنکان و تاریکی و تیاچوون و بیر چوون و ڕزین و تێکچوون دەزانن.

ئێوە بەرەو لەناوچوون و نەمان ناڕۆن بەڵکو بەرەو بەقا و هەمیشەییبوون ڕیزتان بەستووە، نەك بەرەو تاریکی، بەڵکو بەرەو

١- مەکتوبات.

ڕووناکیی جیهانی نوور ملی ڕێتان گرتووه، بەرەو ویصاله ئاڕاستەکان نەك بەرەو فیراق و جودایی.[1]

ئەم دوا ڕوونکردنەوەیەی دەربارەی مردن، منی زۆر ئاسوودە کرد، "مەرگ لەناوچوون و، جوودایی نییە، بەڵکو دەستپێکی ژیانێکی هەمیشەیی و پشووی دوای ئەرك و خزمەتە، شوێن گۆڕکێیە، بەیەك شادبوونەوەی گرۆی ئازیزانە کە بەرەو جیهانی بەرزەخ کۆچیانکردووە."[2].

ئیتر، ئیمانی حەقیقی، ئیمانی تەواو: ئەو ئیمانەیە کە بەرئەنجامی خوێندنەوە و بینین و هەستکردن و تێگەیشتنە...

محەمەد، لەجۆش و تاوی باوەڕ و ئیمانەکەیدا، چووبووە جیهانێکی واوە کە هەستی نەدەکرد ئێمە ئێرەیی پێدەبەین و خوازیاری ئاوەها دۆخێکین، بەمانایەکی تر مەقامێکی ئاوات پێ خوازراوی هەبوو. ئەم هەستەم لەکاتی گێڕانەوەی خەوەکانیدا بۆ دەرکەوت. خەوی وەهای دەبینی، هەستی بەشتی وەها دەکرد و لەنێوەندی لەزەتێکی ئیمانی وەهادا دەژیا کە دونیا و خەڵکی و ڕووداوەکانی دەوروبەری نەدەبینی.

١- هەمان سەرچاوە.

٢- هەمان سەرچاوە.

محەمەد کە پێشووتر قوتابیمان بوو ئیتر نەك وەك قوتابییەك بەڵکو وەکو کەسێکی تێگەیشتوو و کامڵ، لەگوێگرتن و ڕوونکردنەوە و باسەکانی گەورەترین چێژ و خۆشیم وەردەگرت.

ئێستاکە ئەو قوتابی ئێمە نییە، ئێمە چووینە حوکمی قوتابی ئەوەوە. ئەو محەمەدەی کەخاوەنی پرچێکی درێژ، جەستەیەکی پڕ لەئیکسیسوار و پۆشاکی ڕیزپەڕ و هەڵسوکەوتی سەیر و نامۆ بوو، هەنووکە بەهەستان و دانیشتن و گفت و مامەڵە و بۆچوونەکانی سەرنجی دەوروبەری ڕاکێشاوە و وانەی مانادار پەخش دەکات.

ئایا بەناوی ئایینەوە کۆمەڵ کوژیی دەکرێت؟

یەکێك لەمانە بەم جۆرە هات و چوو.

محەمەد و من و میوانێکی ترم پێکەوە چایمان دەخواردەوە، دەربارەی ئەو بابەتەی کە قسەمان لێ دەکرد، میوانەکەمان پرسیارێکی لەم جۆرەی کرد: باشە گەر دین و هەستی ئاینی مرۆڤ بگەیەنێتە ئەوپەڕی پلەی کامڵ بوون و تەواوی، دەبێت چی بەو ئیسلامییە توندڕەو و تۆقێن ویستانە بوترێت کە بەناوی ئاینەوە کۆمەڵکوژی بەئەنجام دەگەیەنن؟

بۆیژی بەرامبەرم بابەتێکی زۆر گرنگ و هەستیاری وروژاند. ئەم و چەندەهای وەك ئەم پرسیارە، لەمێشکی چەندەها کەسدا جێگیربووە.

ئیسلام لەگەڵ تیرۆریست، دین لەگەڵ کوشتاری بەکۆمەڵ، چ پەیوەندییەکی هەیە؟

محەمەد مۆڵەتی لە من خواست و وتی: "لێرەدا بابەتێکی بەهەڵە باسکراو یان تایبەتمەندییەکی چەوتی بینراو هەیە".

من دەمەوێت ئەم بابەتە لەدوو سۆنگەوە شیکار بکەم:

یەکەمیان: لە لێکۆڵینەوەی هەموو ئایەتەکانی قورئان و هەموو فەرموودەکانی پێغەمبەرمان ﷺ، وا دەردەکەوێت کە کوشتنی مرۆڤ و زیان گەیاندن بە مرۆڤ بەیەکێك لە گەورەترین تاوانەکان هەژمار دەکرێت. مرۆڤ چەندە فەرمایشتەکانی قورئان بخوێنێتەوە و پەیکەڵی بکات ئەوەندەش لەتەواویی دین تێ دەگات و گشت بۆچوون و مامەڵەکانی بەگوێرەی هێڵ و ڕێنوماییەکانی ڕێك دەخات و دەگاتە ترۆپکی کەماڵ و چاودێریی مافەکان دەکات، نەك زیان بە بەدخوازترین کەسیش ناگەیەنێت بەڵکو تەقەلای ڕزگارکردنی دەکات. لەم بارەدا موسوڵمانێکی ڕاستەقینە هەرگیز نابێت بە تیرۆریست و مرۆڤ ناکوژێت، زانراوە کە ئەمە لەلای خوای گەورە تاوانێکی زۆر گەورەیە. ئەگەر کەسێك بەناوی دینەوە تاوانێك بکات و کەسێك بکوژێت یان ئەوەتا ئەوە موسوڵمانێکی ڕاستەقینە نییە یان فەرمایشتەکانی ئیسلام هیچ کاریگەرییان لەسەری نەبووە و شوێنکاریان تیادا بەجێ نەهێشتووە.

دووەمیـان، دەوڵـەتێك کـە بەڕێـژەی لـە سـەدا سـەد هاوڵاتییـانی موسـولْمانن، پێویسـتە بـە پەروەردەیـەکی ڕێکـوپێکی ئـایینی سیستەمدار ڕۆڵەکانی گۆش بکات. بەڵێ ئەگەر دەوڵـەت گرنگـی بـە پـەروەردەی ئـایینی هاوڵاتییـان نـەدات یـان چـاوی لێبنوقێنێـت و بایـەخی پـێ نـەدات، ئـەوا کەسانێك ئـەو بۆشـاییە پڕدەکەنـەوە کـە شایستەی ئەو کارەنین. یـان ئـەو کـەس و تاقمانـەی کـە دەیانـەوێت بەشـێوەیەك لەشـێوەکان زیـان بەدەوڵـەت بگەیـەنن، ئـەم دەورە ڕیزپـەڕیی و سـاردگیرییەی دەوڵـەت لەبەرامبـەر دینـەوە بەهـەل وەردەگرن و دەیقۆزنەوە، پێویستە دەوڵەت بوار بەوانە نەدات.

بـا وادابنـێین ئەگـەر لـەم وڵاتـەدا کۆلێـژی پزیشـکی دابخرێـت و پزیشکەکان لەلایەن دەوڵەتەوە پەروەردە نەکرێن ئەوا کەسانێکی بـێ توانا و لێنەهاتوو دەردەکەون کە ئەم بۆشاییە پڕدەکەنەوە و زیان بە ماڵ و گیانی مرۆڤەکان دەگەیەنن، چارەکردنی ئەمـەو قەلاچۆکردنی ئـەو جـۆرە کەسـانە بـە ئـاوالاکردنی کۆلێـژەکان و پێگەیانـدنی پزیشکەکان بەشێواز و میتۆدی زانستیی دەبێت.

بابەتی پەروەردەی دینییش وەهایـە، هـاوڵاتی دەیـەوێت دینەکـەی فێربێت و فێـری منداڵەکەشـی بکـات، ئـەم ویسـتنە، ئەگـەر لەڕێگـەی قوتابخانەوە بە ڕێکوپێکی و شێوازێکی بـەردەوام وەڵام نەدرێتـەوە و کەسانی پسپۆڕ چاودێریی نەکەن و داواکارییـەکانی پەیوەندیـدار بـەم

بابەتەوە فەراهەم نەهێنرێت، ئەوا لە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەدا کەسانێکی بەدنیاز دێنە مەیدان.

ئەگەر بابەتەکە پوخت بکەینەوە، موسوڵمانێك هەرگیز بەهاندەری ئاینیی مرۆڤێك ناکوژێت، ئەگەر بیکوژێت ناتوانێت بڵێت من موسوڵمانم.

پێویستە دەوڵەت پەروەردەی دینی هاوڵاتییان بۆ کەسانی تر بەجێ نەهێڵێت. پێویستە خۆی ئەو بەرپرسیارێتییە بگرێتە ئەستۆ. ئەگەرنا دەستپێشخەری کەسانی نیازخراپ لەئەنجامی کەمتەرخەمی دەوڵەتەوە زیانی زۆری لێ دەکەوێتەوە و هاوکات پێویستە زۆر بەبایەخەوە ئاوڕ لەو ڕاستییانە بدرێتەوە کە شاکارەکانی ((پەیامی نوور)) لەمەڕ دەستنیشانکردنی پەتا و نەخۆشییەکانی سەردەم و شێوازی مامەڵەوە چارەدۆزییان پێشکەش کردووە، چونکە پەیامەکانی نوور ڕاڤەیەکی مۆدێرنی قورئانی پیرۆزە کە چارەسەری گرفتە مەعنەوییەکانی ئەم سەردەمە دەکات و لە بیمارستانی دێرەکانیدا، من و چەندەها گەنجی زیانبەخشی هاوێنەم لەسایەی ئەم ڕاستییانەوە بووینە هاووڵاتییەکی بەسوود بۆ وڵاتەکەمان.

لەئەنجامی بەجێنەهێشتنی باسەکە بۆ من و وەڵامدانەوەی لەلایەن خۆیەوە، کەمێك شەرمنانە پرسیاری بۆچوونی منی کرد و وتی: (چی دەفەرمویت مامۆستا؟) منیش وتم: هەر بەو جۆرەیە، هاوبەشی بۆچوونەکانتم، زۆرجوان باستکرد.

وەڵامەکانی محەمەد و بۆچوونەکانی سەبارەت بە پەیامەکانی نـوور ئەوپەڕی کاریگەربوون، هەڵبەت ئەو مرۆڤـەی کـە لـەناو ڕووداوەکانـدا دەژی و لەگۆشەنیگای جیـاوازەوە لـە پێشـهات و بـاس وخواسـتەکان دەڕوانێت، بۆچوونەکانیشی دروسـت و پێکـەردەبێت. چـونکە بـەپێی ئـەو ڕێسـایەی کـە دەڵێـت: ئـەوەی تیـادا دەژی دەیزانێـت، ئـەوەش دەیزانێت دەدوێت و قسەی تیادەکـات "محەمـەدیش گوزارشـی لـەوە دەکرد کە بینیبوی و، هەستی پێکردبوو و تیایدا ژیابوو". لـەو مـاوە کورتەی کە لەگەڵ محەمەددا پێکەوە بووین چێژێکی زۆرمان لـەنزیکی و دۆستایەتی یەکتری بینی، کاتێکیش کە ڕۆیشت هۆنراوەیەکی پێدام و وتی: (مامۆستا دوای ئەوەی کە من ڕۆیشتم بیخوێنەرەوە).

منیش وەهام کرد.

ئەی مامۆستا

لـــــەدڵت مەمپچـــــڕێنە، جیـــــام مەکـــــەرەوە
دەزانـــــی بـــــەبێ تـــــۆ نـــــاژیم، مامۆســـــتا
بەتاســـەوە چـــاوەڕێی هـــاتنی بـــەیانیانتم دەکـــرد
هەمیشە دڵ خـۆش، دەم بـە پێکـەنین بیـت مامۆسـتا

***

لەگـــەڵ تـــۆدا دۆزیمـــەوە خۆشـــیی، ئاســـودەیی
ژیـــان بـــەبێ تـــۆ دێـــز و ناشـــیرین، مەرگەســـاتە

خـــــــۆراكی دڵمـــــــــی، نـــــــووری ئـــــــاوەزمی
تـــــــۆ ئامێزیـــــــت، هێلانـــــــەیت مامۆســـــــتا
***
تـــــــۆوی ئـــــــەوینت چـــــــانده دڵمـــــــەوه
هـــــــەوێنێكت لـــــــەئیمان كـــــــرده ڕۆحمـــــــەوه
بـــۆ ڕزگـــاركردنی مـــن، زۆر نەخشـــەت كێشـــا
لـــەلای خـــوا پاداشـــتەكەی وەرگریـــت ، مامۆســـتا
***
ژیـــانێكی بـــێ ئامـــانج، ســـەرەڕۆم هـــەبوو
ڕۆحـــم پـــڕ زریـــان، دونیاشـــم تـــەنگ بـــوو
بـــاوكم نیگـــەران، دایكـــم هـــەرگریان
منـــت ڕزگـــاركرد، دەزانیـــت مامۆســـتا...
***
ئەوانـەی كـە نـەدەبوون بەمـەرد تـۆ كردنـت بـە مـەرد
بەدووی هەموو دەردێك ڕاتكرد، بەهەموویان گەیشتیت
ژیانـــــت لـــــەم پێنـــــاوەدا ســـــەرفكرد
إن شـــاء الله بەهەشـــتی دەبیـــت مامۆســـتام...

ئـەم پەیڤـە ناسـكانە نـەك بـۆ خـۆم بـەڵكو بـەناوی مامۆسـتای مەعنەویی هەزاران و سەدان هـەزار مرۆڤـەوە كـە تەفسـیری قورئـانی پـیرۆز (سـەرجەمی پەیامـەكانی نـووره) وەرمگـرت. چـونكە هۆكـاری

بێداربوونەوەی محەمەد و شادبوونی بەم ڕاستیيانە، ئەم شاکارانە بوون. کە بار و مەسەلەکە بەم جۆرەيە، کەواتە بەدڵنياييەوە (مامۆستا)ی نێو هۆنراوەکەش من نيم.

بەرنامەی ڕۆژێکی محەمەد

ئەو ڕووداوی هاتووچۆيە لەژيانی محەمەددا شوێنکاری زۆر قووڵ و گەلێك گرنگ و پەند ئامێزی بەجێهێشت، بوويە هۆی ئەوەی دووبارە بەهەموو ژيانيدا بچێتەوە و، جارێکی تر نەخشە دابڕێژێتەوە. لەگۆشەنيگايەکی جياوازەوە و سەرلەنوێ ژيانی ڕێکخستەوە، پێم وايە ئەو بەسەرهاتانەی لەمەڕ ئەو ڕووداوە ڕازئامێزە بۆی باسکردووم هەر ئەمەندە نييە، بەڵکو چەندەها بەسەرهاتی گرنگ و لايەنی پەنهانی دی هەن کە لەلای خۆی وەك نهێنييەك ماونەتەوە. لەو ڕۆژانەی کە پێکەوەبووين. پرۆگرامی ڕۆژانەکەی سەرنجی ڕاکێشام، ئەوەندەی کە من بەرچاوم کەوتبێت لەپرۆگرامی ڕۆژانەيدا، ئەمانە بوون:

١- لەڕۆژێکدا (٤) سەعات نووستن.

٢- هەموو ڕۆژێك نوێژە قەزاکان و لەهەفتەيەکدا پێنج ڕۆژ ڕۆژووی قەزا.

٣- لەڕۆژێکدا دوو ژەم خواردن.

٤- هەموو ڕۆژێك خوێندنەوەی جوزئێك (٢٠ لاپەڕەی) قورئانی پيرۆز.

٥- لەدوو ڕۆژدا جارێك خوێندنی (جەوشەنی گەورە).

٦- لەڕۆژێكدا خوێندنەوەی (١٠٠) لاپەڕە تەفسیری قورئان، كە پەیامەكانی نوورن هەروەها بەدەستهێنانی زانیاری لەفیقهدا.

پرۆگرامێك بوو كە هەموو كەسێك ناتوانێت جێبەجێی بكات.

هەروەك بڵێیت پەلەی مردن و ئاخیرەتیەتی، هەمووكاتەكانی تەرخان كردبوو بۆ بەندایەتی و پەرستشە نەكردووەكانی، لەوانەشە كە ئەو ئەم پەلەپەلەیەی زۆریاش بینیبێت و هەستی پێكردبێت، لەڕاستیدا پێویستە هەموو كەسێك خۆی ئامادە بكات، بۆ مردن و دوارۆژ پەلەی بێت. چونكە هەمووكاتێك گریمانی ڕووبەڕووبوونەوەی مردن و ئەجەل لەئارادایە.

دیارە محەمەد زۆرباش لەمە حاڵی بووبوو.

پەیوەندییەكانمان لەگەڵ محەمەد درێژەی دەكێشا، زوو زوو بە تەلەفون كردن یەكترمان بەئاگادەهێنا و هەواڵی یەكترمان دەپرسی، بەم تەلەفونە محەمەد هەستە بەرز و پاكەكانی خۆی دەردەبڕی، وەك ئەوەی كە وانە دەربارەی ئەركی بەندایەتی بەمن بڵێتەوە، بەتایبەتی لەڕۆژانی هەینیدا منی بەسەردەكردەوە و پیرۆزبایی ئەو ڕۆژەی لێدەكردم و، ئەم هەواڵ پرسین و پیرۆزباییەی كردبووە نەریت و بەردەوام بەسەری دەكردمەوە. كاتێك لەگەڵ محەمەددا تەلەفونم دەكرد، چێژێكی تایبەتی و بێسنوورم لەدەربڕینەكانی و شێوازی دەنگی و نەرم و ناسكی تەرزی گوفتاری وەردەگرت، ئەوەتانێ

هەندێك شێوازی گفتوگۆکردن مرۆڤ ئاسوودە دەکات و کامەرانییەکی قووڵی پێ دەبەخشێت، دەی محەمەدیش شێوازێکی لەو جۆرەی هەبوو.

ئەو ڕووداوە سەیرانەی کە محەمەد لەڕۆژی بومەلەرزەکە، لەنوێژی هەینیدا تیایدا ژیا

دوایین تەلەفونمان کە پێکەوە قسەمان کرد ڕۆژی جومعە (١٢)ی کانوونی دووەمی (١٩٩٩) ڕاستەوخۆ دوای نوێژی هەینی بوو. لە (دوزجە)وە تەلەفونی بۆکردم. لەوکاتەدا منیش لە قەزای (تورهاڵ)ی سەر بە (تۆکان) میوانی هاوڕێ بەڕێزە هاوپیشەکانم: نورالدین پالا و حەققی کالایجی بووم.

قسەکردنم لەگەڵ محەمەددا زۆر درێژەی کێشا، محەمەد وتی:

مامۆستا (هاتووم بۆ دوزجە، بۆ ئەوەی سیلەی ڕەحم بەجێبهێنم و خێزانەکەشم ببینم...)

لەبەرئەوەی کە تەلەفونی بۆ مۆبایلەکەم کردبوو، لەو ڕووەوە کە قسەکردنمان زۆر درێژە نەکێشێت، پیرۆزبایی ڕۆژی هەینی و نوێژی جومعەم لێکرد. دوای تەمەننا و هیوا خواستنێکم لەدڵەوە بۆی، سوپاسم کرد و ویستم کۆتایی بەقسەکردنەکەمان بهێنم، بەڵام نەیدەویست تەلەفونەکە دابخات و جیابێتەوە، تێگەیشتم لەوەی کە دەیەوێت شتێکی زۆر گرنگ بڵێت هەربۆیە وتی:

«مامۆستا، نوێژی ئەم جومعەیە، نوێژێکی تر بوو، لە ژیانمدا نوێژی وەهام نەکردووە...»

بە تامەزرۆییەوە پرسیارم کرد و وتم: «چۆن؟!»

بەدەنگێکی هەست بزۆێن و پڕ لەناسکییەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دووبارەی کردەوە و وتی: «نوێژێکی تەواو جیاواز بوو» لەناکاو هەستم کرد بەدەنگێکی لەرزۆك و بەپچڕپچڕی وشەکانی تەواو دەکرد. لەنێو جۆشێکی بێ وێنەدا بوو، بۆ ئەوەی هەنیسك و گریەکانی دەرنەبڕێت زووزوو خۆی دەخواردەوە. زۆر مەراقم بوو بزانم ئاخۆ چی ڕووی دابێت لەم ڕۆژی جومعەیەدا، ئاوەها کاری کردووەتە محەمەد و هەستی خرۆشاندووە:

«محەمەد دەی کەمێك وەرەوە سەرخۆت، منیشت پەرێشان کرد خوای گەورە قبووڵی بکات. تامەزرۆی نوێژی جومعەکەت بووم، باسی بکە، گوێم لێگرتوویت»

دووبارە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دوای ئەوەی هەوڵیدا خۆی هێور بکاتەوە، بەردەوام بوو.

«مامۆستا، نازانم باسکردنی هەموو ئەوەی کە بینیوومە شتێکی چۆنە؟ ئایا لێی بەرپرسیارم؟»

هەتا دەهات منیش زیاتر ئۆقرەم نەدەما.

وتم: «یانی چی، باس کردنی هەموو ئەوەی کە دیوتە؟ مەگەر چیت بینیوە کە ئەوەندە دوودڵیت لە باسکردنی؟»

وتی: جا چی نییه... لەناکاو دەستیکرد بەهەنسکدان. مامۆستا، چی ڕوویدا لەنوێژی ئەم جومعەیەدا... چی ڕوویدا... وەك بڵێیت بەرەو جیهانێکی تر ڕۆیشتم، من لەجیهانێکی تر بووم.

هەتا دەهات هەنسکدانی زیادی دەکرد. من لەسەرێکی تەلەفونەکەوە، محەمەدیش لەسەرەکەی تریەوە بەرامبەر بەیەك فرمێسکمان دەڕشت. تێگەیشتم کە شتێکی زۆرگرنگ ڕوویداوە. دووبارە محەمەد منی بزواند و خرۆشاندمی و، خۆی سازدابوو کە لەڕوانگەی ڕووداوێکی پەند ئامێزەوە وانەیەکی گرنگم دابدات.

محەمەد بەو دڵە پاکە و هەستە بێگەردەیەوە پێشبینیی ئەوەم لێدەکرد کە ئەو شتە بەرزانەی کە چاو نایانبینێت ئەو بینیبونی، لەبەرئەوەی محەمەد گەیشتبوویە مەقامێکی مەعنەوی وەها بڵند کە دەیتوانی لەو مەقامەدا زۆرشت ببینێت، وەڵێ خۆی نەی دەزانی کە خۆی لەکوێ بینیوەتەوە. کەهەنیسکەکانی کەمبوونەوە، وتم:

«محەمەد گوێبیستی تۆم» پێویستە بۆمی باس بکەیت، لەبەرئەوەی زۆرکەس هەن کە پەند لەژیانی تۆ وەربگرن، خۆ ئەگەر باسیشی نەکەیت بەرپرسیار دەبیت.

بەدەنگە شیرین و هەست بزوێنە تایبەتییەکەی خۆی دەستیکرد بەگێڕانەوەی:

«بۆ نوێژی جومعە چووم بۆ مزگەوت. لەلای چەپی مزگەوتەکەوە شوێنێکی بەتاڵم دیتەوە لەوێ دانیشتم. وتارخوێنەکە شتی زۆر خۆشی باس دەکرد.

کە وتاربێژ وتاری خوێند، منیش چوومە ناو جیهانی خۆمەوە»

دووبارە محەمەد دوودڵ بوو لەوەی کە باسی بکات یان نەیکات منیش وریام کردەوە و وتم: ئێ، پاشان؟

پاشان، دەستمکرد بەگەشتێك لەدونیاکەی خۆمدا. ئەم گەشتە چۆن باس بکەم مامۆستا؟

دووبارە بە زمانێکی تەتەڵەوە بەردەوام بوو لەسەر قسەکردن:

« لەم گەشتەدا کە لێی تێنەگەیشتم و نەمزانی چۆن بوو، کەعبەی پیرۆز بەهەموو شکۆمەندییەوە لەبەرامبەرمدا دەردەکەوت، خۆم لەو قەرەباڵغییە دڵڕفێنەدا بینییەوە، هەرلەوێدا بۆ نوێژی هەینی ڕیزمگرت. ناتوانم ئەو هەست و جۆشە دەرببڕم! ، لەدوای نوێژ تەماشامکرد دەرگایەك لەناو کەعبەدا کرایەوە، هەندێك کەس بەرەو ئەوێ دەڕۆیشتن، بەڵام هەموو کەسێکیان نەدەکردە ژوورەوە. منیش وتم بابەختی خۆم تاقیبکەمەوە، بزانم لەوێ چی هەیە، بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتم کە گەیشتمە دەرگاکە سەیرم کرد کەسێکی زۆر چاك و ئەوکەسەی کە من زۆر خۆشم دەوێت لە دەرگاکەدا چاوەڕێ دەکات. کە بینیم باوەشم پێداکرد و وتی: وەرە ژوورەوە محەمەد، بزانە چی دەبینیت، منیش بە گەرم و گوڕییەوە چوومە ژوورەوە،

دەبینم شوێنەکە وەك کۆشکێکی مەزن وەهایە، ڕێك لەبەردەمیدا قەرەباڵغییەك، لەبەردەم قەرەباڵغییەکەشدا سەکۆیەك دروستکرابوو. لەسەری هەموویانەوە حەزرەتی پێغەمبەر ﷺ، حەزرەتی أبوبکر، حەزرەتی عومەر و هەندێك زاتی ترو مامۆستا بەدیعوزەمان هەبوون. کە من چوومە ژوورەوە، مامۆستا بەدیعوززەمان ئاماژەی بۆ کردم و بانگی کردم بۆلای خۆی قۆڵی گرتم و وتی: «بەخێربێیت براکەم محەمەد» بەتەواوی بردمیە بەردەم پێغەمبەر ﷺ وتی: یارسول الله ئا ئەمە محەمەدە»

پێغەمبەر ﷺ دەستی هێنا بەسەرمدا. منیش دەستە پیرۆزەکانیم ماچکرد.

پێغەمبەر ﷺ بەشەفەقەتەوە سەیری ڕوخساریکردم و تەنها وتی: «ما شاء الله».

« لەوکاتەدا دەنگی بانگ بێژی مزگەوتەکەم بیست و هاتمەوە سەرخۆم. سەیرمکرد لەمزگەوتەکەی دوزجەدام.»

« نازانم مامۆستا ئەم گەشتە خەیاڵ بوو یان نا، بەڵام هەوا پیرۆزەکەی ئەوێ کاریکردە سەر جگەرم. کەدەستم بەری کەوت هەستم بەگەرماییەکەی کرد.» منیش هەر ئەوەندەم توانی بڵێم: (محەمەدەکەم پیرۆزبایت لێدەکەم) دووبارە دەستمانکردەوە بەگریان. پاشماوەیەك وتی: « مامۆستا کۆمەڵێکی زۆر جیاواز هەبوون لە مزگەوتەکەدا »

پرسیارم کرد و وتم: کۆمەڵێکی چۆن؟

وتی: «تاقمێکی زۆر جیاواز بوون. هەتاکو ئێستا گرۆی مزگەوتی وام نەبینیوە. بەتایبەتیش لای ڕاستی مزگەوتەکەیان پڕکردبوو. هەموو یەك جۆر جلیان لەبەردابوو. بەئادابێکی لەڕادەبەدەر و جوانەوە نوێژیان دەکردوو و شێلگیرییان جێگای سەرنجدان بوو. یەکەمجار وا گومانم برد کە ئەمانە سەربە تەریقەتێك بن. بەلام وانەبوو. وەك بڵێیت لەنێو دیمەن و هەڵسوکەوتێکی زۆرتەواودا بوون کە لەسەررووی مرۆڤایەتییەوە بوون. ئەو چێژ و لەزەتەی کە لەناو ئەو نوێژەدا وەرمگرت، باس ناکرێت. ناخم پڕبوو بوو لەخۆشییەك کە دەستەوسانم لە پەسندکردنی، بەدرێژایی نوێژەکە گریام و وەستام.»

من نوێژێکی ئاوەهام نەبینیبوو بەکۆمەڵی واش نەگەیشتبووم... ئاوەها هەوایەکی مەعنەویم هەڵنەمژیبوو، محەمەد خۆی نەدەناسی، بەلام لەناخ و هەناویدا ڕووداوی زۆر پیرۆز و گەلێك بەرز قوڵپیان دەدا. هەموو ئەمانە ئاماژەیەك بوون بۆ بەرزبوونەوەی پلەی مەعنەویی محەمەد.

ئیدی تێگەیشتم کە ئەو لەگەڵ مەلائیکەت و وەلی و شەهیداندا نوێژیکردووە. بۆئەوەی زۆر هەستی محەمەد نەبزوێنم، دووبارە ویستم پەیوەندییەکە کۆتایی پێ بهێنم. دوایین ڕستەکانی محەمەد بۆ من ئەمانە بوون: «مامۆستا دوێنێ نامەیەکم بۆ نووسیت و بۆم ناردیت. تەمەن کورتە لەوانەیە یەکتر نەبینینەوە، گەردنم ئازاد بکەن

و دەستەکانتان ماچ دەکەم». منیش لەدڵەوە نزای خێر و ئاواتی بەرزم بۆ خواست و بەچاوی پڕ فرمێسك و بەدەروونێکی تەڕ و دڵی بەکوڵەوە تەلەفونمان داخست. وەك بڵێیت ئەم پەیوەندییە بۆ محەمەد کۆتا پەیوەندی و ماڵئاوایی بوو.

هەواڵی زەمین لەرزەکەی دوزجە وەك بۆمبێك کەوتە نێو ماڵەوە

نزیکەی پێنج یان شەش سەعات بەسەر پەیوەندییەکەماندا تێپەڕی بوو، لەگەڵ کاك نورالدین پالا و حەققی کەلایجی، کە بۆ سەردانیان چووبوومە (تورهاڵ) خوانی ئێوارەمان پێکەوە خوارد.

لەو کاتەدا سەعات هەشت بوو، هەواڵەکان پێشکەش دەکرا و، یەکەم هەواڵ هەروەك ئەوەی بڵێیت بۆمبایەك کەوتبێتە ناومانەوە هەژاندینی، ئەو هەواڵەی کە لەدوزجە بوومەلەرزەیەك بەپلەی (٧.٤) ڕوویداوە، تووشی شۆك بووم و لەشوێنی خۆمدا وشك بووم.

بێگومان یەکسەر محەمەدم هاتەوە یاد،کە پێنج تا شەش سەعات لەمەوبەر پەیوەندییەکی دەردەداریمان کرد و ئەسرینمان ڕشت و تەنانەت ماڵئاوایشمانکرد، وەك کاردانەوەیەکی کتوپڕ لەناکاو هاوارم کرد: (محەمەد).

ئەو هاوڕێیانەی کە پێکەوە لەسەرخوان بووین سەریان سوڕما، لەبەر کاریگەری هەواڵەکە، بابەتەکەم نەکردەوە و، بەهەموو نیگەرانی و ترسێکەوە سەیری هەواڵەکانم کرد.

ئاخ.. محەمەد ئاخ.. تۆ چەند مانگێکە وەك بەرەو شوێنێك هەنگاو هەڵبنێیت دەڕۆیشتی. (مردن و قەبر...) هەموو هەڵسوکەوتێکت، هەر قسەیەکت، گشت بایەخ و فرمێسکەکانت هێمای ئەم ڕاستییانەیان دەکرد. وەك بڵێیت هەوڵیدەدا ئەمە بەدەوروبەرەکەی ڕابگەیەنێت، یەکسەر دەستمدایە تەلەفونەکە بەڵام مەخابن بەهیچ جۆرێك نەمتوانی پەیوەندی بە محەمەدەوە بکەم، تا دوو ڕۆژ پاش بوومەلەرزەکە هیچ هەواڵێکم لەبارەی محەمەدەوە دەست نەکەوت، ناچار ڕۆژی سێهەم خۆم بەرەو دوزجە کەوتمە ڕێ.

ئەو دوزجەیەی کە من زۆر شارەزای بووم، بوو بوو بەگۆڕەپانی مەحشەر و کارەسات، کەس ئاگای لەکەس نەبوو کەسیش نەیدەزانی چی بکات، (بازێڕی هەڕاجی گیان) بەهەموو ئەو واتایانەی کە هەڵیدەگرێت لەوێ بەرجەستە بووبوو.

خانووە ڕووخاوەکان، کۆڵان و شەقامە بەربات بووەکان، کەل و پەلی پەرشوبڵاو، مرۆڤە بێنەواکان، کۆرپە بێلانەکان، قریشکە و هاوارەکان، شیوەنەکان، خۆگرتن چەند زەحمەتە!

ئەوانەش کە چووبوون یارمەتی و کۆمەکی خەڵك بکەن و چارەسەرێکیان پێشکەش بکەن، خۆشیان بێ چارە مابوونەوە و

کەوتبوونە بارێکەوە کە خۆشیان پێویستیان بەیارمەتی هەبوو، چونکە تابلۆکان ئەوەندە ڕووخێنەر و سوتێنەر بوون کە هەرگیز مرۆڤ نەیدەتوانی خۆی لەئاستیاندا ڕابگرێت.

لەنێوەندی ئەم شیوەن و شەپۆڕانەدا وتەکانی پیرە پیاوێك تروسکایی ئومێد و ئارامیان هاویشتە نێو دونیا تارەکەمەوە:

- پیرە پیاو: خودا بەخشی، هەر خوداش سەندییەوە، ئێمەش بەندەین، لەدونیای تاقیکردنەوەداین، إن شاء الله پاداشتەکەی لەدوارۆژدا وەردەگرین. کاتێك بەنێوان دار و پەردووەکاندا تێپەڕیم و گەیشتمە ماڵی محەمەد، بینیم خانووەکەیان تەختی زەوی بووە و تەپیوە، ئیدی ئەو ئومێدەی لەدڵمدا مۆڵیدابوو، نەما و چوو بەهەوادا، تۆ بڵێیت بەسەلامەت دەرچووبن ئاخر بەسەلامەت دەرچوون لەم شوقەیە چ گونجاوە؟! لەوێدا دۆش دامام .

لەکاتی زەمین لەرزەکەدا محەمەد نوێژی کردووە

سەیری ڕاست و چەپم کرد تاکو بزانم چی بەسەر دانیشتوانی شوقەکەدا هاتووە. پرسیم لەپیاوێکی پیر کە ناوی کەمال بوو: ئەم ماڵە قوتابییەکی منی تێدابوو ناوی محەمەد بوو. ئایا خۆی و خێزانەکەی چییان بەسەردا هاتووە؟ پیاوە پیرەکە بەهەڵکێشانی ئاخێکی قووڵەوە وتی: (مامۆستا مەپرسە) ئەو خێزانە جەرگی ئێمەیان سوتاند و ڕۆشتن. ئەم هەواڵە سوتێنەرە منیشی سوتاند. لەناکاو بروسکەیەك دای لە سەرم و وەك تەزوویەك هەموو گیانمی

سەرەوخوارکرد و بەوێنەی زەمین لەرزەکە هەژاندمی. بگرە ئەمە یەکەمجارە کە ببینم هەواڵی ناخۆش و سەخت ئابەو جۆرە مرۆڤ کلۆڵ و لاواز بکات. هەموو جەستەم لەناکاو بووبە ئارەق، کەواتە بەهەواڵی ناخۆش مرۆڤ ئارەق دەکاتەوە!

پیاوە پیرەکە بەردەوام بوو وتی:

من ئەو خێزانە باش دەناسم، خزمایەتییەکی دووریشمان هەیە، نزیکەی پێنج ساڵیش دراوسێ بووین. خێزانێکی زۆرچاک بوون بەتایبەتی محەمەد بەتەواوی بووبوو بەفریشتە، بەڵێ فریشتە، بەڵام هەموویان لەژێر ئەم دار و پەردووەدا گیانیان لەدەستدا.

کاتێك کە جەستەکان دەرهێنرانە دەرەوە منیش لەسەریان بووم، چاوی پیاوە پیرەکە لەناکاو هەروەك بەهارەکانی هەڵقوڵی و لەشوێنی خۆیدا چۆکی داداو وتی:

«ئای... کوڕم!» هەتا گەیشتوومەتە ئەم تەمەنە شتی وەهام نەبینیوە، سەرنجێکی چاوە تەڕەکانیمدا، تۆ بڵێیت چی بووبێت؟

مامە پیرەش بەردەوام بوو:

«کە گەیشتینە سەر لاشەکان، چیمان بینی؟ بەرماڵەکان ڕاخرابوون لەسەر زەوی و هەموو خێزانەکە لەسەر نوێژ و لەبەردەم خوای گەورەدا بوون. .

دوایەمین هەناسەکانیان لەسەر بەرماڵ داوە.." پیاوە پیرەکە خۆی پێنەگیرا و دەستیکرد بەگریان.

مەرگێکی ئاوا جوانم نەدیوە، شتی ئاوەها نەبینراوە، مردنی ئاوەها بەنسیبی هەموو کەسێك نابێت، ئەو خێزانە جیاواز بوون محەمەد لەو خێزانەدا بوو، محەمەد فریشتەیەك بوو، من گەنجی ئاوەهام نەبینیوە.

مامەی پیر فرمێسکەکانی سەر کولمە لۆچ و ژاکاوەکانی سڕی و کەوتەوە گۆ:

«محەمەد لەپێشەوە ئیمام بووە، جوببەی لەبەردا و مێزەری بەسەرەوە بوو، دایك و باوك و خوشك و براکەشی لەدواوەوە جەماعەتیان دەکرد. کتێبی ((وتەکان)) کە تەفسیری قورئانە و نوسراوی مامۆستا نورسییە بەدەستی محەمەدەوە بوو، پێدەچێت کە نوێژەکەیان کردووە بێئەوەی لەسەر بەرماڵەکە هەستابنەوە تەفسیری قورئانیان خوێندبێتەوە...»

بەگوێرەی وتەکانی مامەی ڕدێن سپی، کتێبەکەی دەستی محەمەد کراوەبووە و، محەمەدیش بەسەر کتێبەکەدا کەوتووە و بەشێکی سەرنج ڕاکێشی ئەو کتێبەی کردبووەوە کە (پەیامی حەشر) بوو، واتە بەشێك بوو کە لەمردن و ئەجەل و ڕۆژی دوایی دەدوا.....

واتە، خەڵکی ئەم ماڵە، بەنوێژ و تەفسیری قورئان کە دوارۆژی ڕوونکردووەتەوە، بەرەو پیری مەرگ ڕۆیشتوون و پێشوازییان لێکردووە.

بارێکی سەیر... دۆخێکی پەندئامێز

مامەی هەست ناسك بەردەوام بوو: كە گەیشتینە سەر تەرمـەكان و ئەو حاڵەتەمان بینی، فریاگوزاران، نزیك نەبوونەوە و وتیان:

«ئەمانە بەتەواوی شەهیدن، ئێمە بـەم دەسـتە پیسانە و بـەم بـێ دەستنوێژییەمانەوە دەستیان لێنادەین»

پاشان پیاوێكی بەدەست نوێژ و دینداریان بانگكرد، هات، باوەشی كرد بەجەستەكاندا و هەڵیگرتن، كتێبەكەشـی لـەنێوان هـەردوو قـۆڵی محەمەدا ڕاكێشا و بەئەسپایی دەریهێنا.

كاتێك گوێبیستی ئەم دیمەنـە هەسـت بزوێنانـە دەبـووم، هـەروەك مۆم لەتاوا دەتوامەوە و هـەموو جەسـتەم بووبـووە دیـدە و دیدەشـم لەتاو شینی دڵم شیوەنی دەكرد.

ئەی خوایە لێبووردن و چاودێریی و بەزەییت چـەندە سـەنگینە... بەرزترین مەقام، مەقامی شەهیدیت كردە نسیبـی بەندەیەكت كە تۆی زۆر خۆشدەویسـت، دەسـا خوایـە گیـان بمانكەیتـە شایسـتەی لێبوردەیی و میهری خۆت... آمین

ماڵئـاواییكردنی بەندەیـەك كـە خۆشەویسـتیی خـوای كردبـووە سەرمەشـقی ژیـانی، خواحـافیزیی كردنـی لـە ژیـان، شـادبوونی ئـەم بەندەیە بە ئەجەل و پاشەڕۆژ، بەڵگەیەكی سەرنج ڕاكێشە بۆ ئەوانەی كـە سـەرنج دەدەن یـان لانـی كـەم بەسـەرنجدان لەخـەوی بێئاگـایی ڕادەچڵەكن.

(خۆشویستنی خوای گەورە و بوونە بەندەی) چارەسەری هەموو گرفتێك و دەرمانی هەرتەنگی و ڕزگاربوونە لەکۆت و بەندی هەموو کارەسات و ناخۆشییەك.

محەمەدی دوزجەیی نموونەیەکی زیندوو و بەرچاوە نەك جارێك بەڵکو سەدان جار دەیسەلمێنێت کە چەمکی (ناسینی پەروەردگار و بوونە بەندەی ئەو) و بە کرداریکردنی دەبێتە کلیلی چارەسازی گشت ناهەمواری و تەنگییەکانی کۆمەڵگا، هەر لە یاخی بوون لەدەوڵەت و، سەرپێچی کردنی یاسا، ئاژاوە نانەوە، زیان گەیاندن بە ئەندامەکانی خێزان و کۆمەڵگا....

گرتنەبەری ڕێگەی چاکسازیی لەلایەن لاوێکەوە کە لەژیان بێزاربووبێت و گوێڕایەڵی یاسا و بنەماکان نەکات و، لەکۆمەڵگا یاخی بووبێت، دیارە کارێکی هەروا ئاسان نییە، هەربۆیە بۆ ئەوانەی کە توێژینەوەی کێشەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆی کۆمەڵگا دەکەن، بابەتێکی فرە وانەبەخش و کاریگەرە...

ئاشتکردنەوەی خەڵکی لەگەڵ یەکتردا، تەبایی دەوڵەت و میللەت، دروستکردنی کۆمەڵگایەکی لێبووردە، بۆ دوورکەوتنەوە لەناڵەی چەك و بۆنی خوێن و تراژیدیای جەنگ، پێویستە گرنگی بدرێت بەچاکسازیی پەروەردەی دڵ و هزر و مێشك، (بڕوابوون بەخوا و دواڕۆژ) ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەچەسپاندنی ئەم چەمکانە و بزواندنی هەستی خودکۆنترۆڵ لەمرۆڤدا. ئیدی لەوێشەوە ئەدگارەکانی

کەشێکی ئاسوودە و ژیانێکی لەبار بۆ هەموان بەدەردەکەوێت، خۆری ئاواتی مرۆڤایەتیش لەئاسۆکانی کامەرانیی و هێمنیدا هەڵدێت.

نموونەی زیندوویش محەمەد دوزجەییە.

ئەوکات کە دوزجەم بەجێهێشت، تەنها محەمەد نا بەڵکو دونیا و یادگارییەك وەك نوور دەدرەوشانەوە، هێندەی دەریا قووڵەکانیشیم بەجێ هێشت.

ئەو ڕووداوانەی کە ئەو بەسەریدا هاتن و ئەو تابلۆیانەی کە ئەو نەخشاندنی زریانێکی بێ ئارامییان لە دەروونمدا ورووژاند، ئیتر ئەو قوتابی من نییە، بگرە من قوتابی ئەوم، چونکە ئەو پلە و مەنزڵانەی کە ئەو پێیگەیشتبوون زۆرمەزن و بڵندبوون.

خوای گەورە بەهەشتی جاویدانی بکاتە جێگەی و لەدواڕۆژ و بەهەشتیشدا بەیەکترمان شاد بکاتەوە.

ئەو نامەیەی محەممەد ڕۆژێك بەر لەزەمین لەرزەکە ناردبووی

ئەوەی کە ئومێدی بەمن بەخشی و دڵی خۆشکردم و هەندێك لە پەژارەکانی لە بیربردمەوە، ئەونامەیە بوو کە بۆ منی نووسی بوو و ناردبووی. کاتێك هاتمە ماڵەوە نامەکەی محەمەدی ڕەحمەتی گەیشتبوو، بەجۆرێك وەك بڵێیت کە زۆر بەتاسەوە بمەوێت محەمەد ببینم، نامەکەم کردەوە، بەتەرزێکی زۆر هەستیار و پاکژ نوسرابوو،

نوسراوێك كه به نزا و سڵاو دهستپێكرد دهمهوێت ئهم نامهیه وهك بهڵگهی پهند و ئامۆژگاری پێشكهش بكهم:

بهڕێز، مامۆستای زۆر بهنرخم:

بهدڵێكی پڕخۆشهویستیی و دوعاوه دهستهكانت ماچ دهكهم، دهمهوێت ئهم نامه دوور و درێژهت لهقوتابییهكهوه پێشكهش بكهم كه زۆر چاك دهیناسیت. بێگومان ئێوهش زۆر دهمێك بوو دهتانویست نامهیهكی بهم جۆره لهبارهی ژیانی خۆم و بهخامهی خۆم بنووسم، مامۆستا كێ دهزانێت لهوانهیه دوا گفتوگۆمان بێت یان سهرهتای كۆتاییهكهی بێت، لهبهرئهوه دهمهوێت ناخم ههڵبڕێژم و ههندێك ئاسووده ببم. ئیدی ئهم قوتابییهی كه باش دهتناسی، زیاتر ئاشنای دهبیت و، بهم شێوهیهش ئهوهی كه بهڕێزتان دهتانهوێت ئهنجامی دهدهم، ههروهك لهپێشدا بۆ جهنابتانم باسكرد، ئێمه كۆچهرییهكی بولگاری بووین. له بولگارستان له (كرجائالی)دا دهژیاین. پارتی كۆمۆنیستی بولگاری بۆ گۆڕینی ناو و ڕواڵهته ئیسلامییهكان لهساڵی (١٩٨٥)هوه دهستیانكرد بهتهنگ ههڵچنین. هاوڵاتییانی ڕهسهنی توركی لهژێر ئهشكهنجهیدا بوون خهڵك لهتوانایدا نهمابوو خۆڕاگرێت، له ساڵی (١٩٨٩) هاتینهوه بۆ نیشتمانی خۆمان.

من ئهو كات تهمهنم پانزده ساڵان بوو، لهبهرئهوهی كه لهوهو پێش به توركی خوێندبووم، له پۆلی چوارمی سهرهتاییهوه وهریانگرتم، باوكم ههنگهوانێكی زۆر چاك بوو، خهریكی بازرگانی ههنگوین بوو

لەبەرئەوە زیاتر لە (چۆرلو)و ئەستەمبوڵ ماینەوە. ئەم چوار ساڵەی کۆتایی هاوینانیش لەدوزجە دەماینەوە، ئەگەرچی لەدوزجەش زۆر نەدەماینەوە، بەڵام زۆر خۆشم دەویست هەموو هاوینێك مانگێك، دوومانگ لەدوزجە دەمامەوە و، لەو پشووە کورتەدا ئاسوودەییەکی زۆرم بەدەست دەهێنا، لەبەرئەوە زۆر خۆشحاڵم کە پێم دەڵێن محەمەدی دوزجەیی.

من قۆناغی سەرەتاییم لە (چۆرلو) و ناوەندیشم لە ئەستەمبوڵ خوێندووە و چ لەچۆرلۆ و چ لەئەستەمبوڵیشدا ئەو شوێنانەی کە لێی دەماینەوە ناوچەگەلێکی دەوڵەمەندنشین بوون. هاوڕێکانی دەوروبەرم هەموو شتێکیان بەگاڵتە گرتبوو. یاخی و هەرزەکار و دژی هەموو یاسایەك بوون، لەبەرئەوەی کە دەرامەتیان باش بوو دەستکەوتنی هەموو شتێك لەلایان ئاسان بوو، کاتێك کە هەموو داواکارییەکانیان دەهێنرایە جێ، ژیانێکی بێ بەرپرسیارییەتی و تەوەزەلیان بۆ دروست بووبوو. نەخاسمە کاتێك لەقۆناغی ناوەندیدا بووم هەندێك مامۆستا بەرامبەر دین و دیندارەکان قسەیان دەکرد و ڕادەوەستان. باسیان لەوە دەکرد کە دین بیروباوەڕێکە مۆدێلی نەماوە و شتێك کە پێی بڵێن ئاخیرەت و لێپرسینەوە لەئارادا نییە و، مرۆڤیش لەم ژیانەدا دەتوانێت بەپێی ویست و کەیفی خۆی بژی و تەمەن بەسەر بەرێت، ئەو مامۆستایەشمان کە وانەی دینی دەوتەوە زۆر کەمتەرخەم و لاواز بوو، وەڵامی ئەو پرسیارانەی نەدەدایەوە کە

دەمان پرسی، تەنانەت وەڵامی مامۆستاکانی تریشی نەدەدایەوە کە بانگەشەی بیرۆکەی بێباوەڕیی و نکوڵیکردنی بەدیهێنەریان دەکرد، لەوانەشە لەو ماوەیەدا لەژێر فشار و چاو سوورکردنەوەدا بووبێت. بەم جۆرە لەناخمدا بۆشایی و بیرۆکەی بێباوەڕیی سەری هەڵدا، دایك و باوکیشم بەرهەڵستی ئەم دۆخەیان دەکرد، بەڵام کێ گوێ دەگرێت. بەبانگەشەی ئەوەی کە «مامۆستاکەمان باشتر دەزانێت» خۆمان دەپەڕاندەوە. بەو پێیەی کە خێزانەکەمان لەبولگارستانەوە هاتبوو، ڕابردوویەکی پتەوی ئیمانیمان نەبوو، بەم هۆیەوە لەهەستی ئاینی و بەها دینییەکان بێ بەش و خاڵی بووین.

کاتێکیش کە هاتینە ئامادەیی، ئەم بارە زیاتر پەرەی سەند، لەدەوروبەرماندا گروپێك هەبوون بەناوی «گەنجێتی بێ یاسا» ئەم گروپە سەرپێچی ژیان و گوێنەدان بەیاسا و پشتگوێ خستنی شتانی جددی و وڕکگرتنیان کردبووە دروشم و چەند هەرزەیەکی ناز و نوزکەر و جلوبەرگ و هەڵسوکەوتیان و قسەکردنیان و پەیوەندییان بەتەواوی سووك و بێڕێز و سەرنج ڕاکێشبوون.

سەرەڕای ئەوەی کە خێزانەکەم دارا نەبوون، کەچی من هەروەکو ئەوان دەژیام و لەم ڕووەوە لەگەڵ دایك و باوکمدا هەمیشە پرتە و بۆڵەمان بوو، ئەم دۆخەی من دایکمی زۆر دڵگران دەکرد و بەردەوام دەگریا. لەگەڵ باوکمدا هەموو پردەکانی لێك تێگەیشتنمان پساند، چەندەها جار منی لە ماڵەوە دەرکردووە، خەرجی نەداومەتێ، بەڵام

من هەر لە «گەنجێتی بێ یاسا» نەدەگەڕام، چونکە بەلامەوە ژیانی بەڕەڵایی و لێ نەپرسینەوە خۆش بوو.

کاتێك گەیشتمە دوا قۆناغی ئامادەیی، خۆم لە سەرۆکایەتی ئەو گرووپەدا دیتەوە، هەندێك لە وانەکان بەکۆششێکی کەمەوە و هەندێکی تریشیان بە هەڕەشەکردن لە مامۆستاکە دەردەچووم.

لێرەدا ئەو خاڵەی جێگەی سەرنجم بوو بریتی بوو لەو (گەنجیەتییە بێ یاسا)یەی کە سەرەڕای ئەوەی کە بێسەروبەرەیی و پەرشوبڵاو و، بێباوەڕ و ئاشووب سازبوون، کەچی لەناوەڕۆکدا هیچ ئامادەیەکی سەردەمی بوون و، پێشکەوتن خوازی و مەردییان لێنەدەخوێنرایەوە.

جا ئەو گەنجانەش کە بەکەسایەتییەکی پابەند بەدینەوە ناسرابوون و بەهەڵسوکەوت و هەستی جوانیان بووبوونە نموونە بۆ دەوروبەریان، لەتیروتوانجی گاڵتە و ڕابواردنی ئێمە ڕزگاریان نەدەبوو، جارێك بەدواکەوتوویی، جارێکیش بە پەڕگیریی و ناشارستانێتیی سەرمان دەخستە سەریان، ئەگەرچی ئەو برادەرانە، دەوڵەت و میللەتیان هەزارجار لەئێمە زیاتر خۆشدەویست، بێگومان ئەوکاتە ئەمە زۆر کەیف بەخش و کات بەسەربەربوو بۆ ئێمە.

دوای تەواوکردنی ئامادەیی، باوکم لەگەڵمدا سەودایەکی کرد و وتی:

- (یان دەچیتە زانکۆ یان بەهیچ جۆرێك چاوەڕێی پارە و خەرجی مەبە) سەیرم کرد بڕیارەکە جددییە و گلۆڵەکەم کەوتووەتە لێژی، چ

بۆ نەبڕینی خەرجییەکەم و، چ بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەدەوروبەری خۆمدا بهێنم و لەژینگەی جیاوازدا ڕابوێرم، مانگێك سەعیم کرد، زانکۆم بەدەستهێنا. هەزاران جار سوپاس بۆ خوا کە بەهۆی بەدەستهێنانی زانکۆوە کۆتایی بەژیانی ئاڵۆز و خراپیی من هات.

هەر کە هاتمە زانکۆوە لەگەڵ هاوبیرە نزیکەکانمدا گروپێکمان پێکهێنا، بەمەبەستی بەرپاکردنی زنجیرەیەك ڕووداو کە بگاتە ڕادەی دەرکردنمان لە زانکۆ. چونکە بۆشاییەکی وەها لەناخمدا هەبوو کە لە شەڕەنگێزی و بێزارکردنی خەڵك و پێشێلکردنی یاسا، لە هەڵسوکەوتی ناشیرین و دژ پەسەندی و بەدڕەفتاریدا چێژم وەردەگرت و حەزم لەو جۆرە ژیانەبوو. هەرگیز عەیبداربوونمان لەلایەن خەڵکییەوە بەگرنگ دانەدەنا. تەنها شتێك کە بیرم لێکردبێتەوە بێ یاسایی، ئازادی ڕەها و نەبوونی کۆسپ لەبەردەم حەز و ئارەزووەکانمدا بوو.

لێرەدا دەمەوێت هێڵ بهێنم بەژێر ڕاستییەکی تردا، لەڕاستیدا بەو سەرشێتی و ڕابواردنانەی بەناوی بەدەستهێنانی ئاسودەیی وکەیفی ژیانەوە دەمانکرد، ئاسودەییمان دەست نەدەکەوت، تەنها خۆمانمان هەڵدەخەڵەتاند، چونکە سەختترین ژیان ژیانی بێ ئامانج و بێ سەروبەرییە، چی لەوە کەیف ڕزێنتر و شادی ڕفێنترە کە ئادەمیزاد نەزانێت چی دەکات، بۆ کوێ دەچێت؟ بۆچی هاتووە و چۆن بژی؟!

تەنانــەت لــەکاتی –حاشــا– ئینکــاریکردنی خــوا و دیــن و ئاخیرەتیشدا، لەناخمدا شۆڵەیەکی ئیمان هەبوو کە نەمدەتوانی زاڵبم بەسەریدا و ڕێی لێبگرم. بەڵام هەوڵم دەدا ئەم شۆڵە ئیمانییـە زایەڵـە ناسکە نەبیستم و هەستی پێ نەکەم.

لەڕاستیدا هەندێك لەو پرسانەی کە لەمێشکمدا دەهاتن و دەچوون و سەرقاڵیان کردبووم لە هەندێك مامۆسـتا و کەسـایەتی ئـاینیم کـرد، جا لەبەرئەوەی وەڵامی ئەوان بـۆ مـن بـەو جـۆرە نـەبوو کـەمن دڵنیـا بکات، بۆیە ئینکاریی و بێباوەڕییم زیادی دەکرد.

دەموت: «کەواتە نییە، ئەگەر ببوایە وەڵامێکـی گونجـاو بەعـەقڵ و ژیرییان دەدامەوە»

بەڵام ناسینی تـۆ بـوو بەیەکـەم هـەنگاوی گەڕانـەوەم. ئـەوەی کـە زیـاتر کـاری لـە مـن کـرد ئـەوەبوو بەڕوومـدا نەهاتیتـەوە و لەئاسـت ڕەفتـاری زبـر و لاسـاریی بـێ پـەروای منـدا تـۆ شـێوازێکی نـەرم و هەسـتێکی بـەرز و خۆشەویسـتییەکی پـاك و ڕێزێکـی بـەرزت نوانـد، منیش ئەوکات زۆر شـەرمەزاربووم و لەناخـەوە هەسـتم بەخەجاڵـەتی دەکـرد، ئـەو هـەموو ڕێـز و بایەخـەی کـە لـەکاتی دەربڕینـی بیروبۆچوونەکانمدا بۆمنتـان دادەنـا، گوێبیسـت بوونتـان تاکۆتـایی و نرخاندنی بـیرو دیـدەکانم، هـەموو ئەمانـە بوونـە هـۆی دروسـتکردنی وابەستەگی و سۆزێك لەبەرامبەر ئێوەدا (مامۆستای ئـازیزم)، چـونکە بەهۆی هەڵسوکەوتە بێماناکانمەوە تاکو ئەو ڕۆژەش هیچ مامۆستایەك

بەڕوویــەکی گەشــەوە تەماشــای نــەکردووم و، بایــەخیان پێنــەداوم، بەهۆی ئەمەوە ڕووبەڕووی ڕەفتاری جیاواز دەبوومەوە.

بەتایبــەتی ناسـینی ئێـوە و بەشـداریکردنم لەگفتۆگۆکانتـدا، بوویـە مایەی هاتنە دونیای ژیانێکی نوێ، هەناسەیەکی سـەوز لەمەملەکـەتی هزر و دەروونمدا، دونیایەکی ناوازەبوو.

بەتایبەت لەیەکەم گفتۆگۆماندا پێشـەکییەکت باسـکرد کـە هــەرگیز لەبیرم ناچێتەوە.

(هەموو بوونەوەر هەرچـی لەناویدایـە هــەموو لەخزمــەتی مرۆڤـدان، هاوکاریی مرۆڤ دەکەن و بۆ ئەو ڕامهێنراون و، پاڵپشتیی بـوونی مـرۆڤ دەکەن، ئایا دەبێت بۆ چ مەبەست و ئامانجێك ئەو هەموو نیعمەتە بێ بەرامبەرانەی بەسەردا ڕژێنرابن)؟

ئەم پارچە بچووکەی کـە بەنموونەیـەك ڕازاندبووتــەوە وەك هــەورە بروسکەیەك دای لەمێشکم، وەك ئەوەی کە یەکەمجار بێت شتی وەهـا ببیستم و یەکەمجار بێت کە کەشفی مرۆڤ بکەم.

بەدوایدا ئەم پارچەیەتان خوێندەوە:

(مرۆڤ، پەت نەخراوەتە ملی و لەهەر شوێنێکدا بیەوێت گیـا بخـوات و بـێ خـاوەن بـەجێ نـەهێڵراوە، بـەڵکو وێنـەی هــەموو کردارەکـانی وەرگــیراوە و نوســراوە و، ئــەنجامی هـــەموو کردارەکانیشـــی بـــۆ لێپرسینەوە تۆماردەکرێت).[1]

١- خاوەنی ئەم چەند دێرە مامۆستا سەعیدی نوورسی یە.

ئەم برگەیە بەتەواوی وەڵامێك بوو بۆ ژیانی من و دووبارە منی هەژاندەوە. بە نموونەی ماناداریەوە ڕوونی دەكردەوە كە مرۆڤ بەڕەڵا و بێخاوەن نابێت و لەكۆتاییدا لێپرسینەوەی دەبێت. ئیتر سەرەتای گەڕانەوەم بەم جۆرە بوو. گفتوگۆكانمان و ئەو پەرتووكانەی لە ئێوەم وەرگرت، ئەو نزیككەوتنەوە گەرم و ستایش كردنەت، دڵی فەتحكردم. بەتایبەت لەیەكەم سەردانمدا بۆ ژوورەكەت و هەستانە سەرپێ و پێشوازیی لێكردنم، هاتنتان تا لای دەرگاكە لەكاتی خواحافیزیداو، پێشكەشكردنی چا بەدەستی خۆتان، وای لێكردم كە لەكاتی گفتوگۆكاندا زۆربەوردی و گرنگیدانەوە بە بابەتەكانی ئێوەوە پەیوەست ببم و شێوازی ڕووخۆشی و نزیكبوونەوەی دڵسۆزانەتان سەرنجی ڕاكێشام، ئاخر لەدونیا و ژینی مندا ئەمانە بوونێكیان نەبوو!

كتێبی «ئەو پیاوەی لە دووی خۆی دەگەڕێت» یەكێك بوو لەكتێبە هەرە بەنرخ وگرنگەكان، ئەم كتێبە بێ وێنەیە بوویە وەڵامگۆی زۆرێك لەو پرس و ئاڵۆزییانەی كە لەهزرمدا كەڵەكە ببوون. پێویستە هەموو گەنجێك ئەم كتێبە بخوێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر بكرێت، پێویستە بەفیلم پیشانی هەموو لاوان بدرێت.

بە خوێندنەوەی (پەیامەكانی نوور) بە هەموو واتایەك ڕێم كەوت لە ڕاستییەك.

من بەندەیەکم، من دروستکارم هەیە، لەسەر ئەنجامدانی هەر کارێك پاداشت وەردەگرم. ئەمە دیاریکردنێکی زۆر گرنگە بە بەڵگەی ژیریی و زانستیی و فەلسەفیی، بەجۆرێك کاریکردە سەر ناخم کە دەستمکرد بە نەفرینکردن لەو ژیانە بێسەروبەرەی کە بەسەرم بردبوو. زۆر زوویر و تووڕە بووم لەو مامۆستا و هاوڕێ و دەوروبەرەی کە منیان گەیاندبووە ئەم بارە. چونکە ئەوان ئێمەیان لەناوبردبوو.

بەڕاستی هیچ شتێك ئەوەندەی بەندایەتیکردن بۆ خوا و گوێڕایەڵیکردنی، ئاسودەیی و خۆشیی نابەخشێتە مرۆڤ، کڕنووش بردن بۆی و پشت بەستن پێی، داواکردن لەو، پەناگرتن بەو، ئاسوودەییەکی وا دەبەخشێت کە لە باسکردن نایەت.

ئای مەرگ، بۆ گەیشتن بەئاسودەییەکی وەها پەنامان بردە بەر کێ و چاوەڕوانی کۆمەکیمان لەچی دەکرد!

ئەمە زۆرباش تێگەیشتم کە تەبایی خێزان و کۆمەڵگا و دەوڵەت پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە باوەڕی مرۆڤەکانەوە و تەسلیم بوونیان و باوەڕبوونیان بە ئاخیرەت. ئایا کەسانێك کە باوەڕیان هەبێت بەوەی لەسەر بچوکترین هەڵە لێپرسینەوەیان لێدەکرێت، دەتوانن زیان بەکێ بگەیەنن؟ کام یاسایە پێشێل بکەن؟ چەك بەرامبەر کێ هەڵبگرن؟ دەستیان دەچێتە خوێنی کێوە؟ دەتوانن ئازاری کێ بدەن؟

ئەگەر لەکۆمەڵگادا پاشاگەردانیی و نائارامیی نادادگەریی و ستەم و پێکدادان هەبێت. ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤەکان ڕاستەڕێیان وێڵکردووە و لەبیریان چووە کە بەندەن، بۆچی هاتوون و نرخی هەموو ئەمانە دەدەن؟ کەواتە ئایا دەگونجێت مرۆڤ و کۆمەڵگا بەجۆرێکی دی بهێنرێنە ژێربار؟

من ئەمە بەڕوانین لەژیانی خۆم زۆرباش تێدەگەم.

گەورەترین کۆنترۆڵ و ئاسایش هەستی لێپرسینەوە و جڵەوگیریی ناو دەروونی مرۆڤ خۆیەتی. گەردوون لەپێناوی مرۆڤدا هاتووەتە بوون. ملیۆنەها نیعمەت و بەخششی ناو گەردوون بۆ مرۆڤ دەفراهێنرێت، گشت دروستکراوەکانی خزمەتی مرۆڤ دەکەن، باشە مرۆڤ لەئاست ئەم هەموو خەرجییە بێ بەرامبەرەدا چی دەکات؟ ئەرکی چی دەبێت؟ چۆن ژیانێك بەسەر دەبات؟ پەیوەندییەکانی، ڕەفتارەکانی و ئەرکەکانی دەبێت چی بن؟ دەی پێویستە ئەمانە بۆ لاوەکان باس بکرێت و کاریان بۆ بکرێت، پێویستە ڕوون بکرێتەوە تا مرۆڤ بزانێت چلۆن بەهاو ڕاسپاردەیەکی لەئەستۆدایە، ئەم پاداشتە چۆن و بەکێ دەدات؟

((پەیامەکانی نوور)) ئەو پەڕاوانەن کە من خوێندومنەتەوە و زۆر سوودمەندبووم لێیان و لەم سۆنگەیەوە لەبابەتەکان دەڕوانێت و بەها ئیمانییەکان بەم میتۆدانە شیکار دەکات.

لەبەر ئەمەیە کە ڕاڤەیەکی قورئانیی زۆر خوێندراوەیە.

سوپاس بۆ خوا، بەدیهێنەرەکەمم ناسی، تێگەیشتم لەئەرکەکانم، هەستم بەفانییەتی دونیاکرد. بینیم کەوا زۆر بەخێرایی لەشوێنی لێپرسینەوە و ڕۆژی لێپێچینەوە نزیك دەبمەوە، تەمەن کورتە، ئەرکەکانیش زۆرن، بۆیە پێویستە تەنها ساتێکیش بەهەدەر نەڕوات. هەموو کاتێك ڕووبەڕووی مردنێکم کە هەرکاتێك بیەوێت دێتەڕێم، پێویستە زۆرباش ئەو شتانە بزانم کە مردن لێم داوادەکات، دەبێت بزانم و بەپێی ئەوە خۆم ئامادە بکەم، هیچ کارێکیش لەمە گەورەتر نییە، لەوەو پێش زۆر لەمردن دەترسام، کاتێك یەکێك باسی مردنی بکردایە یەکبینە لەوشوێنە دوور دەکەوتمەوە، وەك ئەوەی بڵێیت بە ڕاکردن لە مردن قوتار دەبووم، یان بەدوورکەوتنەوەم جەللادی مەرگم لەخۆم دووردەخستەوە.

ئێستاکە مردنم زۆر خۆشدەوێت، بۆچی بترسم لەمردنێك کە من بەپێغەمبەری ئازیز ﷺ و هەزاران کەسانی پیرۆز دەگەیەنێت؟ چونکە وەك بدیع الزمان (سعید نورسی) دەفەرموێت:

« مردن بلیتێکە، جێ گۆڕکێیەکە، ژوانێکە مرۆڤ بە دۆست و خۆشەویستانی دەگەیەنێت ئایا هۆکارێکی لەمە جوانتر دەبێت؟ »

مامۆستای بەڕێزم، زۆر درێژەمدا بە نامەکەم و دەمەوێت بەو وتانە کۆتایی پێبهێنم:

من ئیمانم بەخوا و دوارِۆژ، قورئان و پێغەمبەر ﷺ هەیە و باوەڕم پێیەتی، مامۆستا ببە بەشاهیدی ئەم باوەڕەم.

ئەم نامەیەم بۆئەوە نوسیوە کە لەو دونیا لەبەردەم پەروەردگارمدا ببیتە گەواهیدەری ئیمانەکەم، دەسا شەرمەزارم مەکە، خوا ئێمە لەبەهەشتی بەریندا لەگەڵ هەزاران کەسانی پیرۆز و بەڕێزدا گرد بکاتەوە گەردنم ئازاد بکە، بەڕێزەوە دەستەکانت ماچدەکەم.

قوتابیت

محەمەد دوزجەیی

١٩٩٩/١١/١١

خەونێکی زۆر داچڵەکێنەر

کە بە محەمەدەوە بینرا

دوای کۆچی دوایی محەمەد، زۆرێك لەقوتابییەکانم کە خەویان بە محەمەدەوە دەبینی خەونەکانیان بۆ دەگێڕامەوە، یەکێك لەوانەی کە زۆر پەندبەخشەو شایانی تێڕامانە بۆتانی باس دەکەم.

یەکێك لەهاوڕێکانی محەمەد و لەهەمان کاتیشدا قوتابی من کە ناوی مستەفایە، خەو بەمحەمەدی خوا لێخۆشبووەوە دەبینێت. مستەفا دەگێڕێتەوە کە: لەخەونیدا لەگەڵ زانای زۆر بەڕێز (مامۆستا علی سەرت)دا کە لە(کرك خان) دەژیا پێکەوە دەچن بۆ گەشتێك. دەگەنە شوێنێك کە بێ وێنە و سەرسوڕهێنەرە، جوانی و خۆشی ئەوێ مستەفا لەهۆش خۆی دەبات.

دەپرسن ئەمە کوێیە؟

پێیان دەوترێت: (ئەم شوێنە شکۆدارە هی بەدیعوززەمان (سەعید نورسی و قوتابییەکانیەتی). بەگەرم و گوڕییەوە دەچنە ژوورەوە... پاش کەمێك لەبەردەم کۆشکێکی زۆر مەزندا ڕووبەڕووی جەنجاڵییەك دەبنەوە، کە سەیردەکەن لەبەردەم جەنجاڵییەکەدا (بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی و قوتابییەکانی)...

مامۆستا نورسی زۆر گرنگی دەدات بە مامۆستا علی سەرت، بە مستەفاش دەڵێت: (بەخێربێیت مستەفاکەم)، ئەوجا دەست دەهێنێت

بەسەریدا، لەتەنیشت مامۆستا نورسیدا قوتابییەکانی بەناوی: زوبەیر گوندوزالپ، بەیرام یوکسێڵ و، خولوسی یەحیاکیل بەدی دەکران. لەوکاتەشدا محەمەد دوزجەیی دەردەکەوێت.

محەمەد دوزجەیی لەتەنیشت زوبەیر گوندوزالپ وەك بڵێیت خۆی دابێتە پەنای ئەو، چاوەڕێی دەکرد، کە محەمەد لەوێ مستەفا دەبینێت بارەشی پێدادەکات، قوتابییەکەی مامۆستا نورسی (زوبەیر گوندوزالپ) بەئاماژەکردن بۆ مامۆستا (علی سەرت) بە محەمەد دوزجەیی دەڵێت: « سەیرکە محەمەد، ئەم زاتە کەسێکی زۆر زانا و بەڕێزە، لەهەمان کاتیشدا مامۆستای مامۆستاکەتە ».

محەمەد دوزجەیی بەدڵگەرمییەوە دەستی مامۆستا (عەلی سەرت) ماچ دەکات و سڵاو دەنێرێت بۆ مامۆستاکەی. مستەفا دێت بۆلای محەمەد دوزجەیی و دەڵێت: (ئێمە زۆر نیگەرانی تۆ بووین و زۆر گریاین بۆت زۆر خەفەتمان خوارد بەکۆچی دوایی تۆ و خێزانەکەت) محەمەد دوزجەیی لەوەڵامدا:

– هەمووکەس بەمنیان دەوت مردووە، سەیرکە من نەمردووم ئێمە هەموو پێکەوە (بەخێزانی) هاتووین بۆ سەردانی مامۆستاکەمان بەدیعوززەمان (سەعیدی نورسی) خێزانەکەشم لێرەیە. ئەم وەرزە لێرە بەسەردەبەین ودووبارە دەگەڕێینەوە.

« سەلام بگەیەنە هاوڕێیان، مامۆستاکەم. ئێمە نەمردوین، دەژین، زۆر بیریان دەکەم دووبارە دەگەڕێینەوە و بەیەکتر شاد دەبینەوە.»

لەم کاتەدا کە لەگەڵ محەمەددا دەدوێت، مستەفا بەخەبەر دەهێنرێتەوە.

بەم بەسەرهاتی گەنجە کە ژیانی بەڕابواردن و ئینکاریکردن بەسەردەبرد، دوای ئەوەی کە قورئان و ئیمانی ناسی بوویە کەسێکی سوودبەخش بۆ کۆمەڵگە و گەڕایەوە و شەهید بوو. دواتریش هاوەڵێتی کێی بووە بەش و بوویە هاوگەشتی کێ؟ دیارە وانەیەکی پڕ لەپەند و ئامۆژگارییە بۆ ئێمە کە دەژین. ئەم وانەیە، پێویستی سەرەکی و بوژێنەرەوەی پڕ بایەخی گشت لایەکمانە.

نامەیەکی بەهەند دەربارەی محەمەد دوزجەیی

من وەك مامۆستای محەمەد دوزجەیی، چەند نیگەران بووم، هاوەلانیشی ئەوەندە و ئەوەندە دلگران بوون، دوای مەرگەساتی محەمەد و خێزانەکەی لەڕووداوی زەمین لەرزەکەدا، هاوڕێیانی پرسە و سەرەخۆشی خۆیان ئاراستەی من دەکرد، بەوپێیەی کە مامۆستایان بووم هاوخەمی خۆیان دەردەبڕی، پەیوەندی تەلەفونی بەجۆش و نامەی هەست بزوێن و ناخ هەژێنم بۆ دەهات سەبارەت بەشەهیدبوونی محەمەد لەژێر دار و پەردووی ڕووخاودا، کە هەر هیچ نەبێت دەمەوێت یەکێك لەو نامانەتان وەك نموونەیەکی بەڵگەداری پەندئامێز بخەمە پێش چاو.

باوەڕم وایە، لەخوێندنەوەی ئەم نامەیەدا، خۆتان جارێکی تر دەخەنەوە بەر لافاوی ئەم هەستە و تەوژمەکانی، ئەویش جارێك

بەرەو ئەم کەناری پەندە، جارێکی تر بەرەو ئەو ڕۆخی پەژارەیە سەمای شین و قوڵپی دەروون دەسازێنێت. جارێکی تر فرمێسکە محەمەدییەکانتان لەزیندانی دیدەتانەوە بەرەو گۆناتان دەردەپەڕێت و سەرلەنوێ خانەی ئازادیی لەدوتوێی هەر ئەسرینێکدا محەمەدێکی تازە سەردەردێنێت.

بۆ زۆر گەورە و بەڕێزم مامۆستا خالید:

جەنابتان وەك یەکێك لەو مامۆستا دەگمەن و ناوازانەی کە لەژیانمدا لەناخمەوە ڕێزی بێ پایانم هەیە بۆیان، لەگەڵ ڕێز و حورمەتمدا دەستەکانت ماچ دەکەم، هەوڵمدا سۆزەکانم، هەستەکانم، ئازارەکانم و سەرسوڕمانەکانم بەتەلەفونێکی درێژ پێبگەیەنم، بەلام بەدرێژایی گفتوگۆ لەبەر قوڵپەی گریان نەم دەزانی کە چیم باسکردووە.

ئەو یادگارییانەی کە هەوڵمدا بۆتانی باس بکەم، لەسەر ویستی خۆت، تاکو ببێتە نموونە بۆ کەسانی تریش لەسەر کاغەز دەینووسم. داڕشتنی ئەم یادگارییە لەسەر کاغەز زۆر گرانە چونکە ناتوانم ببمە بەریەست لەبەرامبەر ئەو هەستانەی کە لەقولاییەکانی ناخمەوە هەڵدەقوڵێن و ڕێگریش لەسێلاوی ئەسرینەکان ئەستەمە و زیاتر لە ئەستەمە. دڵنیام ئەگەر خوا مرۆڤ لەحاڵەتی وەهادا بژیەنێت، پێویستە بۆ وانە و پەند لێوەرگرتن بێت. ڕووداوی محەمەد دوزجەیی تەنها بەسەرهاتی گەڕانەوە و وەفاتی نییە، ئەو ڕووداوە ئەوەندە

پەنددار و، ئەوەندە کاریگەر و سوتێنەر و ناخ هەژێنە کە هەرکەس گوێی لێڕاگرتایە و ببوایە بەشاهیدیان و، لەنزیکی ڕووداوەکەوە بوایە سوێی دەبووەوە و لەهۆش خۆی دەچوو.

مامۆستا ئێوە دەزانن کە من هاوڕێی پۆلی محەمەد بووم، بۆ ماوەیەکیش لەسەر هەمان مێز دادەنیشتین، واتە من یەکێك بووم لەو هاورێ نزیکانەی کە زۆر باش دەمناسی و لەنزیکەوە چاودێریم دەکردو ئاگام لەگەڕانەوەکەی بوو.

محەمەد دوزجەیی هاوڕێیەکی کۆچەریی بولگارستانمان بوو، خاوەن جەستەیەکی بەهێز و بونیادێکی پتەو بوو، زۆر چاو کراوە بوو، قسەی نەدەخواردەوە و شەڕەنگێزبوو، زۆر سەرەڕۆیی دەکرد، بێ باوەڕێکی تەواو بوو، لەڕووی باوەڕەوە هیچ شتێکی نەبوو، زۆر بەئاشکرا دەریدەخست کە ئایینی خودا نییە پێویستیش بەو ئایینە ناکات. کاتێك ئێمە سەرمان دەخستە سەری دەیوت:

«قسەی زل و پوچ مەکەن، هەوڵدەن قایلم کەن» و ئێمەی شەرمەزار دەکرد. زۆری دەخوێندەوە، زانست و ڕۆشنبیریی زۆر زیادبوو، بە تایبەتی کاتەکانی خوێندنەوەی بە موتالاکردنی پەرتووکە فەلسەفییەکان بەسەردەبرد. هەندێ مامۆستا و هاوڕێی بوونە هۆی ئەوەی کە وا بە بێ ئیمان و بێباوەڕ پێبگات، بەڵام زۆر مەرد و قسە ڕاست و هاوڕێیەکی زیرەك بوو. تا بڵێیت کەسانی دەوروبەری زۆربوون، بیروبۆچوونەکانی لەدەوروبەرەکەیدا بڵاودەکردەوە، من

لەگەڵ خۆیدا چەندەها جار بەشەڕ هاتووم. مامۆستا، وەك دەزانن من هەم کاردەکەم و هەم دەخوێنم، چەند ساڵ لەخوێندن دواکەوتم. وادەزانم کە لەتەمەندا لەمحەمەد گەورەتر بووم، لەبەرئەوە بەرامبەر بەمن هەندێك ڕێزی دەنواند، تۆی زۆر خۆشدەویست، لەهەموو دەرفەتێکدا پەسەندیی و سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕی و دەیوت:

ئەو کەسەی کەدەبێت بەمامۆستا و بۆچوونەکانی دەرببڕێت و گفتوگۆ دەکات مەرجە وەك مامۆستا خالید بێت. لە یەکەم وانەدا تێ نەگەیشتین کە بۆچی پشتیوانیی محەمەدتان کرد و ستایشتان کرد، بۆچی بێدەنگ بوون بەرامبەر بەڕووبەڕووبوونەوە ڕەقەکەی؟ ئینکارییەکەی و بیروبۆچوونە بێباوەڕییەکانی، بۆچی نەتانشکاند و بێدەنگتان نەکرد؟ دواتر تێگەیشتین، هەستمانکرد کە ئەمە شێوازێکی زانستییانەیە، سەرەتا بە ستایشکردنی دۆستایەتیتان دروستکرد و دواتریش ڕاستییەکانتان تێگەیاند، لەئەنجامدا بەدەستتان هێنا بۆکۆمەڵگا و دین.

گەڕانەوەی محەمەد دوزجەیی زیاتر کاریگەریی لەسەر پۆلی ئێمە هەبوو. ئەگەر لەبیرتان بێت زۆربەی کچە هاوڕێکانمان بوونە باڵاپۆش، هەندێك لە هاوڕێیان دەستیانکرد بەنوێژ، بەتایبەتی ئەوانەی کە پێشتر بیروباوەڕیان هەبووە، بەڵام ژیانیان زۆر چاك و ڕێك نەبوو. ئەم ڕووداوە زۆر کاری لێکردن. ڕوویەکی ڕووداوەکەی محەمەد دوزجەیی

لەمن دەڕوانێت، لەڕاستیدا دەمویست ئەم بابەتە لەگەڵ ئێوەدا باس بکەم گەورەترین یادگاری ژیانم ئەم بەشەیەتی:

مامۆستا، کاتێک هاتم بۆ زانکۆ، تازە ژنم هێنابوو خێزانەکەشم وەکو خۆم فەرمانبەر بوو، لەبەرئەوەی کە خۆم کەمێك باوەڕم هەبوو دەمویست خێزانەکەشم پەرستشەکان ئەنجام بدات، بەڵام خێزانم بەهیچ جۆرێك نەدەچووە ژێرباری فەرمان و پەرستشەکانی پەروەردگار، بەو هۆیەوە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە لەماڵماندا بە نائاسودەیی و ئاژاوەوە دەژیاین، چەندەها جار لەلێواری جیابوونەوە گەڕاینەوە، لەهەموو نوێژێکمدا لەخوا دەپاڕامەوە و بۆ ڕزگارکردنی ئەم هێلانەیە نزام دەکرد، ئیتر ڕووداوەکەی محەمەد دوزجەیی وەکو حەزرەتی خزر فریای ماڵی ئێمەش کەوت.

ڕووداوێکی باوەڕ پێنەکراو ڕوویدا...

لەگەڵ هاوسەرمدا لە (٢٩)ی نیسانی (٢٠٠٠) ڕۆژی شەممە بڕیارماندا کە بۆ گەڕان بچینە باخچەیەکی گشتی، کاتێك ڕووەو باخچەکە ڕۆیشتین بۆ کڕینی ڕۆژنامەیەك چوومە بینای ڕۆژنامەکەوە، لەوێ چاوم بە (حیلمی دوزگون) کەوت کە هاوڕێیەکی پۆلم بوو، مامۆستا ئێوەش لەبیرتان دێت؟ لەدەستیدا کتێبێك بەناوی (ژیانێکی نوێ) دەبینرا کە بەرهەمێکی تازەی ئێوە بوو دەرچوو بوو و وتی: جەمیل لەم کتێبەدا مامۆستا خالید باسی ژیانی محەمەدی کردووە، زۆر کاری تێکردووم، کاتێك ناوی محەمەدی برد زۆر بەپەرۆش بووم ،

وتم:(ئەگەر خوێندوتەتەوە بێنە با منیش بیخوێنمەوە)، کتێبەکەم وەرگرت، لەناو پەرۆشیمدا ڕۆژنامەکرینم لەبیرچوویەوە و گەڕامەوە بۆلای خێزانەکەم. چەندەها جار باسی محەمەد دوزجەییم بۆ خێزانەکەم کردبوو تاکو هەندێك کاریگەریی هەبێت لەسەری، بەڵام هیچ بایەخی نەبوو. کتێبەکەی لە دەستم وەرگرت، سەرەتا ژیانی ئێوەی خوێندەوە. دوای ئەوەی کە قەناعەتی هێنا کە جەنابتان مامۆستایەکی خاوەن بەرهەمانێکی گرنگ و سەرکەوتوون ئەوجا هاتەسەر محەمەد دوزجەیی، منیش بۆ ئەوەی گرنگیی پێبدەم، وتم: بەدەنگی بەرز بیخوێنەرەوە با پێکەوە سوودمەند ببین منیش تامەزرۆیم، شتانێکی زۆر هەن کە نایانزانم، هاوسەرم بەدەنگی بەرز دەستیکرد بەخوێندنەوە، منیش گوێم لێڕاگرت و لەناخیشمدا دەپاڕامەوە و دەموت: (خوایە کاریگەریی لەسەر هاوسەرم درووست بکە، ئەویش بەئاگا بهێنەرەوە و هێز بەئیمان و باوەڕی بدە)

ڕووداوی محەمەد دوزجەیی ئەوەندە پڕپەند و وانە بوو کە نەدەکرا کاریگەریی خۆی نەبێت؟

لەگەڵ خێزانمدا پێکەوە دوای ڕووداوەکان کەوتین، من تەماشای ئەوم دەکرد چاوەکانی تەڕ بووبوون، ئەویش تەماشای منی دەکرد چاوەکانم تەڕ بووبوون. بۆ یەکەمجار خێزانم بینی بەرامبەر ڕووداوێکی ئیمانیی کاریگەر بێت و لەخۆشیدا بەردەوام بووم لەپاڕانەوە لەخوا، ئاخر چۆن پێم خۆش نابێت، چۆن خۆشحاڵ نابم

مامۆستا، ئەوەندە مەبەستم بوو کە فەرمانەکانی خوا و پەرستشەکان ئەنجام بدات کە ناتوانم باسی بکەم.

بەڵام بۆئەوەی کاردانەوەی لا دروست نەبێت، هیچم نەوت، با خۆی بۆخۆی ڕووداوەکە هەڵسەنگێنێت، خوای گەورە دوعاکانمی قبووڵ کرد. محەمەد دوزجەیی تەنها بە شەهید بوون و ڕزگارکردنی پاشەڕۆژی خۆی نەوەستایەوە، بەڵکو ئاسودەیی و خۆشگوزەرانیی ماڵی ئێمەشی ڕزگارکرد. دووەم ڕۆژ واتە (٣٠) نیسان (٢٠٠٠) بەرەبەیانی ڕۆژی یەك شەممە بۆ یەکەمجار هاوسەرم وتی: (هەستە جەمیل بانگە)و منی بەئاگا هێنا، هەستام دەستنوێژم گرت، دواتر خۆیشی بەدوامدا هات بەجۆرێکی چاوەڕوان نەکراو، وتی: (جەمیل منیش نویژ دەکەم)، ڕۆیشت بۆ دەستنوێژگرتن. ئەی پەروەردگاری مەزنم، ئەمە چ سۆزێکی گەورەیە، ئەمە چ خۆشییەکی لەستایش نەهاتووە؟! لەپەرۆشیدا دەست و قاچم بەیەکدا هات و لەسەر قەنەفەکە دانیشتم و دەستمکردە گریان.

ئەی خوایە هەمیشە گریانی خۆشی لەم جۆرە بکەیت بەنسیبمان، چەندەها ساڵە ئەو ئاژاوە و دڵتەنگییەی ماڵەکەمانی داگیرکردبوو، بەهۆی کاریگەریی ژیانی پەندار و پڕسۆزی محەمەد دوزجەییەوە گۆڕا بۆ لانەیەك لەسۆز، خانەیەك لەمیهر و کامەرانیی. مامۆستا، چەند دوعا بۆ ئێوە بکەین، ئەوەندەش دوعای میهر و بەخشندەیی بۆ محەمەد دەکەین، ئەو ژیا، شەهید بوو، ڕۆیشت، بەڵام ئەو

یادگارییانەی کە لەدوای خۆی بەجێی هێشتوون ئاراستەی مرۆڤـەکان دەکات و بەردەوامە لەگۆڕینی ژیانی ئەوانیشدا.

مامۆسـتا دەخـوازین لـە کۆتـایی هەفتەیەکدا کـە کاتتـان هـەبێت میوانـداریتان بکـەم، ئەگـەر کاتمـان بـۆ تـەرخان بکـەن زۆر دڵخـۆش دەبین، دەستەکانت ماچ دەکەین، لەگەڵ هاوسەرم نیازمەندی دوعـای خێرتانین.

جەمیل ئاکتاش

٢٠٠٠/٥/١

پێڕست

پێشەکی ٣
ساڵی نوێی خوێندن دەستی پێکردەوە.............. ٥
هەر لە یەکەم وانەدا ڕووداوێکی سەیر ٧
بۆچی منت پاراست؟! ١٥
فەلسەفەی بێ یاسایی گەنجێتی ١٩
وانەی دووەم.. ٢٥
مرۆڤ چییە؟.. ٢٩
ئایا مرۆڤ دەتوانێت بەعەقڵی ڕاستیی بدۆزێتەوە؟ ٣٢
ڕێزم لە محەمەد دەگرت ٣٩
من بۆ چێژ و کەیف دەژیم ٤٢
ئایا ئەو زاتە بەخۆڕایی هەزارەها نیعمەتمان دەبەخشێت............ ٤٧
محەمەدم بانگهێشت کرد ٥٠
پێویست بوو بەپێی نەخۆشییەکە دەرمانی پێشکەش بکرایە....... ٥٣
گەردوون سەرەتایەکی هەیە کەوابێ کۆتاییشی دەبێت............. ٥٦
ئایا ئەم سیستەمە خۆی لەخۆیەوە دەبێت؟ ٦٣
ئایا سروشت دەتوانێت گەردوون دروست بکات؟ ٦٨
خوای گەورە دونیای بۆچی دروستکردووە؟ ٧٣
ئێسك و پروسکەکان چۆن زیندوو دەبنەوە؟ ٨٣

خوای گەورە ﷺ پێویستییەکی بەبەندایەتی ئێمە هەیە کە داکۆکی لەسەر دەکات و دەفەرموێت: (خواپەرستیی بکەن)؟ ٨٨
ئایا ئێمە مەحکومی قەدەرین؟ ٩٥
وەڵامەکان زۆر کاریگەرن ١١٠
محەمەد زۆر بەخێرایی دەگۆڕدرا............................ ١١٥
ئیتر چاوەڕێی مژدەیەکم لێدەکرد.............................. ١١٨
کارەساتی بەسەرهاتووی محەمەد و میوانێکی ڕازئامێز............. ١٢٣
محەمەد دوزجەیی بوو بەکەسێکی جیاواز ١٢٧
ئایا بەناوی ئایینەوە کۆمەڵ کوژیی دەکرێت؟ ١٣٣
بەرنامەی ڕۆژێکی محەمەد.................................. ١٣٩
ئەو ڕووداوە سەیرانەی کە محەمەد لەڕۆژی بومەلەرزەکە، لەنوێژی هەینیدا تیایدا ژیا ١٤١
هەواڵی زەمین لەرزەکەی دوزجە وەك بۆمبێك کەوتە نێو ماڵەوە . ١٤٧
لەکاتی زەمین لەرزەکەدا محەمەد نوێژی کردووە.................. ١٤٩
ئەو نامەیەی محەمەد ڕۆژێك بەر لەزەمین لەرزەکە ناردبووی ١٥٤
خەونێکی زۆر داچڵەکێنەر کە بە محەمەدەوە بینرا................ ١٦٧
نامەیەکی بەهەند دەربارەی محەمەد دوزجەیی.................... ١٦٩
پێڕست ١٧٧

DÜZCELİ MEHMET

HALİT ERTUĞRUL

"محمـدی دوزجەیی" بەسـەرهاتی گەنجێکە کە لەسـەرەتای ژیانیدا لەنێـو گێـژاوی بێبـاوەڕی و گومڕاییـدا دەژی، بـەڵام دوای ئـەوەی کارەسـاتێکی بەسـەردا دێـت، دەبێتـە خاڵـی وەرچەرخان لـە ژیانی ئەو گەنجەداو لە بێ باوەڕی و ئامانجی دنیایی ڕزگاری دەبێت.

ئـەو کارەسـاتە بەتـەواوی ژیانـی ئـەو گەنجـە دەگۆڕێـت، دەبێتـە کەسێکی جیاواز ، ژیانێکی پەری ئاسا بەسەردەبات.

بەتـەواوی تێڕوانینـی بۆ ژیـان و ڕووداوەکان دەگۆڕێـت، بەجۆرێك کـە هەمـوو ڕۆژانی ژیانـی بە پەرسـتش و تەوبـە و داوای لێبوردنەوە بەسـەردەبات. جـا بـە خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە، هـەم چارەسـەری کێشـەکانی گەنجـان دەدۆزیتـەوەو هـەم لـە جـۆش و خرۆشـی ڕووداوەکانیـدا تاسـەمەند ئەبـی و چەندیـن وانـەی بیرنەچـوو و سوودبەخش فێرئەبیت.

ئـەم بەرهەمـە هەوڵێکە بـۆ لە ئامێزگرتنـی هەموو ئـەو گەنجانەی کە ئیمانیـان لەدەسـت داوە، لـە ژیـان تـۆراون و لـە کۆمەڵـگا یاخـی بـوون، هەنگاوێکـە بـۆ گێڕانەوەیـان بـۆ نێـو کۆمەڵگا و چاکسـازی کردن لە تەکیاندا.

ISBN 0-0002-0000-X

9 780000 200006

نرخی (٣٠٠٠) دیناره

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

ARA Media Center

www.aramediacenter.com

info@aramediacenter.com